# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٥٤)- (٢٠)ی شوباتی ٢٠٢٣


## بەشداریی نێچیرڤان بارزانی لە کۆنفرانسی ئاسایشی جیهاندا و مسرور بارزانی لە لوتکەی حکومەتەکانی جیهاندا

# پێگە و شکۆی هەرێمی کوردستان لە کۆڕ و کۆنفرانسە جیهانییەکاندا






# دوای شەڕی ناوخۆی ١٩٩٤

# ڕێکخستنەوەی هێزەکان لە سلێمانی و هەڵەبجە و هەورامان

## ٥٥

بەمەبەستی پەردەپۆشکردنی شکستەکانی، یەکێتی هێرشێکی گەورە و بەربڵاوی کردە سەر هێزەکانی پارتی لە سلێمانی و هەڵەبجە و هەورامان دوای داگیرکردن و تاڵانکردنی بارەگای هەردوو لقی چوار لە سلێمانی و لقی سێ لە دەربەندیخان لەلایەن یەکێتییەوە، ژمارەیەک کادیر و بەرپرس بە دیل گیران، بەڵام بەشی زۆر لە کادیرە حزبی و سەربازییەکان خۆیان دەربازکرد و خۆیان گەیاندە دەڤەری هەورامان و هەڵەبجە وەک: فەرەیدون جوانرۆیی، فائقە ڕەش، خاڵە عەفان و محێدین ڕەحیم. نادر هەورامی ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوی بینی لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکان لە ناوچەکەدا، دواتریش عارف تەیفوور ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ بەرپرسیاریەتی ئەو دەڤەرە دەستنیشانکرا.

دوای گەیشتنەوەیان بە سنوورەکە دەست بەڕێکخستنەوەی حزبی و سەربازی کراو بە فەرماندەیی نادر هەورامی و هەوڵی کادیرە حزبی و سەربازییەکانی شارەزوور و شەمێران و نەوڕۆڵی و هەورامان و پێنجوین بە هەماهەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیدا هەڵەبجە و هەموو ناوچەکە لە هێزەکانی یەکێتی پاککرایەوە و تا نزیک سەید سادق پێشڕەوییان کرد. لە ئەنجامدا هێزەکانی یەکێتی لە ناوچەکە دوور خرانەوە و ناوچەکە بە تەواوی کەوتە دەست پارتی و بزووتنەوەی ئیسلامی.





کتێبی (مندلي سحر المكان و عبق الزمان) بە زمانی عەرەبی لە نووسینی (حوسێن فەیزوڵڵا مەندەلاوی) بە(٥٠٦) لاپەڕە کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە. ئەم کتێبە چەندین بەش لەخۆ دەگرێت و بیرهێنانەوە و یادگارییەکی مێژوویی ئەم شارە فەرامۆشکراوەیە، ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی دەڤەرەکە بەدرێژایی یەك سەدە ڕوون دەکاتەوە، بەتایبەتی کە لەلایەن حکومەتەکانی عێراقەوە پشتگوێ خراوە، حەوت بەشی ئەم کتێبە هەر یەکەیان تەوەرێك لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان تایبەتە بەلایەنی جوگرافی و مێژوویی شاری مەندەلی بە خاك و ڕووبارەوە.


دووەم بەشی ئەم کتێبە بۆ شوێنەوار و قۆناغە مێژووییەکانی شارەکە بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو بە پشتبەستن بە کتێب و سەرچاوە تەرخانکراوە، بەشی سێیەمیش لایەنی سیاسی دەگرێتەوە، نووسەر باس لە شەپۆلی شیوعییەت دەکات لەم شارەدا و لیستێکی بە ناوی کەسایەتییە شیوعییەکان بە زنجیرە بڵاوکردووەتەوە.

نووسەری کتێبەکە چوارەم بەشی تەرخان کردووە بۆ ڕاو بۆچوونی تایبەتیی خۆی سەبارەت بە کوردستانییەتی مەندەلی کە ڕێگە و بەڵگەی زانستی و پیشەیی دەیسەلمێنێت ئەم شارە کوردستانییە، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ژمارەیەکی زۆری کەسایەتیی شارەکە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا بەشدار بوونە و وەك پێشمەرگە خەبات و تێکۆشانیان کردووە، هەر لەم بەشەشدا لیستێك بە ناوی پێشمەرگە و شەهیدان نووسراوەتەوە.

مامۆستا حوسێن فەیزوڵڵا مەندەلاوی لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەیدا ئاماژە بە لایەنی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی ڕەسەنی خەڵکی ئەم شارە دەکات و لیستێکی بە ناوی پیاوانی ئایینی و عەشیرەت و سەرۆکەکانیان و شاعیر و نووسەر و کەسایەتییە ڕۆشنبیرییەکانی نووسیوە، لە بەشی شەشەمدا یاسی بوارەکانی کشتوکاڵ و شوێنەوار و گەڕەکە کۆنەکان و جووتیاران و خانووە کۆنەکان و گەرماو و سینەما و گۆڕستانەکانی مەندەلی دەکات.

دوابەشی کتێبەکە چەندین نووسراوی هەمەجۆری بیرەوەریی هاووڵاتییانی مەندەلی لەبارەی شارەکەو کەسایەتی و ڕووداوەکان لەخۆدەگرێت. جگە لە کۆمەڵێك وێنەی هەموجۆری شارەکە.

شایانی باسە لە ڕێورەسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی بەڕێز فازڵ میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی پارتی و پەرلەمانتاران و میدیاکاران کتێبی (مندلي سحر المكان و عبق الزمان) ناسێنراو بەسەر ئامادەبواندا دابەشکرا، لە کۆتاییدا بەڕێز بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی ئاماژەی بەوە کرد کە دوای ڕاوێژ لەگەڵ د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەچاك زانرا کە ئەم کتێبە لە عەرەبییەوە بکرێت بە کوردی.






# حەمید ئەفەندی پێشمەرگەی شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان ماڵئاوایی لە هەڤاڵان و پێشمەرگە کرد

زۆر بەداخەوە پێشمەرگەیەکی وەفاداری ڕێبازی بارزانی و هەڤاڵ و تێکۆشەرێکی ماندوونەناسی هەر دوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و پارتی دیموکراتی کوردستان، فەرماندەیەکی چاونەترس و دڵسۆز بۆ گەل و خاکی کوردستان حەمید ئەفەندی دوای ململانێ لەگەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.





حەمید ئەفەندی بەدرێژایی تەمەنی و لە قۆناغە یەك لەدوا یەكەكانی قوربانیدان و تێكۆشانی پارتی دیموكراتی كوردستاندا، هەمیشە وەك پێشمەرگە و دواجاریش وەك فەرماندەیەكی سەربازی تا پۆستی وەزیری پێشمەرگەی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە كابینەی چوارەمدا لە گۆڕەپانی خەباتدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە.

حەمید ئەفەندی نەك هەر لە شۆڕشەكانی ئەیلوول و گوڵان، بەڵكو لە ڕاپەڕینە مێژووییەكەی ساڵی ١٩٩١ی گەلەكەمان و قۆناغی شەڕی داسەپێنراوی تیرۆریستانی داعش وەك بەرپرسی میحوەری باشیك وەك پێشمەرگە و پلاندارێژەری سەربازی لە بەرەكانی جەنگدا شانبەشانی برا پێشمەرگەكانی هەمیشە بەرگریكار و لە پێشەوەی هەڤاڵانی بووە.

حەمید ئەفەندی لە دوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلوولیشەوە هەمیشە بەردەوام بووە لە بەرزكردنەوەی ورەی هەڤاڵان و كادیران و پێشمەرگە، بەشداریكردنی كارامەی لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی گوڵان گەواهی ئەوەیە كە دڵسۆز و فەرماندەیەكی بە وەفای شۆڕش و ڕێبازی بارزانیی نەمر بووە.


گۆڤاری گوڵان شەرەفی ئەوەی پێ براوە كە دیداری ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ خوالێخۆشبوودا كردووە.

لەدەستدانی حەمید ئەفەندی وەك تێكۆشەرێكی ئازا و بەجەرگ زیانێكی زۆر گەورەیە بۆ گەلی كوردستان، ناشكرێ ڕۆڵی ئەم فەرماندەو پێشمەرگە مەزنە لە یادی ئێمە و هەڤاڵانی و گەلی كوردستاندا لەبەر چاو نەگیرێت، بۆیە ڕۆڵی ئەم تێكۆشەرە مەزنە، هەمیشە لە یادی ئێمە و هەڤاڵانی و گەلی كوردستاندا دەمێنێتەوە.

بەناوی گۆڤاری گوڵانەوە سەرەخۆشی لە خانەوادەی بەڕێزی و هەڤاڵان و پێشمەرگە و هاوسەنگەرانی دەكەین، خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینی شادبكات و سەبووریش بە هەموو لایەك ببەخشێت..




## دکتۆر محەمەد عومەر مەولود :




**دادگای ئیتیحادی نادەستوورییە و لە زۆربەی بڕیارەکانیشدا دەستووری پێشێل کردووە**

## د.هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی:



**ئەمریکا براوەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیایە**

## پ. د.کامەران ساڵحی




**لامەرکەزیی کارگێڕی و گەشەپێدانی خۆجێیی**

## د.بێوار خنسی



**نەوت و گاز پێگەی هەرێمی لە سەر نەخشەی وزەی جیهان بەهێزتر کردووە**

## دکتۆر ڕۆبی بارێت :



**ئەمە ڕۆژگاری ڕکابەری و دوژمنکاریی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوایە نەک شەڕی سارد**

■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

دکتۆر گۆڤەند شێروانی :



دژایەتیکردنی نەوتی کوردستان هیچ پێگەیەکی دەستووری بۆ دەستووری هەرێمی کوردستانیش نەهێشتووەتەوە، واتا عێراق لە ناوەڕۆکی فیدراڵییەتەکەی بەتاڵ دەکاتەوە

فەریق گەلاوێژ:

لە ساڵی ٢٠١٧ بەرهەمێکی شیعریم کرد بە کلیپ بە ناونیشانی (وەرە با دوایین پاییز بێ)



پەتاتە و نەخۆشیی شەکرە



دۆزەرەوەی ڕێگا و GPS بۆ پایسکل




ماجدا زەبیتە :

یەکێک لە بەربەستەکانی بەردەم سینەمای مەغریب ئەوەیە کە کۆمپانیای بەرهەمهێنانی سەربەخۆمان نییە



ئاسۆ ڕۆستەم :

تا زیاتر دژایەتی بکرێم کۆڵ نادەم و زیاتر هەوڵ دەدەم





● سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ سەرۆك وەزیران ئەلسوودانی



● سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی پۆڵۆنیا



● سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ سەرۆك ئیلهام عەلییێڤ



● سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ یاریدەدەری وەزیری بەرگریی ئەمەریکا

## کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی:

# شەڕی ڕووسیا سەردەمێکی تازەی لە جیهاندا دروست کردووە



● سەرۆك نێچیرڤان بارزانی و وەزیری دەرەوەی قەتەر



● سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ جۆزیپ بۆرێل

کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان کە ساڵانە لە مانگی شوبات بەڕێوە دەچێت، هەر ساڵێك پێش دەستپێکردنی بە ناونیشانێکی تایبەت ڕاپۆرتەکەی خۆی بڵاو دەکاتەوە، ناونیشانی ئەمساڵی ڕاپۆرتەکەی بریتییە لە (بەخۆداچوونەوە - Re: vision) و، ناوەڕۆکی ڕاپۆتەکەشی هەر لە پێشەکییەکەیەوە هەتا تەواوی ناوەڕۆکەکەی تەرخان کراوە بۆ شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و کاریگەریی ئەم شەڕە لەسەر سیستمی نێودەوڵەتی و، چۆنیەتی دروستکردنی ڤیژنێکی تازە بۆ ئەم سیستمە کە هەموو گەلانی جیهان خۆیانی تێدا ببیننەوە.

لە شوباتی ساڵی ٢٠١٥ ـەوە کە سەرۆك بارزانی وەك پێشمەرگە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم کۆنفرانسە بانگهێشت کرا، لەو کاتەوە هەرێمی کوردستان ساڵانە ئەندامی ئەم کۆنفرانسە جیهانییەیە بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی و، بۆ کۆنفرانسی ئەمساڵیش نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەیە و نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان لەو کۆنفرانسەدا دەکات.

لەم کۆنفرانسەدا کە ماوەی سێ ڕۆژ دەخایەنێت، ٤٥٠ کەسایەتیی دروستکەری بڕیار و خاوەن ڤیژنی بەرز بانگ کراون، کە لە ناویاندا ٢٠ سەرۆك دەوڵەت و ٩٠ وەزیر و نوێنەرانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەشدار دەبن و، لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا تاوتوێی کێشەکانی ئاسایشی جیهانی و پاراستنی سیستمی نێودەوڵەتی و ئاکام و دەرهاویشتەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەکەن، کە هەتا ئێستا نزیکەی ٢,٨ ترلیۆن دۆلار زیانی لە جیهان داوە.

## ● جیهان بەرەو سەردەمێکی نوێ، یان خاڵی وەرچەرخان

لە ٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢ ئۆلاف شۆلز ڕاوێژکاری ئێستای ئەڵمانیا توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی «سەرەتای سەردەمێکی نوێ لە جهاندا . چۆن خۆمان لە شەڕێکی ساردی تازە لە جیهانێکی فرەجەمسەردا دوور بخەینەوە؟» ئامادە کرد. ڕاوێژکاری ئەڵمانیا چەمکی دەستپێکی سەردەمێکی نوێی بۆ دەستپێکردنی هێرشە سەربازییەکانی رووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا بەکار هێناوە، بەڵام باڵیۆز کریستۆف هۆسیگن سەرۆکی تازەی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان دەڵێت: چەمکی- سەردەمێکی نوێ — Zeitenwende لە ڕاپۆرتێکی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٠ی کۆنفرانسی میونشن هاتووە کە داوا دەکات «لەپێناوی میتۆدێکی زۆر بەهێز لە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیادا»، بەهەر حاڵ ئەگەر سەردەمە نوێیەکە وەك ڕاپۆرتەکەی میونشن ئاماژەی پێ دەکات، بەرهەمی توێژینەوەی پسپۆڕ و ئەکادیمییە سەربازییەکانی ئەڵمانیا بێت، کە داوایان کردووە دەبێت ئەڵمانیا خاوەنی سوپایەکی بەهێز بێت، ئەوا ئولاف شۆلز کە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە پۆستی ڕاوێژکاری ئەڵمانیای وەرگرتووە و، پێش ئەوەی ڕووسیا هێرش بکاتە سەر ئۆکرانیا، وەك لە توێژینەوەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە، بڕی زیاتر

ئەمساڵ نۆیەمین ساڵە کە هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان دەکات، هۆکاری بانگهێشتکردنی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم کۆنفرانسە جیهانییە گەورەیە، قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لۆژیکی سەرۆک بارزانی بوو لە سەرکردایەتیکردنی لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش

هەرێمێکی بچووک (هەتا کارەکتەرێکی غەیرە دەوڵەتییش بێت)، دەتوانێت کاریگەریی گەورەی لەسەر ڕاستکردنەوەی ناهاوسەنگیی ئاسایشی جیهان هەبێت، بۆیە دەبێت ئەو کاریگەرییە بە چاوێکی بەرزەوە سەیر بکرێت

ئەم هەرێمە بچووکە (هەرێمی کوردستان) بۆ جیهانی سەلماند کە ئەگەر جیهان، یان هاوپەیمانیی نیودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش هاوکاریی ئەم هەرێمە بچووکە بکات، ئەوا دەتوانێت بۆ چارەسەکردنی کێشیەکی گەورەی ئاسایشی جیهانی کە تێکشاندنی تیرۆریستانی داعش بوو (موعجیزە) دروست بکات



● سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بەڕێز تۆماس ئیرندڵ جێگری سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری دەرەوە

لە ١٠٠ ملیار یۆرۆی بۆ بەهێزکردنەوەی سوپای ئەڵمانیا تەرخان کردووە و بەنیازییشە کە لەوەش زیاتری بۆ تەرخان بکات، بۆ ئەوەی بە ڕاستی سوپای ئەڵمانینا وەك سوپای سۆپەر پاوەرێك و سوپایەکی گەورە بۆ پاراستنی یەکێتیی ئەورووپا دەربکەوێت.

لە کۆنفرانسی میونشن لە شوباتی ساڵی ٢٠١٧ کە هاوکات بوو لەگەڵ دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا و، ئەو کاتیش ترەمپ داوای دەکرد، ئەگەر دەوڵەتانی ناتۆ بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداری لە خەرجییەکانی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی نەکەن، ئەوا ئەمریکا لەو هاوپەیمانییە دێتە دەرەوە، بۆیە وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو داواییەی ئەمریکا، خاتوو ئۆسۆلا فۆن دێر لاین کە ئەوکات وەزیری بەرگری ئەڵمانیا بوو و، ئێستا سەرۆکی کۆمسیۆنی یەکێتیی ئەورووپایە، ڕایگەیاند: «ئەگەر ئەڵمانیا زۆر بەهێز بێت مەترسییە بۆ ئەورووپا و ئەگەر زۆر لاوازیش بێت، دیسان هەر مەترسییە بۆ ئەورووپا، بۆیە گرنگە ئەڵمانیا هێندەی قەوارەی خۆی بەهێز بێت».

کەواتە بیرکردنەوە لە پاراستنی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی بە بەهێزی، هەر دوای هێرشی ڕووسیا بۆ لکاندنی کریما بە خۆیەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام گۆڕانکارییەکانی دوای دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا و پاشانیش پشتتێکردنی ترەمپ لە دۆست و هاوپەیمانە کۆنەکانی ڕۆژئاوا، ئەڵمانیای بەرەو ئەو ئاراستە برد، کە بەو ئاستەی بیر لە پاراستنی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی دەکاتەوە، بە هەمان ئاستیش بیر لە ئاسایشی یەکێتیی ئەورووپا دەکاتەوە و، مەبەستیەتی کە یەکێتیی ئەورووپا کاراکتەرێکی سەربەخۆ بێت لە ناو ئەو جیهانە فرەجەمسەرییەی کە لە ئێستادا دروست بووە و، شەڕێکی ساردی تازەش سەری هەڵداوەتەوە.

## ● گرنگیی بەشداریی ساڵانەی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی ئاسایشی جیهانی لە میونشن

ئەمساڵ نۆیەمین ساڵە کە هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان دەکات، هۆکاری بانگهێشتکردنی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم کۆنفرانسە جیهانییە گەورەیە، قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لۆژیکی سەرۆك بارزانی بوو لە سەرکردایەتیکردنی لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش، کە بوونە هۆکاری ئەوەی کە بیسەلمێنن، قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگە و لۆژیك و سەرکردایەتیکردنی سەرۆکێکی وەك سەرۆك بارزانی بەشێکن لە چارەسەرکردنی کێشەکانی جێهان، کە لە ئاست ئەو کێشە و تەحەددییانەدا سوپای دەوڵەتانی سۆپەر پاوەر دەستەوەستانە و، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە ئەم ڕاستییانە بۆ جیهان ئاشکرا ببێت:

١. هەرێمێکی بچووك (هەتا کارەکتەرێکی غەیرە دەوڵەتییش بێت)، دەتوانێت کاریگەریی



● سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ خاتوو نادیا موراد

گەورەی لەسەر ڕاستکردنەوەی ناهاوسەنگیی ئاسایشی جیهان هەبێت، بۆیە دەبێت ئەو کاریگەرییە بە چاوێکی بەرزەوە سەیر بکرێت.

٢. لە بەرامبەردا ئەم هەرێمە بچووکە (هەرێمی کوردستان) بۆ جیهانی سەلماند کە ئەگەر جیهان، یان هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش هاوکاریی ئەم هەرێمە بچووکە بکات، ئەوا دەتوانێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکی گەورەی ئاسایشی جیهانی کە تێکشاندنی تیرۆریستانی داعش بوو (موعجیزە) دروست بکات.

لە ماوەی ساڵانی دوای ٢٠١٤ هەتا ئەمساڵ ٢٠٢٣، کۆی کۆنفرانسەکانی میونشن و ئەو مەترسییانەی بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەو کێشانە بۆ سەر حوکمڕانی و هەڵکشانی ڕەوتی پۆپۆلیستی و تا ڕاددەیەکی زۆریش ڕاسترەویی شۆڤێنی، هۆکارەکانی هەمووی بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە خەریکە ئەو بەهایانەی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی و دیموکراتی لەسەر بونیاد نراون، وەك (لێبوردەیی، قبووڵکردنی فرەکەلتووری، ڕێزگرتنی کەرامەتی تاك، دادپەروەری و.. هتد) هەر هەموویان کاڵ بوونەتەوە و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا لە بەهاکانی خۆی بەتاڵ کراوەتەوە.

لەم چوارچێوەیەشدا کۆمەڵگەی کوردستان لە سایەی ئەو سیاسەتە لۆژیکییەی سەرۆك بارزانی بۆ حوکمڕانی لەم هەرێمەدا دایڕشتووە، دەبینین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەها ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی زیاتر دەبن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش گیانی تەبایی و پێکەوە ژیان و یەکتری قبووڵکردنی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان زیاتر دەبێت، ئەم بەهایانەی کۆمەڵگەی کوردستان تەنیا سەرنجی سەرۆك و بڕیاربەدەستانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوای ڕانەکێشاوە، بەڵکو پێش هەمووان سەرنجی پاپای ڤاتیکانی ڕاکێشاوە کە نوێنەرایەتیی هەموو کریستیانەکان دەکات لە جیهاندا و، بە شەخسی هاتە کوردستان و بە سەرۆك بارزانی ڕاگەیاند: «بۆیە هاتم بۆ عێراق و سەردانی کوردستان بکەم، بۆ ئەوەی بە شەخسی سوپاست بکەم کە دەرگای کوردستانت بە ڕووی هەموو ئاوارەکاندا کردەوە و هەموویانت وەك هاووڵاتیانی خۆت پاراست».

لەم ڕوانگەیەوە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی نوێنەرایەتیی نیشتمانێك دەکات، کە خاوەنی دوو خاڵی زۆر بەهێزە لە جیهاندا، ئەوانیش بریتین لە:

١. هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە هەتا ئێستا دەوڵەتانی هاوپەیمان وەك هاوبەشێکی سەرەکیی خۆیان لە شەڕی دژی تیرۆر و داعشی دەزانن.

٢. بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەی کوردستان کە بووەتە هەوێنی لێبووردەیی و پێکەوە ژیان، فرەکەلتووری و ئومێدی بۆ جیهان دروست کردووە، کە دەشێت چۆن کار بۆ پاراستنی سیستمی جیهانی و دووبارە گێڕانەوەی گلۆبالیزم دەکرێت، دەکرێت بە هەمان شێوە کار بۆ گێڕانەوەی ئەو بەهایانەش بکرێت کە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا وەك بەهای مرۆڤایەتی پێشتر شانازیی پێوە دەکردن.

خەریکە ئەو بەهایانەی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی و دیموکراتی لەسەر بونیاد نراون، وەک (لێبوردەیی، قبووڵکردنی فرەکەلتووری، ڕێزگرتنی کەرامەتی تاک، دادپەروەری و.. هتد) هەر هەموویان کاڵ بوونەتەوە و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا لە بەهاکانی خۆی بەتاڵ کراوەتەوە

لە سایەی ئەو سیاسەتە لۆژیکییەی سەرۆک بارزانی بۆ حوکمڕانی لەم هەرێمەدا دایڕشتووە، دەبینین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەها ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی زیاتر دەبن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش گیانی تەبایی و پێکەوە ژیان و یەکتری قبووڵکردنی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان زیاتر دەبێت




● باڵیۆز کریستۆف هاسیگن سەرۆکی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی

وەك ئـۆلاف شـۆلز ڕاوێـژکاری ئەڵمانیـا نـاوی هێرشـە دوژمنکارییەکـەی ڕووسـیا بـۆ سەر ئۆکرانیـای نـاوە: «سـەرەتای قۆناخێکی نـوێ» Zeitenwene، کـە ناچارمـان دەکات دووبـارە بیـر لـە هەڵسـەنگاندنەکانی پێشـوومان بکەینـەوە.

داگیرکردنـی ئۆکرانیـا لەلایـەن ڕووسـیاوە هەندێ شتی زۆر سادەی بۆ ئاشکرا کردین:

یەکـەم: فلادیمیـر پوتیـن کـە بڕیـاری دا هێـزی سـەربازی بـەکار بهێنێـت دژی دراوسـێیەکی ئاشـتیخوازی خـۆی، ئـەوەی بـۆ دەرخسـتین کـە ئەکتەرێکـی بەهێـز بڕوایەکـی پتـەوی بەوەیـە دەتوانێـت تەنانـەت بچووکتریـن ستاندەری یاسـای نێودەوڵەتیش پێشـێل بـکات، وەك پرەنسـیپی یەکپارچەیـی خـاك. وەك لـە چاپتەرێکـی ڕاپۆرتـی میونشـنی ئەمسـاڵ جەختـی لەسـەر دەکاتـەوە، شـەڕی ڕووسـیا دڕندەتریـن هێرشـە بـۆ سـەر بنەماکانـی سیسـتمی جیهانـی، ئـەم ئەکتـەرە لادەرە هـەوڵ دەدات ئەمـری واقیعـی ئێسـتای جیهـان بگۆڕێـت و بـە چەندیـن ڕێگـەی جیـاواز هـەوڵ دەدات سیسـتمی جیهانـی بگۆڕێـت.

دووەم: ئەگـەر ئێمـە بـێ هیـوا بووینایـە، ئـەم ئەکتـەرە لادەرە دەیتوانـی خۆڕاگـری بـکات، بـەڵام لـە پێـش هەمـوو شـتێکەوە گەلـی ئۆکرانیـا پیشـانی دا، چەنـد خۆڕاگـر و بـەوورەن بـۆ بەربەرچدانـەوەی ئـەم دوژمنکارییـە، هەروەهـا زۆربـەی زۆری دەوڵەتانـی ئەندامـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان سـەرکۆنەی ئـەو داگیرکارییـەی ڕووسـیا و هەوڵەکانـی بۆ لکاندنی هەرێمەکانی ئۆکرانیایـان کـرد بـو ڕووسـیاوە، هەندێـك دەوڵەتیـش سـزایان بەسـەر ڕووسـیادا سـەپاند و، لـە ڕووی سیاسـی و ئابووری و پێدانی چەکەوە یارمەتیی ئۆکرانیایان کـرد، لەگـەڵ ئـەوەی هەتـا ئێسـتا ئۆکرانیـا شـەڕەکەی نەبردووەتـەوە، بـەڵام پێویسـتی بـە یارمەتیی هەمـوو ئـەو دەوڵەتانەیە کە بڕوایان بـە سـەروەریی یاسـا هەیـە.

سێیەم: ئـەوەش ڕاسـتە کـە ژمارەیـەك دەوڵـەت سـەرکۆنەی ڕووسـیایان نەکـرد، بـەو شـێوەیە سـەیری ئـەم پرسـەیان کـرد، کـە بـۆ ئـەوان ئاسـان نییـە بەرگـری لـە ئەمـری واقیعـی ئێسـتای جیهـان بکـەن. ئەگـەر سـەیری ئاسـتی تووڕەیـی و بێزاریـی ئـەو دەوڵەتانـە بکەیـن، وەك دەوڵەتانـی ئەفریقـا و ئەمریـکای لاتینـی و ئاسـیا، بۆیـە بایـەخ بـە پاراسـتنی سیسـتمی جیهانـی نـادەن، لەبـەر ئـەوەی هەسـت ناکـەن هیـچ کاتێـك بـۆ بەرژەوەندیـی ئـەوان کارێکـی کردبێـت.

لەم قۆناغەدا ئەرکی سەرشانمانە بۆ پاراستنی پرەنسیپەکانی یاسـا هـەوڵ بدەیـن، بـێ لایەنـەکان بکەینـە هاوپەیمـان، وەك ڕاپۆرتـی ئەمسـاڵی میونشـنیش جەختـی لەسـەر دەکاتـەوە، پێویسـتمان بـە ڤیژنێکـی ئەوتـۆی سیسـتمی نێودەوڵەتـی هەیـە، کـە زۆربـەی گـەلان و هاوپەیمانـی خـاوەن بەرژەوەندییـە گـەورەکان بەشـداریی تێـدا بکـەن، ئەگـەر بمانەوێـت پارێـزگاری لـە پرەنسـیپە سـەرەکییەکانی ئـەم سیسـتمە بکەیـن، دەبێـت لـەم کۆنفرانسـەدا تەنیـا جەخـت لەسـەر ڕەتکردنـەوەی لادەر نەبێـت، بەڵکـو دەبێـت ڤیژنێکـی ئەرێنـی بـۆ جیهانێکی ئاشتەوایی و گەشەسەندوو بخولقێنین.




● سەرۆکی حکومەت لەگەڵ جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆی ئیمارات

# گەڕان بە دوای شێوازی دەوڵەتمەداریی مسرور بارزانی لە پەنێڵەکانی لوتکەی حکومەتەکانی جیهاندا




● سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حاکمی رأس الخیمة



● سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ سەرۆک وەزیرانی جۆرجیا



● سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ سەرۆکی ئیمارات



● سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ شێخ محەمەد بن ڕاشد

**شێوازی دەوڵەمەتداریی مسرور بارزانی لە بەڕێوەبردنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک میتۆد و مۆدێلێک بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو تەنگژانە لە قەڵەم دەدرێن، کە ئێستا بەشێک لە حکومەتەکانی جیهان بەدەستیەوە دەناڵێنن**

**سەرکردەیەک بیەوێت کێشەی حکومەتەکەی چارەسەر بکات، دەبێت خاوەنی گیانێک بێت، کە بە گەشبینییەوە هەنگاو بۆ داهاتوو هەڵبگرێت و ئومێدی خۆزگەی گەورەی بۆ نەتەوەکەی هەڵگرتبێت**

**مسرور بارزانی لەناو قەیرانی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناو داخستنی سەرجەم قوتابخانە و زانکۆکانی کوردستان، خاوەنی ئەو بیرکردنەوەیە بوو کە نابێت پرۆسەی خوێندن و تازەکردنەوەی تواناکان ڕابوەستێت**

ڕۆژی ١٣ی شوباتی ٢٠٢٣ لوتکەی حکومەتەکانی جیهان بە ئامادەبوونی ٢٠ سەرۆك دەوڵەت و ٢٥٠ وەزیر و سەرۆك وەزیران و ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆکی کۆمپانیا گەورەکان و نوێنەرانی ١٥٠ دەوڵەت و ڕێکخراوە گەورە و جیهانییەکان لە شاری دوبەی بەڕێوە چوو.

ئەم لوتکەیە کە لە ساڵی ٢٠١٣ دامەزراوە، ماوەی دوو ساڵە بە فەرمی بانگهێشتی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەم بانگهێشتکردنەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە شێوازی دەوڵەمەتداریی مسرور بارزانی لە بەڕێوەبردنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەك میتۆد و مۆدێلێك بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو تەنگژانە لە قەڵەم دەدرێن، کە ئێستا بەشێك لە حکومەتەکانی جیهان بەدەستیەوە دەناڵێنن.

لەم لوتکەیەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جیا لە ئامادەبوونی لە پەنێڵەکانی ئەم لوتکەیە، لە هەمانکاتدا چەندین دیداری گرنگی لەگەڵ شێخ محەمەد بن زاید سەرۆکی دەوڵەتی ئیمارات و ئیراکلی گاریباشڤیلی سەرۆك وەزیرانی جۆرجیا و جاسم محەمەد ئەلبدێوی سەرۆکی ئەنجومەنی هاریکاری دەوڵەتانی کەنداو و شێخ محەمەد بن ڕاشد جێگری سەرۆکی دەوڵەتی ئیمارات ئەنجام دا، دوای تەواوبوونی ئەم لوتکەیەش سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان سەردانی دەوڵەتی فەرەنسای کرد و لەگەڵ سەرۆك ئیمانۆئیل ماکرۆن کۆبووەوە، وەك سەرۆك ماکرۆنیش بە میدیاکانی ڕاگەیاند، کۆبوونەوەکە زۆر ئەرێنی بووە و، جەختی لەوەش کردەوە کە ئاسایش و سەقامگیری و گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان جێگەی بایەخی دەوڵەتی فەرەنسایە، بەڵام وێڕای گرنگیی ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم لوتکەیە و پاشانیش سەردانە گرنگەکەی بۆ فەرەنسا، ئەم ڕاپۆرتە جەخت لەسەر لایەنێکی دیکەی گرنگی لوتکەی حکومەتەکانی جیهان دەکاتەوە و ئەو پرسیارە دەورووژێنێت: ئایا تا چەند شێوازی دەوڵەتمەداریی مسرور بارزانی بایەخی بەو کێشانە داوە کە ئەمڕۆ جیهان وەك کێشەی کۆی حکومەتەکانی جیهان هەڵوەستەی لەسەر دەکات؟ ئایا شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی بۆ ئەو کێشە و تەحەددییانەی ڕووبەڕووی حکومەتەکەی دەبێتەوە، لەگەڵ ئەو پێوەر و ستاندەرە جیهانییانە یەك دەگرێتەوە، کە ئێستا لەسەر ئاستی جیهان باسیان لێوە دەکرێت؟ ئەم ڕاپۆرتە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە.

### ● کێشەی حکومەتەکان کێشەی سەرچاوەکان نین کێشەکە شێوازی بەڕێوەبردن و کارگێڕییە

پرۆفیسۆر کلاوس شواب سەرۆکی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان (داڤۆس) کە یەکێك بوو لە ئامادەبووانی لوتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دووبەی، لە وتارەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەو سەرکردەیە دەتوانێت کێشەی حکومەتەکەی لە ئێستادا چارەسەر بکات، کە ئەم سیفەتانەی تێدا کۆبووبێتەوە، بە پێچەوانەوە سەرکەوتوو نابێت و شکست دەهێنێت، ئەو سیفەتانەش بۆ سەرکردەی سەرکەوتوو ئەمانەن:

١- سەرکردەیەك بیەوێت کێشەی حکومەتەکەی چارەسەر بکات، دەبێت خاوەنی گیانێك بێت، کە بە گەشبینییەوە هەنگاو بۆ داهاتوو هەڵبگرێت و ئومێدی خۆزگەی گەورەی بۆ نەتەوەکەی هەڵگرتبێت.

٢- دەبێت خاوەنی مێشکێك بێت کە بڕوای بەوە هەبێت پێویستە توانا و لێهاتوویی گەلەکەی وەك سەرچاوەیەکی مرۆیی بەردەوام لە تازەبوونەوە و گەشەسەندندا بێت، ئەم تازەبوونەوە و گەشەسەندندا خاڵێکی گەوهەرییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

٣- دەبێت خاوەنی دڵێك بێت کە بە پەرۆشی و حەماسەوە کارەکانی حکومەتەکەی ئەنجام بدات و، بە پەرۆش بێت سەبارەت بەوەی چ کارێك باشە بۆ نەتەوەکەی ئەنجامی بدات.

٤- دەبێت خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێز بێت بۆ تەرجەمەکردنی بەرنامەکەی بۆ کردار و بۆ واقیع.

٥- دەبێت خاوەنی ئەعسابێکی هێمن بێت، بۆ ئەوەی خۆڕاگر بێت و بتوانێت بەرانبەر بارودۆخە سەختەکان ڕابوەستێت.

ئەگەر ئەم پێنج خاڵەی پرۆفیسۆر شواب بۆ سەرکردەی سەرکەوتوو دیاری کردووە و بەو شێوەیە

ڕیزی کردوون، کە تەنیا ئەو جۆرە سەرکردانە دەتوانن لە ئێستادا سەرۆکایەتیی حکومەت بکەن و کێشەکان چارەسەر بکەن و گەلەکانیان ڕزگار بکەن، لەسەر سیفەت و شێوازی دەوڵەتمەداریی مسرور بارزانی ڕاڤە بکەین، دەبێت بپرسین: ئایا تاچەند توانیویەتی لە ماوەی چوار ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەم شێوازی دەوڵەتمەدارییەی کێشەکان چارەسەر بکات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستمان بەوەیە کە شێوازی دەوڵەتمەداریی مسرور بارزانی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی کابینەکەی بوونەوە، وەك خۆی بخەینە ڕوو:

## ● ئەو بارودۆخەی کابینەی نۆیەمی تێدا دامەزرا

- لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلولی ٢٠١٨، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەمووزی ٢٠١٩ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە متمانەی پێ درا، ئەگەر هەڵوەستە لەسەر ئەو ماوەیە بکەین کە دەکاتە (١٠) مانگ، ئەوە پێمان دەڵێت: کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناو ژینگەیەکی سەقامگیری سیاسیی پێك نەهاتووە. هۆکارەکانیشی بریتین لە:

- بەهۆی بڕینی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرزێکی زۆری ناوخۆ و نێودەوڵەتی لەسەری کەڵەکە ببوو کە بە زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلار مەزندە دەکرا.

- ئاراستەی دارشتنی بەرنامەی کابینەی نۆیەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەوە بوو کە دەست بە دیالۆگێکی ڕاشکاوانە و کراوە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بکرێت، بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆك وەزیران دوای ئەوەی متمانەی لەپەرلەمانی کوردستان وەرگرت، یەکەم سەردانی بۆ بەغدا بوو و لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئەو کات (د.عادل عەبدولمەهدی) گەیشتنە ڕێککەوتنێکی زۆر باش، بەڵام تەنیا دوو مانگ بەسەر ئەم لێکتێگەیشتنە تێنەپەڕی، خۆپیشاندانەکانی تشرینی ٢٠١٩ لە بەغدا دەستیان پێ کرد و بارودۆخی سیاسیی عێراق کەوتە حاڵەتێکی ناسەقامگیری سەختەوە، پاشانیش سەرۆك وەزیرانی عێراق ناچارکرا دەست لەکار بکێشێتەوە، بەمەش ڕێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا کۆتایی هات.

- لە ٢٥ی شوباتی ٢٠٢٠ واتە دوای نزیکەی هەشت مانگ لە دەستپێکی کابینەی نۆیەم، بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا (کۆڤید ١٩)، حکومەت ناچار بوو، باری نائاسایی و قەدەغەی هاتوچۆ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ڕابگەیەنێت، بەمەش گورزێکی گەورە بەر سێکتەری ئاڵوگۆڕی بازرگانی کەوت و سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی کوردستانی لە سفر نزیك کردەوە.

- لە ئایاری ٢٠٢٣ بە هۆی داخستنی کۆمپانیا و فرۆکەخانەکان و قەدەغەی هاتوچۆ، جیهان نەك پێویستی بە بەرهەمهێنانی نەوت نەما، بەڵکو گەیشتە ئەوەی دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری نەوت بۆ هەر بەرمیلێك بڕێك پارە بدەن بۆ ئەوەی نەوتەکەیان لێ وەربگرن، بۆ ئەمەش نرخی بۆ «-٣٧ دۆلار» دابەزی، ئەمەش واتە دەبوو دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت بۆ هەر بەرمیلێك ٣٧ دۆلار بدەن هەتا نەوتەکەیان لێ وەر بگرن.

- لەناو ئەو هەموو قەیرانەی ڕووبەڕووی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونەوە، هەڵکشانی شۆڤێنییەتی پەرلەمانتارانی عەرەبی عێراقی (شیعە و سوننە) دژی هەرێمی کوردستان گەیشتبووە ترۆپك و تەنانەت لەو یاسایەی کە پەرلەمان دەری کرد بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق قەرز بکات بۆ مووچەی فەرمانبەران، هەرێمی کوردستانیان لێ بێبەش کرد.

- لە سەرووی هەموو ئەم قەیرانە گەورانەشەوە، هەرێمی کوردستان دیسان گەڕایەوە ناو ناسەقامگیرییەکی سیاسی زۆر سەختەوە و هەوڵی هەموو حزبە سیاسییەکان بەو ئاراستەیە بوو ئەم قەیرانانە بقۆزنەوە بۆ شکشت پێهێنانی کابینەی نۆیەم.

**مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناو ئەو هەموو قەیرانەدا خاوەنی ئەعسابێکی هێمن بوو، پەرچەکرداری تووڕەیی نەبوو، بە پێچەوانەوە زۆر بە خۆڕاگری و بە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان مامەڵەی لەگەڵ کۆی قەیرانە سیاسییەکانی ناوخۆی کوردستان و پەیوەندییە لەرزۆکەی نێوان هەولێر و بەغدا کردووە**

**مەزندە دەکرێت تا ساڵی ٢٠٥٠ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا زیانی ٢٣ ترلیۆن دۆلار لە مرۆڤایەتی بدات، لە ئێستاوە ئیمارات ئەم مەترسییەی کردووە بە ئەولەوییەت و ئەمساڵ میوانداریی کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا دەکات «C0P28».**

**لە ساڵانی داهاتوو بەو کەسانە دەگوترێت «نەخوێندەوار» کە لێهاتوویی ئەوەیان نییە، مامەڵە لەگەڵ تەکنەلۆژیا بکەن، بۆیە لەم لایەنەوە جیهان پێویستی بە بەرپاکردنی شۆڕشێکە بۆ بەرزکردنەوەی خوێندن**

## • شێوازی مامەڵەکردنی سەرۆك وەزیران لەگەڵ ئەم قەیرانانە

- مسرور بارزانی وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە گیانێکی گەشبینییانە مامەڵەی لەگەڵ هەموو ئەم قەیرانە سەختانە کرد و، کەناڵێکی پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ گەلەکەی خۆی دروست کرد و ئومێد و خۆزگەی بۆ داهاتوو زیندوو کردەوە، لەمەش زیاتر بڕیاری دا، ئەم تەنگژانە بگۆڕێت بۆ وەرچەرخان و بەرنامەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو وەرچەرخانانە بە پشتیوانی گەلەکەی خۆی دارشت، بەمەش سەلماندی بە تێگەیشتن لە کێشەکان و بە دروستکردنی پردی هاریکاری لە نێوان حکومەت و میللەت و کەرتی تایبەت، دەتوانرێت کێشەکان تێپەڕێندرێن. هەر بۆیە لەناو ئەو هەموو قەیرانە ئابووری و سیاسییانەشدا خەڵکی کوردستان پشتی سەرۆك وەزیرانەکەی خۆیان گرت و لەگەڵ ئەوەی خەڵکی کوردستان زەحمەتی زۆری بینی، بەڵام بە سەرکەوتوویی قەیرانەکە تێپەڕێندرا.

- مسرور بارزانی لەناو قەیرانی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناو داخستنی سەرجەم قوتابخانە و زانکۆکانی کوردستان، خاوەنی ئەو بیرکردنەوەیە بوو کە نابێت پرۆسەی خوێندن و تازەکردنەوەی تواناکان ڕاوەستێت، بۆیە هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ و داخستنی زانکۆ و قوتابخانەکان لە ماوەی یەك دوو هەفتە و لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پرۆسەی «خوێندنی ئۆنلاین» بۆ هەردوو کەرتی خوێندنی حکوومی و ئەهلی و، لەسەر ئاستی خوێندنی باڵاش لە زانکۆکان دەستی پێ کرد، ئەم پرۆسەیە بۆ هەرێمی کوردستان لە چەندین ڕووەوە زۆر قورس بوو، یەکەم لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمکانیەتی ماددی لەبەر دەست نەبوو، دووەمیش لەبەر ئەوەی ئاستی لێهاتووییمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیا زۆر بەرز نەبوو، بەڵام توانرا بە شێوازی جۆراوجۆر و بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گرووپی جیاواز دروست بکرێت و پرۆسەی خوێندن ڕانەوەستا.

- لایەنێکی دیکە ئەوە بوو کە توانی سەرۆك وەزیران لەناو ئەو هەموو قەیرانە گەورەیەی ڕووبەڕووی کابینەکەی و خەڵکی کوردستان، سەرکەوتوو بێت، پەرۆش و حەماسی سەرۆك وەزیران بوو بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی و ڕاگرتنی گەندەڵی لە هەموو جومگەکانی حوکمڕانی لە کوردستاندا و، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە باشترین ڕێگە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانانە و هەنگاوهەڵگرتن بۆ ئایندەیەکی باشتر، ئەوەیە یەکەم: پرۆسەی چاکسازی بەردەوام بێت، دووەم: دەبێت ستۆپ بە گەندەڵی بکرێت لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

- بوونی ئیرادەیەکی بەهێز لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە بۆ کۆکردنەوەی تواناکان، لەناو ئەم هەموو قەیرانەدا سەرۆك وەزیران بەرنامە گەورەکەی دەستەی وەبەرهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند، کە ئەویش ڕاگەیاندنی زیاتر لە هەزار پڕۆژەی «کشتوکاڵی و پیشەسازیی گەورە و مامناوەندی» بوو، ڕاستەوخۆ داوای لە سەرمایەدار و بزنێسمانەکانی کوردستان کرد، کە بێنە پێشەوە و دەست بە وەبەرهێنان لەم پڕۆژانە بکەن، هەتا ئەگەر سەرمایەکانیشیان لە ئاستی پڕۆژە گەورەکان نەبن، ئەوا حکومەت ئامادەیە بە هاوبەشی «PPP» لەگەڵیان ئەنجامی بدات، ئەم هەنگاوەی سەرۆك وەزیران لە کابینەی نۆیەمدا بووە هۆکاری دروستکرنی ئومێد و هونەری پشت بەخۆبەستن لە قەیرانەکاندا، هەر بۆیە ئاکامی ئەم هەنگاوە بووە هۆکاری دروستکردنی دەیان سایلۆ و کارگەی بەرهەمهێنانی خۆراك و بەمەش جیا لەوەی سەرچاوەیەکی گەورەی هەلی کاری دروست کرد، لە هەمانکاتدا هانی جووتیارانی کوردستانی دا، زیاتر لە چاندنی دانەوێڵە بەردەوام بن و حکومەت بەرهەمەکانیان لێ دەکرێتەوە، وەك دەبینین ماوەی دوو ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بەرهەمی دانەوێڵە لە جووتیارانی کوردستان دەکرێتەوە.

- مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناو ئەو هەموو قەیرانەدا خاوەنی ئەعسابێکی هێمن بوو، پەرچەکرداری تووڕەیی نەبوو، بەپێچەوانەوە زۆر بە خۆڕاگری

**ئەو حکومەتانەی دەستپێشخەری دەکەن بۆ تەبەنیی زیرەکی دەستکرد، حکومەتی پێشکەوتوو و باڵادەست دەبن، ئەوانەی دوا دەکەون، حکومەتی سەردەمی بەردین دەبن**

**ڕێگرتن لە پیسبوونی ژینگە ١١٦٤ کەیسی پیسکردنی ژینگە دراونەتە دادگاکانی کوردستان، ٣٤٧ کەیس لەبەر نەبوونی مەرجەکانی ژینگەپارێزی سزا دراون، ٣٢٧٣ کەیسیش بەڵێننامەیان پێ پڕکراوەتەوە، کە دەبێت بە مەرجەکانی ژینگەپارێزی پابەند بن و سەر پێچی نەکەن**

**لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا و لەسەر ئاستی وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان ١٩٧ پاڵاوگەی پڵاوتنی نەوت داخراون، کە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ پیسبوونی ژینگە**



● سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ سەرۆكی فەرەنس

و بە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ كێشەكان مامەڵەی لەگەڵ كۆی قەیرانە سیاسییەكانی ناوخۆی كوردستان و پەیوەندییە لەرزۆكەی نێوان هەولێر و بەغدا كردووە.

- وەك ڕاگەیاندنی سەركەوتن و تێپەراندنی قەیرانەكانی ساڵی ٢٠٢٠، مسرور بارزانی لە كانوونی دووەمی ٢٠٢١ لە میانەی كۆبوونەوەیەكی لەگەڵ میدیاكارانی كوردستاندا ڕاشكاوانە ڕایگەیاند، بەپێی ئەو ئیمكانیەتەی ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان لەبەر دەستیەتی، ئەو توانایەمان هەیە بە پشتبەستن بە داهاتی خۆمان هەر ٣٠ ڕۆژ جارێك بە ڕێژەی ٨٠٪ مووچەی كارمەندانی خۆمان دابین بكەین، ئەم بەڵێنەی وەك خۆی جێبەجێ كرد و ئەوەتا ئێستا بەبێ هاریكاری بەغدا هەر ٣٠ ڕۆژ جارێك ١٠٠٪ مووچەی فەرمانبەرانی كوردستان دەدرێت.

ئەم هەنگاوانە ئەوەمان پێ دەڵێن، كە لەسەر ئاستی جیهان ئەو سەرۆك حكومەتانە زۆر كەمن كە توانییان تەنیا قەیرانی پەتای كۆرۆنا بە بێ قەرز و هاریكاری تێپەڕێنن، بەڵام سەرۆك وەزیرانی كوردستان بەبێ قەرزكردن و هاریكاریی دەوڵەتان، توانی تەنیا بە پشتبەستن بە ئیرادەی گەلەكەی، نەك هەر ئەو هەموو قەیرانانە تێپەڕێنێت، بەڵكو توانی ئەو قەیرانانە بكاتە وەرچەرخان و ئێستا ئاكامەكەی دەبنینین.

**● ئاراستەی دەوڵەتمەداریی مسرور بارزانی لەگەڵ كێشە و تەحەددییەكانی داهاتوو**

لوتكەی حكومەتەكان كە لە ١٣ی شوباتی ٢٠٢٣ لە دوبەی بەڕێوە چوو، بە وتارێكی محەمەد گەرگاوی وەزیری كاروباری ئەنجومەنی وەزیرانی دەوڵەتی ئیمارات دەستی بە كارەكانی كرد و، لەو تارەكەیدا پێنج تەحەددی و تەنگژەی ئاماژە پێ كرد، كە ڕووبەڕووی هەموو حكومەتەكانی جیهان دەبێتەوە، بە حكومەتی هەرێمی كوردستانیشەوە كە بریتین لە:

١- مەترسیی گۆڕانكارییەكانی كەشوهەوا

مەزندە دەكرێت تا ساڵی ٢٠٥٠ گۆڕانكارییەكانی كەشوهەوا زیانی ٢٣ ترلیۆن دۆلار لە مرۆڤایەتی بدات، لە ئێستاوە ئیمارات ئەم مەترسییەی كردووە بە ئەولەوییەت و ئەمساڵ میوانداریی كۆنفرانسی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ گۆڕانكارییەكانی كەشوهەوا دەكات «C0P28».

٢- گۆڕانكاریی گەورە لە نەخشەی ئابووریی ئێستای جیهان دێتە ئاراوە، ئەمەش واتە دەوڵەتانی E7 كە بریتین لە (چین، هیندستان، توركیا، بەرزایل، ڕووسیا، مەكسیك، ئەندەنووسیا ) وەك ئابوورییەكی بەهێز دەردەكەون و ئاستی ئابوورییان دەگاتە دوو هێندەی

**ڕێگرتن لە پیسپوونی ژینگە لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت شێوازی بەرهەمهێنانی پاك پێڕەو كراوە و جارێكی دیكە سوود لەو گازە وەرگیراوە كە لە ئاكامی ئاگری بیرە نەوتەكانەوە دەردەچێت**

**بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشكە ساڵی، كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە كابینەی نۆیەمدا بودجەی بۆ ١٧ بەنداو تەرخان كردووە و كاری بەردەوامیان تێدا دەكرێت و دوای تەواوبوونیان زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن مەترسێجا ئاو گل دەدەنەوە**

**ئەم تێڕوانین و بۆچوونانەی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ پاراستنی ژینگە و هەوڵەكانی بۆ چارەسەركردنی وشكە ساڵی، جیا لەوەی خرمەتێكی گەورەیە بۆ ژینگەی نیشتمان و خەڵكی كوردستان، بە هەنگاوێكیش دەدەنرێت بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی لە مەترسییەكانی گۆڕانی كەشوهەوا لە جیهاندا**

دەوڵەتانی G7 کە بریتین لە (ئەمریکا، کەندا، بەریتانیا، فەرەنسا، ژاپۆن، ئیتالیا و ئەڵمانیا).

٣- گۆڕانکاری لەسەر گەشەی دانیشتووان و گۆڕانکاری لە دیموگرافیای دەوڵەتان و شارە گەورەکانی ئێستادا.

لە ١٥ی ١١ی ٢٠٢٢ ڕاگەیەندرا کە ژمارەی دانیشتووانی گۆی زەوی گەیشتە ٨ ملیار مرۆڤ و مەزندە دەکرێت لە ٢٠٥٠ بگاتە ١٠ ملیار، ڕێژەی زۆری منداڵبوون لە هەر دوو کیشوەری ئاسیا و ئەفریقایە بۆ گۆڕانکاریی گەورە لە دیموگرافیای دەوڵەتان و شارە گەورەکان و، ئەگەر حکومەتەکان ئەم سەرچاوە مرۆییە باش بەکار بهێنن، دەبێتە هێزێکی کاریگەر بۆ ئەو حکومەتانە.

٤- گۆڕانکارییەکی ڕیشەی بە سەر چەمکی «نەخوێندەواری و لێهاتوویی —Skill».

لە ساڵانی داهاتوو بەو کەسانە دەگوترێت «نەخوێندەوار» کە لێهاتوویی ئەوەیان نییە، مامەڵە لەگەڵ تەکنەلۆژیا بکەن، بۆیە لەم لایەنەوە جیهان پێویستی بە بەرپاکردنی شۆڕشێکە بۆ بەرزکردنەوەی خوێندن.

٥- لە داهاتوودا زیرەکی دەستکرد پێگە و ئایندەی حکومەتەکان دیاری دەکات.

ئەو حکومەتانەی دەستپێشخەری دەکەن بۆ تەبەنیی زیرەکی دەستکرد، حکومەتی پێشکەوتوو و باڵادەست دەبن، ئەوانەی دوا دەکەون، حکومەتی سەردەمی بەردین دەبن.

ئەم پێنج تەحەددییە هەموو حکومەتەکانی جیهان دەگرێتەوە و هەر حکومەتێك دەستپێشخەریی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددییانە نەبێت، ئەوا لە کاروانی شارستانی لە جیهاندا دوا دەکەوێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا تا چەند لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمدا ئەم تەحەددییانە دەستپێشخەری بۆ کراوە؟

## ● مەترسییەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوا

پاراستنی ژینگە و ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی ئەولەوییەتی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە:

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دەستەیەك بە ناوی «دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە» هەیە، ئەم دەستەیە لە ١٠ی تەمووزی ٢٠١٩ هەتا ئاداری ٢٠٢٢ بەدواداچوون و پشکنینی بۆ ٩٨٦٣ پڕۆژە کردووە لە بوارەکانی (کشتوکاڵی، بازرگانی، پیشەسازی، خزمەتگوزاریی تەندروستی، پاڵاوگەکانی نەوت و.. هتد)، لەم هەڵمەتە بۆ ڕێگرتن لە پیسبوونی ژینگە ١١٦٤ کەیسی پیسکردنی ژینگە دراونەتە دادگاکانی کوردستان، ٣٤٧ کەیس لەبەر نەبوونی مەرجەکانی ژینگەپارێزی سزا دراون، ٣٢٧٣ کەیسیش بەڵێننامەیان پێ پڕکراوەتەوە، کە دەبێت بە مەرجەکانی ژینگەپارێزی پابەند بن و سەرپێچی نەکەن.

- هەر لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا و لەسەر ئاستی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ١٩٧ پاڵاوگەی پاڵاوتنی نەوت داخراون، کە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ پیسبوونی ژینگە.

- بۆ ڕێگرتن لە پیسپوونی ژینگە لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت شێوازی بەرهەمهێنانی پاك پێڕەو کراوە و جارێکی دیکە سوود لەو گازە وەرگیراوە کە لە ئاکامی ئاگری بیرە نەوتەکانەوە دەردەچێت.

- لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان پرۆسەی چارەسەرکردنی خاشاك دەستی پێ کردووە و، چەندین کارگە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەو خاشاکە لە جێبەجێکرندان، ئەمەش خزمەتێکی زۆری پاراستنی ژینگە دەکات.

- زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی شارەکان و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی بەپێی ستاندەری نێودەوڵەتی و ماستەرپلانی پشتێنەی سەوزی پایتەخت تەواو بووە و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت.

- بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکە ساڵی، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمدا بودجەی بۆ ١٧ بەنداو تەرخان کردووە و کاری بەردەوامیان تێدا دەکرێت و دوای تەواوبوونیان زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن مەترسێجا ئاو گل دەدەنەوە، لەسەر پێشنیاری سەرۆکی حکومەتیش وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو یاداشتی لێکتێگەیشتنیان لەگەڵ کۆمپانیای «پاوەر چاینە» واژوو کردووە، بۆ دروستکردنی چوار بەنداوی دیکە

**لە ماوەی سێ ساڵدا دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی بە ١٩٤ پڕۆژە داوە لەم سێکتەرانە کە بریتین لە: پڕۆژەکانی سێکتەرەکانی (کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری، فێرکردن، بازرگانی، نیشتەجێ و تەندروستی)، ئەم پرۆژانە سەرمایەکەی دەگاتە ١١ ملیار و ١٨٢ ملیۆن دۆلار و لەلایەن حکومەتەوە ١٠هەزار و ١٧١ دۆنم زەوی بۆ تەرخان کراوە**

**ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئاستی گەشەی کەرتی کشوکاڵ بەرەو ئەو کێرڤە دەچێت، کە لە ساڵانی داهاتوودا پێداویستیی ناوخۆی کوردستان پڕبکاتەوە و بەشێکیشی هەناردەی وڵاتان دیکە بکرێت**

**بە پێکەوە گرێدانەوەی هەموو هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داڕشتنەوەی سیاسەتی ئابووریی هەرێمی کوردستان، ئابووریی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشە تازەکەی ئابووریی جیهان، ئابوورییەکی زیندوو دەبێت**

له کوردستان، لەمەش زیاتر ئێستا پرۆسەی دروستکردنی دەیان پۆند لە شارەکانی کوردستان لە جێبەجێکردان.

ئەم تێڕوانین و بۆچوونانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی ژینگە و هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی وشکە ساڵی، جیا لەوەی خزمەتێکی گەورەیە بۆ ژینگەی نیشتمان و خەڵکی کوردستان، بە هەنگاوێکیش دەدەنرێت بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی لە مەترسییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە جیهاندا.

### ● گۆڕانکاری لە نەخشەی ئابووریدا


لە داڕشتنەوەی سیاسەتی ئابووری لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پشت بە فرەجۆرکردنی سەرچاوەی داهات بەستراوە و، جیا لە کۆکردنەوەی باج لەم بوارانە هەوڵی جددی دراون:

- لە ماوەی سێ ساڵدا دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی بە ١٩٤ پڕۆژە داوە لەم سێکتەرانە کە بریتین لە: پڕۆژەکانی سێکتەرەکانی (کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری، فێرکردن، بازرگانی، نیشتەجێ و تەندروستی)، ئەم پرۆژانە سەرمایەکەی دەگاتە ١١ ملیار و ١٨٢ ملیۆن دۆلار و لەلایەن حکومەتەوە ١٠هەزار و ١٧١ دۆنم زەوی بۆ تەرخان کراوە.

- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەرنامەی کاری پێنج ساڵەی ئامادە کردووە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی سیاسەتی پیشەسازی و بارزگانی درووستکردنی چەندین کارگەی گەورە و مامناوەند و بچووك. ئەمە بێجگە لە کڕینەوەی گەنم و بەربوومی جووتیاران و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانیان لە وڵاتانی کەنداو و ئەورووپا.

- زیادبوونی وەبەرهێنان لە هەردوو کەرتی نەوت و گاز، کە ئەمە وەك سەرۆکی حکومەت ساڵی پار لە لوتکەی وزەی جیهانی لە دوبەی گوتی: «دەمانەوێت داهاتی سەرچاوە سرووشتیەکان بکەینە ژێرخانی بونیادنانەوەی وڵاتی خۆمان و سوود لە ئەزموونی ئیمارات وەربگرین»، بایەخی زۆری پێ دراوە.

- گرنگیدان بە ئاسایشی خۆراك کە ئێستا لە جیهاندا نرخی خۆراك لە بەرزبوونەوەدایە، بۆ ئەمەش جیا لەوەی پشتگیرییەکی گەورەی



**کلاوس شواب سەرۆکی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان:**

## ئەو شتانەی لە ساڵی ٢٠١٥ بە خەیاڵی زانستیم دەزانی ئێستا بوونەتە ڕاستی

ئێمە لە جیهانێکی کێشەی فرە ڕەهەند ناژین، بەڵکو ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە چەقمان بەستووە بە قووڵی لە ناو پرۆسەی وەرچەرخانێکی سیستماتیکداین و، دەبێت بزانین کە جیاوازی لەنێوان تەنگژە و وەرچەرخاندا هەیە.

ئەگەر کێشە هەبوو، ئەوا دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ خاڵە سەرەکییەکە و چەند بە خێرایی بۆت دەکرێت، کار بۆ ڕاستکردنەوەی باردۆخەکە بکەیت، بەڵام لە حاڵەتی وەرچەرخاندا دەبێت بەرنامەت هەبێت، بۆ ئەوەی چۆن ئەو گۆڕانکارییانە بەڕێوە ببەیت، کە لە ئاکامی ئەو وەرچەرخانەدا دروست دەبن و دێنە ئاراوە، کە بریتین لە:

( وەرچەرخانی ئابووری، وەرچەرخانی سیاسی، وەرچەرخانی تەکنەلۆژیا )

ئەم هەموو گۆڕانکارییە بۆ حکومەتەکان و بەرپرسە حکوومییەکان چی دەگەیەنێت؟ ئایا دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە بکەن؟

من دەڵێم: ئێمە دەبێت چۆن سەرکردایەتی بکەین؟ بۆ پێناسەی ئەو سەرکردایەتییەش کە دەتوانێت لەم قۆناغەدا سەرکردایەتی بکات، چەند خاڵێکم دیاری کردووە:

- دەبێت تمووحمان هەبێت، بڕوابوون بە هێزی خێر، توانای خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی تازە، ئیرادەی بەهێز بۆ خۆڕاگرتن لە کاتە قورسەکان.

لە داڤۆس بینیم بەشداربووان سەرقاڵی ئەوە بوون کە چۆن هۆکاری هاندان بۆ هاریکاری لە نێوان هەموو خاوەن بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەدا دروست بکەن، لەوانە:

- حکومەت کە هێزی ئاراستەکردنی لایە، بزنس کە هێزی داهێنەرانەی لایە، ئەکادیمیا کە هێزی راستیی لایە. ئەگەر میدیاشی بۆ زیاد بکەین، ئەویش ڕەهەندی ڕەخنەی لایە.

لەم دیالۆگەدا ئێمە دەمانەوێت هەموو ئەمانە پێکەوە شێوەی ئایندە دیاری بکەن. بەڵام هەست بە بوونی نیگەرانییەکی قووڵ بۆ چەند ساڵی داهاتوو دەکەم، ئەو نیگەرانییە قووڵەش پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیایە، دەترسم لە بەرژەوەندیی مرۆڤایەتیدا نەبێت و نەتوانین هەموو پێکەوە سیاسەتێك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیای تازە بگرینەبەر، ئەگەر ئەمە نەکرا، ئەو هێزەی هەشمانە بەرەو تەکنەلۆژیا دەڕوات.

جووتیاران دەکرێت بە کڕینەوەی بەرووبوومەکانیان و دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانیان، لە هەمانکاتدا دەیان پڕۆژەی گەورەی کشتوکاڵی لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتیان پێ دراوە، بۆ ئەوەی لە کوردستان جێبەجێ بکرێن. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئاستی گەشەی کەرتی کشوکاڵ بەرەو ئەو کێرڤە دەچێت، کە لە ساڵانی داهاتوودا پێداویستیی ناوخۆی کوردستان پڕبکاتەوە و بەشێکیشی هەناردەی وڵاتان دیکە بکرێت.

بە پێکەوە گرێدانەوەی هەموو هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داڕشتنەوەی سیاسەتی ئابووریی هەرێمی کوردستان، ئابووریی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشە تازەکەی ئابووریی جیهان، ئابوورییەکی زیندوو دەبێت.

## • گەشەی دانیشتووان و گۆڕانکاری لەسەر دیموگرافیای کوردستاندا

لەبەر ڕۆشنایی کەلتووری پێکەوە ژیانی ئاشتی و برایەتی لە نێوان پێکهاتە و ئایینە جیاوازەکان کە لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، دیموگرافیای هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر ئەرێنی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و تەنیا لە شەڕی دژی داعشدا پێشوازی لە نزیکەی دوو ملیۆن پەنابەری سووریا و ئاوارەی شارەکانی دیکەی عێراق کردووە، هەروەها بە هۆی ئەو ئارامی و تەناهییەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە فەراهەم کراوە، ڕێژەی کۆچکردن لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندایە. ئەوەی جێگەی شانازییە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بووەتە نەوای ئارام بۆ هەموو ئایینە جیاوازەکانی ناوچەکە، ئێستا لە سەرانسەری عێراقدا تەنیا لە هەرێمی کوردستان پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بوونی هەیە. تێڕوانینی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم گۆڕانکارییە و هاتنی بە لێشاوی پەنابەران جیاوازە، بە پێچەوانەی سەرکردەکانی دیکەی جیهانەوەیە کە هەموویان کێشەی پەنابەرانیان کردووەتە کێشەیەکی گەورە، بە دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا و ئەمریکاشەوە، بە پێچەوانەوە هەوڵی داوە پەنابەرانیش وەك هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان وەك ئەو سەرچاوە مرۆییە بۆ دووبارە بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەکاربهێنێتەوە، لەمەشدا سەرکەوتوو بووە. هەر بۆ نموونە لە ناو پایتەختی هەرێمی کوردستان پێشتر گەڕەکێك هەبوو بە ناوی گەڕەکی عەینکاوە، ئێستا بە هۆی هاتنی پەنابەرانی برا کریستیانەکانەوە هێندە گەورە بووە کە حکومەت بڕیاری دا، لە ناو هەولێردا بکرێتە قەزایەکی سەربەخۆ، هیچ دووریش نییە لە ساڵانی داهاتوو ببێتە پارێزگایەکی سەربەخۆ لەناو پارێزگای هەولێردا.

## • گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بە سەر چەمکی «نەخوێندەواری و لیهاتوویی — Skill» و دەستپێشخەری بۆ تەبەنیکردنی زیرەکی دەستکرد.

کلاوس شواب لە لوتکەی حکومەتەکانی جیهان زۆر ڕاشکاوانە ڕایگەیاند «کاتێك لە ساڵی ٢٠١٥ کتێبی شۆڕشی پیشەسازی چوارەمم نووسی، زۆر لەو شتانەی باسم کردبوون، تەنیا خەیاڵی زانستی بوون، بەڵام ئێستا بوونەتە ڕاستی و لە دە ساڵی داهاتووشمان زۆر لە ئێستامان جیاواز دەبێت». هەر لەسەر هەمان پرس محەمەد گەرگاویش ئاماژەی بەوە کرد لە چەند ساڵی داهاتوودا زیرەکی دەستکرد دەگاتە ئەوەی تەنیا لە بواری ڕاگەیاندن ٩٠٪ی کارەکانی نووسینەوەی چیرۆکە هەواڵ و شرۆڤەی ڕووداوەکان و نووسینی وتارەکان تەنانەت نووسینی ڕۆمان و چیرۆك و شعریش زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت ئەنجامی بدات، ئینجا لەمەوە سەیری گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکانی دیکەشدا بکەن».

سەبارەت بە مەترسیی ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا گەرگاوی پێی گوتین: «ئێمە لە چرکەی یەکەمی، خولەکی یەکەمی، کاتژمێری یەکەمی، ڕۆژی یەکەمی، ساڵی یەکەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەژین».

کەواتە لوتکەی حکومەتەکان پێی گوتین:

**به هۆی ئەو ئارامی و تەناهییەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە فەراهەم کراوە، ڕێژەی کۆچکردن لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندایە**

**ئەوەی جێگەی شانازییە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بووەتە نەوای ئارام بۆ هەموو ئایینە جیاوازەکانی ناوچەکە، ئێستا لە سەرانسەری عێراقدا تەنیا لە هەرێمی کوردستان پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بوونی هەیە**

**لە ناو پایتەختی هەرێمی کوردستان پێشتر گەڕەکێک هەبوو بە ناوی گەڕەکی عەینکاوە، ئێستا بە هۆی هاتنی پەنابەرانی برا کریستیانەکانەوە هێندە گەورە بووە کە حکومەت بڕیاری دا، لە ناو هەولێردا بکرێتە قەزایەکی سەربەخۆ، هیچ دووریش نییە لە ساڵانی داهاتوو ببێتە پارێزگایەکی سەربەخۆ لەناو پارێزگای هەولێردا**

«پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کودەتایەکی کاولکەی بەسەر هەموو بوارەکانی خوێندن و زانست لە جیهاندا کردووە و سیستمی خوێندنی باش و خراپی تێکەڵاو کردووە و نەیهێشتووە، بۆیە دەبێت جیهان شۆڕشێکی تازە بەرپا بکات، بۆ ئەوەی سیستمێکی تازەی خوێندن بونیاد بنێتەوە».

لەناو ئەم گێژاوەی کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دروستی کردووە، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دیدگای شەخسی سەرۆک وەزیران بەو جۆرە تەرجەمەی واقیعی کردووە، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر تەبەنیی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە جومگە سەرەکییەکانی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، هەروەها ڕاشیگەیاند لە ساڵی ٢٠٢٥ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە حکومەتێکی دیجیتاڵی، ئەمەش هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە، سەبارەت بە بایەخی سەرۆک وەزیرانیش بە خوێندن و خوێندنی باڵا، لەگەڵ ئەوەی هەر دوو وەزارەتی «پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی» سیاسەتی تازە و بەرنامەی پێنج ساڵەیان ئامادە کردووە، بەڵام مەترسیی ئەو کودەتایەی کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەسەر چەمکی زانست و چەمکی نەخوێندەواری و چەمکی لێهاتوویی کردوویەتی و هیچ مانایەکی بۆ چەمکی خوێندن نەهێشتووەتەوە، ئەوا هەرێمی کوردستانیش پێویستە هاوشانی تەواوی دەوڵەتانی جیهان بەشێك بێت لەو شۆڕشەی کە پێویستە بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی سیستمی خوێندن لە جیهان داوا دەکرێت، لەم ڕوانگەیەوە کاتێك ڕۆئیای مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەکانی ناوخۆ و کێشە جیهانییەکان دەخوێنینەوە، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە لەم کێشە جیهانییەشدا بەشێك بێت لە چارەسەر بۆ هەموو جیهان، هەروەك چۆن لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشدا لەژێر فەرمانی سەرۆك بارزانی بووە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستانی داعش و کێشەیەکی گەورەی جیهانی چارەسەر بوو.




**محەمەد گەرگاوی**
**وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیرانی دەوڵەتی ئیمارات:**

# زیرەکیی دەستکرد توانی عەبقەرییەتی بتهۆڤن کۆپی بکات و سەمفۆنیای ١٠ تەواو بکات

کێشەی حکومەتەکان سەرچاوەکان نین، بەڵکو کێشەی شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو سەرچاوانەیە.

لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەدا بە دەیان کارەساتی سرووشتیمان بینیوە، کە پێشتر نەبووە، کە ئاکامەی سێ ترلیۆن دۆلار زیانی بە مرۆڤایەتی گەیاندووە.

بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنامان بینی، کە بە ملیۆنها کەس گیانی لەدەست داوە و زیاتر لە ١٢ ترلیۆن دۆلار زەرەری لە مرۆڤایەتی داوە.

بەداخەوە ئێستا شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەبینین و ئەم شەڕە تا ئێستا زیانی ٢,٨ ترلیۆن دۆلاری لە جیهان داوە.

بەرزبوونەوەیەکی ئەوتۆی نرخی خۆراك دەبینین کە لە ٦٠ ساڵی ڕابردوودا نەمانبینیوە.

لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا گەورەترین کۆچی گەلانمان بینیوە، ئەمەش واتە کۆچی چوار ملیار کەس لە جیهانی واقیعییەوە بۆ جیهانی دیجیتاڵی و ڤیرچواڵی.

سەبارەت بە داتاکان لە ماوەی یەك ساڵدا بە ڕێژەی ٥٠٠٠٪ زیادی کردووە، ئەم داتایانەش ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە دروستکردنی سیاسەت و ئابووریدا.

لە سەرەتای پەیدابوونی ئەنتەرنێتەوە هەتا ئێستا زیاتر لە (٣٠٠ ملیار لاپەڕە هەیە) لە بەرانبەر تەنیا (٧٠ ملیار لاپەڕە) کە بە درێژایی مێژوو لە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا نووسراون.

لەسەر ئاستی جیهان سەرکەوتوو بووین لە دیاریکردنی زنجیرەی DNA و کەمکردنەوەی ماوەکەی لە ١٣ ساڵەوە بۆ کەمتر لە کاتژمێرێك، توانیمان تێچووەکەی لە ١٠٠ ملیۆن دۆلارەوە کەم بکەینەوە بۆ کەمتر لە ٦٠٠ دۆلار.

زیرەکیی دەستکرد توانیویەتی شیکاریی عەبقەرییەتی بتهۆڤن بکات و کۆپی بکات و برگەی سەمفۆنیای ١٠ تەواو تەواو بکات، کە ٢٠٠ ساڵ بەسەر مردنیدا تێپەڕیوە.

ڕۆژنامەیەکی نێودەوڵەتی، بۆ نووسین زیرەکیی دەستکرد بە کار دەهێنێت، مانگانە ٣٠ هەزار چیرۆکی هەواڵی بە ڕێگەی زیرەکی دەستکرد بەرهەم دەهێنێت و، لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا زیاتر لە ٩٠٪ی هەواڵ، ستوونی بۆچوونەکان، وتار و شیکارەکان بە زیرەکیی دەستکرد بەرهەم دەهێنرێت.



## دکتۆر محەمەد عومەر مەولود بۆ گوڵان:

# دادگای ئیتیحادی نادەستوورییە و لە زۆربەی بڕیارەکانیشدا دەستووری پێشێل کردووە

کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان لە پابەندبوونی حکومەتی عێراق بە دەستوورەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەم دواییەش ئەوەی پێی دەگوترێت دادگای ئیتیحادیی عێراق، بە هۆی بڕیارە ستەمکارەکانی دژی هەرێمی کوردستان، کێشەکانی قووڵتر و ئاڵۆزتر کردووە، ئەم پرسانە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ دکتۆر محەمەد عومەر مەولوود پسپۆڕی یاساناس و ئەندامی لیژنەی نووسینەی پڕۆژە دەستووری عێراق.

*** ئاشکرایە لە پەیوەندی بە پرسی جێبەجێکردنی دەستوورەوە کێشە و ناکۆکی لە نێوان حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستاندا هەیە، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم بارەیەوە و پێتان وایە کێشەکە لە چیدا بەرجەستە بووە؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم، کە من خۆم لە دوای دامەزراندنی ئەنجومەنی حوکم لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەندامی لیژنەی نووسینەی پڕۆژە دەستووری عێراق بووم، کە زۆرێك لە ماف و شایستەکانی گەلی کوردستان لەم دەستوورەدا بەرجەستە بووە و چەسپێندراون، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هیچ یەکێك لەو مافانە جێبەجێ نەکراون، چونکە هەرچەندە سیستمی حوکمڕانیی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی دامەزراوە و ئێمەش هەرێمێکین لەو سیستمە فیدراڵییە، بەڵام بەداخەوە پاشگەزبوونەوەیەك لەم سیستمەدا بەدی دەکرێت و هیچ مافێك بە هەرێمی کوردستان ڕەوا نابیندرێت، بە چەشنێك کە سیستمی فیدراڵی بەرەو شکست دەڕوات. بۆ نموونە ڕێگە نادرێت هیچ هەرێمێکی فیدراڵی دروست ببێت، ئێوە بڕواننە ماددەی ١٤٠، کە تا ئێستا حکومەتی ئیتیحادی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەی فەرامۆش کردووە. کە ماددەی ١٤٠ زۆر گرنگە بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان هەرێم و عێراق، ئەم ماددەیەش بە چەند قۆناغێك جێبەجێ دەکرێت، هەنگاوی یەکەم ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچەکانە و پاشان سەرژمێرییە و دوا قۆناغی جێبەجێکردنیشی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە، کە پێویست بوو چەند ساڵێك پێش ئێستا جێبەجێ بکرایە، دواتر شۆڤێنییەکانی نێو عێراق دەڵێن ماددەی ١٤٠ کۆتایی هاتووە و بەسەر چووە، بەڵام ئەمە پێچەوانەی دەستووری عێراقە، کە چۆن ماددەی دەستووری دەمرێت، بەڵکو دەبێت ئەو دەستوورە ١٠٠٪ بە هەموو قۆناغەکانیەوە جێبەجێ بکرێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە کێشەی نەوت و غازەوە، ئەوا هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی نەوت و غاز بەرهەم بهێنێت و بیفرۆشێت، چونکە لەماددەی ١١٢ی دەستووری عێراق باس لەو بیرە نەوتانە دەکات ٢٠٠٥/١٠/٥ لە ئارادا بوون، بەڵام هەرێم دەتوانێت و مافی خۆیەتی ئەو بیرە نەوتانە بەڕێوە ببات کە لە دوای پەسەندکردنی دەستوورەوە دۆزراونەتەوە، ئەمە سەرباری پێشێلکارییەکانی دیکە لە پەیوەندی بە دەستەبەرنەکردنی شایستە داراییەکان و پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە و پرسی بودجە، کە لە بەرانبەر هەرێمی کوردستان کراون و دەکرێن. پوختەی قسەکە ئەوەیە کە پابەندنەبوونێك هەیە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە دەستوورەوە، بۆیە پێویستە ئەندام پەرلەمانەکانی کورد لە عێراق هەوڵی جددی بدەن، تاوەکو بڕگەکانی دەستوور کە پەیوەندیدارن بە هەرێمی کوردستانەوە جێبەجێ بکرێن، لەلایەکی دیکەوە بە پێی دەستوور- بە گوێرەی ماددەی ٤٨- دەسەڵاتی یاساداناني عێراق لە دوو ئەنجومەن پێك دێت (ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی هەرێمەکان) کە ئەمە گرنگترین و پێویسترین شتە لە سیستمی فیدراڵیدا و لە ماددەی ٦٥ دەڵێت: «ئەنجومەنێك پێك دەهێنرێت بە ناوی ئەنجومەنی ئیتیحادی کە نوێنەرایەتیی هەرێم و ئەو پارێزگایانە دەکات کە لە ناو هەرێمێك نین»، هەروەها بە پێی ماددەی ١٣٧ دەبووایە ئەم ئەنجومەنە لە خولی دووەمی پەرلەماندا دابمەزرێت، کە ئێستا خولی چوارەم تەواو دەبێت و ئەو ئەنجومەنە هەر دانەمەزراوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناشەرعی و نادەستوورین، چونکە ئەنجومەنی دووەم دانەمەزراوە. لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم بە پێی ئەو شارەزاییەی هەمە لە بواری دەستووردا- کە تێزی دکتۆراکەم لەسەر فیدراڵییە- ئەوا دەکرێت بڵێین بە ڕوونی پاشگەزبوونەوە لە فیدراڵی بەدی دەکرێت لە عێراقدا.

*** لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ دادگای فیدراڵی لە چوارچێوەی یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت «یاساکەی بریمەر» پێك هێنرا، بەڵام دوای پەسەندکردنی دەستوور ئەم دادگایە لە چوارچێوەی دەستووردا دووبارە پێك نەهێنرایەوە، ئایا دادگای ئێستای بەناو فیدراڵیی عێراق بە دادگایەکی دەستووری لە قەڵەم دەدرێت؟ ئایا ئەگەر پێش پەسەندکردنی دەستوور دامەزرابێت، چۆن مافی هەیە تەفسیری ماددە دەستوورییەکان بکات؟**

- لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمە باسێکی گرنگە، چونکە دادگای دەستووریی ئێستای عێراق بووەتە یەکێك لەو لایەنانەی خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سیستمی فیدراڵییە، کەواتە سەرەتا پێویستە بزانین ئەو دادگایە چۆن دروست بووە و ئایا ئەو یاسایەی ئێستا دادگاکە کاری پێ دەکات دەستوورییە، یان نا؟ لێرەدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٥ -پێش پەسندکردنی دەستوور- لەو کاتەدا ئەیاد عەلاوی کە سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق بوو، فەرمانی ژمارە٣٠ ساڵی ٢٠٠٥ی دەکرد، کە دادگای ئیتیحادی لە

**هەرچەندە سیستمی حوکمڕانیی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی دامەزراوە و ئێمەش هەرێمێکین لەو سیستمە فیدراڵییە، بەڵام بەداخەوە پاشگەزبوونەوەیەک لەم سیستمەدا بەدی دەکرێت و هیچ مافێک بە هەرێمی کوردستان ڕەوا نابیندرێت**

**پێویستە ئەندام پەرلەمانەکانی کورد لە عێراق هەوڵی جددی بدەن، تاوەکو بڕگەکانی دەستوور کە پەیوەندیدارن بە هەرێمی کوردستانەوە جێبەجێ بکرێن**

**دادگای دەستووریی ئێستای عێراق بووەتە یەکێک لەو لایەنانەی خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی سیستمی فیدراڵییە**

**یاسای دادگا بە جۆرێک هەموار کرایەوە، کە کورد هیچ ڕۆڵێکی نەبێت تێیدا، دادگاکە پێکهاتووە لە نۆ دادوەر، دووانیان سوننەن و دووانیان کوردن و پێنجیان شیعەن، بڕیارەکانیش بە زۆرینە دەردەچێت**

**هەر کاتێک گفتوگۆ لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا هەبێت بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان، دادگای ئیتیحادی بڕیارێک لە دژی ماف و بەرژەوەندییەکانی هەرێم و گەلی کوردستان دەردەکات**

**ئەگەر ئەو بڕیارانەی دادگای ئیتحادی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە قبووڵ بکرێن و جێبەجێ بکرێن، هیچ مانایەک بۆ فیدراڵییەت نامێنێت**

**هەندێک لە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە پرۆژە ئامادەکراوەکەی دەستووری هەرێم پاشگەز بوونەوە و بەهانەیان هێنایەوە بەوەی کە دەیانەوێت هەندێ ماددە و بڕگەی پرۆژەکە هەموار بکرێتەوە**

نۆ دادوەر پێك هێنرا، دووان لە دادوەرەکان کورد بوون، و هێشتا عێراق خاوەن دەستوور نەبوو، واتە دادگاکە کاتی بوو تاوەکو دەستوور دەردەچێت، دوای پەسەندکردنی دەستووری عێراقیش، لە ماددەی ٩٢دا باسی لەوە کردووە داگایەکی دەستووری دادەمەزرێت و ئەو دادگایە لەسێ چین و توێژ پێك دێت (١. ژمارەیەك دادوەر، ٢. پسپۆڕی بواری فیقهی، ٣. یاساناس) و ئەو دادگایەش بەپێی یاسایەك دادەمەزرێت کە دەبێت دوو لەسەرسێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی پێ بدەن و پەسند بکرێت، لەوکاتەدا تەنیا دادگا کۆنەکە هەبوو و لە ساڵی ٢٠٠٧ لە بەغدا لیژنەیەك دامەزرا بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی ئەو کات (مەدحەت ئەلمەحمود) هەر خۆیشی سەرۆکی دادگای ئیتیحادی بوو، و بە ئەندامیەتی چەند ئەندام پەرلەمانێکی شیعە، وەك ئەحمەد ئەلسافی و عەلی ئەدیب بوو و چەند داوەرێك لە بەغدا، وەك حوسێن ئەبو تمەن، لە کوردستانیش من دانرابووم وەك ئەندامی دادگای تەمییز، لەگەڵ خاتوو پەخشان زەنگەنە وەك ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ دانانی پڕۆژەی یاسای دادگای ئیتیحادی و یاسای ئەنجومەنی باڵای دادوەری لەسەر بنەمای دەستوور. لەو کاتە لەگەڵ لیژنەکە پڕۆژە یاسای دادگای ئیتیحادیمان دانا، ئەویش بە چەشنێك کە مافەکانی گەلی کوردستانیش بە شێوەیەك پارێزراو بێت، ئەوان نەتوانن بڕیارەکانی خۆیان بسەپێنن. پاشان ئەو پڕۆژە یاسایە درا بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کرا، کاتێك عێراقییەکان بینییان پڕۆژە یاساکە بۆ ئەو دادگایە لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە، ئەوە بوو ڕایانگرت و پێیان باش بوو بەردەوامی بە دادگای پێشوو بدەن، لە ساڵی ٢٠٢١ هەمواری دادگا کۆنەکەی ئیتیحادییان کرد، کە بە فەرمان دامەزرابوو، بڕیاریان دا، ئەو دادگایە لە کارەکانی بەردەوام بێت، لە کاتێکدا ئەم دادگایە دەستووری نییە، چونکە ماددەی ١٣٠ لە دەستوور دەڵێت ئەو یاسایانەی لە پێش دەستوور دەرچوون بەردەوام دەبن تاوەکو هەڵدەوەشێندرێنەوە، یان هەموار دەکرێنەوە، کە ئەویش دەبێت بە هەمان ڕێژەی دەستووری بێت، کە دوو لەسەر سێیە، واتە کە یاساکەش هەموار دەکرێتەوە، دەبێت بە دەنگی دوو لەسەر سێ بێت، نەك بە زۆرینە بێت، بەڵام ئەوان یاساکەیان بە زۆرینە هەموار کردەوە و ماددەی ٩٢ یشیان پێشێل کرد، کە پەیوەستە بە پێکهاتەی دادگاکەوە، واتە ئەم دادگایە لە چەند دادوەرێکی دادگا ئاساییەکانی وەك دادگاکانی تێهەڵچوونەوە و جونح و جینایەت و کاروباری کەسی پێك هاتوون، لە کاتێکدا دەبێت دادگای ئیتیحادی داوەرەکانی شارەزا و پسپۆڕ و دادوەری دەستووری بن. لە لایەکی دیکەوە یاسای دادگا بە جۆرێك هەموار کرایەوە،

کە کورد هیچ ڕۆڵێکی نەبێت تێیدا، دادگاکە پێکهاتووە لە نۆ دادوەر، دووانیان سوننەن و دووانیان کوردن و پێنجیان شیعەن، بڕیارەکانیش بە زۆرینە دەردەچێت، و دادگای ئیتیحادی ئێستای عێراق لە بەرژەوەندیی گەلی کورد و کوردستان نییە، بۆ نموونە هەر کاتێك گفتوگۆ لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا هەبێت بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان، دادگای ئیتیحادی بڕیارێك لە دژی ماف و بەرژەوەندییەکانی هەرێم و گەلی کوردستان دەردەکات.

*** کەواتە پێویستە چی بکرێت و لەم ڕووەوە چی دەتوانرێت بکرێت؟**

- پێم وایە دەکرێت هەموو لایەن و حزبەکانی کوردستان لە ڕێگەی پەرلەمانتارەکانیانەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەوڵ بدەن و داواکاری پێشکەش بکەن و جەخت لەوە بکەنەوە کە دەبێت دادگای ئیتیحاد بەپێی دەستوور دابمەزرێت و، ئەو دادگای ئیتیحادییەی ئێستا کە هەیە، دەستووری نییە. چونکە دەبینن لە دەستووری هەمیشەی عێراقی فیدراڵ لە ماددەی ٩٢ زۆر بە ڕوونی دیار کراوە کە دادگای ئیتیحادی چۆن دادەمەزرێت و دەبێت هەموو یاسایەك لە دوای دەرچوونی دەستوور، بەپێی دەستوورەکە بێت، بۆیە دووبارە تەئکید دەکەمەوە، دەبێت هەموو هەوڵەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کورد و کوردستان و ئەندام پەرلەمانەکانمان لە بەغدا بۆ ئەوە بێت کە ئەو دادگای ئیتیحادیەی بەو شێوەیە ئێستا هەیە، هەڵبوەشێتەوە و دادگایەکی دیکەی فیدراڵی بەپێی دەستوور و یاسا بۆ بەرژەوەندیی هەموو گەلی عێراق و هەرێمی کوردستان دابمەزرێت.

*** وەك یاساناسێك ئایا لەم قۆناغەدا هەرێمی کوردستان دەتوانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ بڕیارەکانی ئەم دادگا فیدراڵییە بکات، لە کاتێکدا ئێوە دەزانن بڕیارەکانی ئەم دادگایە قەتعی و مولزەمن و تەعن قبووڵ ناکات؟**

- ڕاستە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی قەتعی و مولزەمن و تەعن قبووڵ ناکەن، بەڵام چی دەکەیت

لە کاتێکدا دادگاکە خۆی دەستووری نەبێت و لە بارودۆخی تەعندا بێت؟ لەو کاتەدا پێویستە هەرێمی کوردستان خۆڕاگربێت و پێداگریی خۆی نیشان بدات، لەوەی بە هیچ جۆرێك ئەو بڕیارانە قبووڵ ناکات و پابەند نابێت پێیانەوە، بەڵکو سەرەڕای ئەوە داوا بکات دادگایەکی دەستووری دابمەزرێت بەپێی ماددەی ٩٢ی دەستوور، هەروەها لەکاتێکدا ئەگەر ئەو بڕیارانەی دادگای ئیتحادی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە قبووڵ بکرێن و جێبەجێ بکرێن، ئەوە هیچ مانایەك بۆ فیدراڵییەت نامێنێت.

*** بە گوێرەی دەستووری عێراق، هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی خاوەنی دەستوور بێت، بەڵام تا ئێستا هەرێمی دەستووری نییە، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان هەوڵی داوە هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستووری خۆی بێت، ئەوە بوو بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك لە پەرلەمانی کوردستان پێك هێنرا، منیش ئەندامی لیژنەکە بووم، پاش یەکگرتنەوەی ئیدارەی هەولێر و سلیمانی، لیژنەکە ئەندامانی سلێمانییش تێیدا دانران و چەندین کۆبوونەوە و گفتوگۆی تێروتەسەل و ورد لە لایەن لیژنەکە بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەنجام درا، پاشان پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئامادە کرا، واتە لە ساڵی ٢٠٠٢ لیژنەیەك بۆ نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان دامەزرێندرا و لە ساڵی ٢٠٠٥ لیژنەکە نوێ کرایەوە، من لە هەموو لیژنەکاندا شەرەفی ئەوەم بەرکەوت ئەندام بم و، توانرا پڕۆژەی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان ئامادە بکرێت و لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەو پڕۆژەی دەستوورە لە پەرلەمانی کوردستان خوێندرایەوە و دەنگی لەسەر درا، کە لە کۆی ٩٨ ئەندامی پەرلەمان ٩٧ ئەندام دەنگیان بە پڕۆژە کەدا، بڕیار بوو بخرێتە ڕاپرسییەوە و کاتی ڕیفراندۆمەکەش دیاری کرا، کە ٢٥ی ٩ی ٢٠٠٨بێت، لە پاشان نووسراو بۆ کۆمیسیۆنی باڵای بەغدا کرا، وەڵامەکەیان ئەوە بوو ئامادەییمان نییە ڕیفراندۆم بۆ دەنگدان لەسەر پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەین. پاشان هەندێك لە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە پڕۆژە ئامادەکراوەکەی دەستووری هەرێم پاشەکشەیان کرد، دەتوانین بڵێین پاشگەز بوونەوە و بەهانەیان هێنایەوە بەوەی کە دەیانەوێت هەندێ ماددە و بڕگەی پڕۆژەکە هەموار بکرێتەوە. یەکێك لە پاساوەکانیان ئەوە بوو ئەو پڕۆژە دەستوورە لەسەر سیستەمی سەرۆکایەتی دانراوە و دەمانەوێت پەرلەمانی بێت، واتە هەر ئەو لایەن و حزب و کەسانە بوون، وایان کرد کە دەستووری هەرێمی کوردستان پەسند نەکرێت. عێراق لە ٢٠٠٣/٤/٩ ڕزگاری بوو لە ڕژێمی سەدام و لە ساڵی ٢٠٠٥ بوو بە خاوەن دەستووری خۆی، مانای چییە کە کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە پەرلەمانی خۆی هەیە و دەستووری نییە، کە دەستوور سوودی زۆری بۆ هەموو وڵات و گەلێك هەیە، وەك، یەکەم: لە ناوەندە جیهانی و نێودەوڵەتییەکاندا ڕێز و تەقدیرێکی زیاتر بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەبێت. دووەم: وڵاتانی دونیا بە چاوێکی شایستە سەیری هەرێمی کوردستان دەکەن، کە ئێمە وەڵاتێکین سەروەریی یاسا تێیدا باڵادەستە. سێیەم: لە کاتی بوونی دەستووردا دەسەڵاتەکان (دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) پابەندی دەستوورەکە دەبن و هەر دەسەڵاتێك سنووری دەسەڵاتی خۆی دەزانێت. چوارەم: هەبوونی دەستوور گرنگییەکی تەواوی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ هەیە و بەپێی ئەو دەستوورە کەس ناتوانێت زێدەڕۆیی لەسەر هیچ کەس و مافێکی شەخسی و کۆمەڵایەتی و.. بکات، چونکە دەستوور خۆی بریتییە لە دەسەڵاتەکان و مافەکان، پێنجەم: ئەگەر دەستوور نەبێت، کارکردن و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکان فەوزای تێدا دروست دەبێت. شەشەم: بە هەبوونی دەستوور هیچ لایەن و حزبێك ناتوانێت تەجاوز و دەستتێوەردان لە دەسەڵات و حوکمڕانیدا بکات. حەوتەم: دەستوور پارێزگاری لە سیستمی وڵات و حوکمڕانی دەکات و سیستمەکە بەهێز دەکات. هەشتەم: لە کاتی ئەوەی دەستوور هەبێت، ئەوە دادگای دەستووریمان دەبێت، لەو کاتەی هەر لایەن و دەسەڵاتێك تەجاوز بکەن، ئەوە لایەنی بەرانبەر دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات. هەر بۆیە هەبوونی دەستوور زۆر پێویستە بۆ کوردستان و پاش زیاتر لە ٣٠ساڵ لە ئازادی و دیموکراتیی هەرێمی کوردستان، لەنگی و عەیبەیەکی گەورەیە لە هەرێمی کوردستاندا دەستوورمان نییە. هەموو وڵاتانی دونیا لە پاش ڕزگاربوونیان پێش هەموو شتێك بیر لە دانانی دەستوور دەکەنەوە، وەك نەخشەڕێگەیەك بۆ هەڵسووڕان و بەڕێوەچوونی وڵات، هەر بۆ نموونە ئەمریکا لە ساڵی ١٧٧٦ ڕزگاری بوو، لە ساڵی ١٧٨٧ دەستووری دانا. بۆیە لێرەدا تەئکید دەکەمەوە کە پێویستە هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی.

**عێراق لە ٢٠٠٣/٤/٩ ڕزگاری بوو لە ڕژێمی سەدام و لە ساڵی ٢٠٠٥ بوو بە خاوەن دەستووری خۆی، مانای چییە کە کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە پەرلەمانی خۆی هەیە و دەستووری نییە**

**بە هەبوونی دەستوور هیچ لایەن و حزبێک ناتوانێت تەجاوز و دەستتێوەردان لە دەسەڵات و حوکمڕانیدا بکات**

**هەموو وڵاتانی دونیا لە پاش ڕزگاربوونیان پێش هەموو شتێک بیر لە دانانی دەستوور دەکەنەوە، وەک نەخشەڕێگەیەک بۆ هەڵسووڕان و بەڕێوەچوونی وڵات**



**دکتۆر گۆڤەند شێروانی**

پسپۆڕی بواری وزە بۆ گوڵان:

# دژایەتیکردنی نەوتی کوردستان هیچ پێگەیەکی دەستووری بۆ دەستووری هەرێمی کوردستانیش نەهێشتووەتەوە، واتا عێراق لە ناوەڕۆکی فیدراڵییەتەکەی بەتاڵ دەکاتەوە

# پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا جێگەی گەشبینییە و ڕۆژئاوا ڕێگە نادەن هەناردەی ڕاوەستێت

**کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، وێڕای ئاستەنگ و بەربەستەکان، هەرێمی کوردستان بووەتە ژمارەیەکی گرنگ لە ناو وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتدا و ڕۆژئاوا پاڵپشتیی بەردەوامبوونی هەناردەکردنی دەکەن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر گۆڤەند شێروانی پسپۆڕی بواری وزە کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** سەرەتا وەکو پسپۆڕێکی بواری جیولۆجیی نەوت و گاز، دەکرێت لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، هەرێمی کوردستان و عێراق لە ڕووی ئەم دوو سامانەوە لە کوێی نەخشەی وزەی جیهاندان؟**

- مێژووی دەرهێنان و پیشەسازیی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا بەراورد بە زیاتر لە ١٠٠ ساڵی عێراق مێژوویەکی دوور و درێژ نییە، بەڵام ئاستی گەشەسەندن و پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستان زۆر خێراترە و، بگرە هەرێم لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بە هەوڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان چووە سەر نەخشەی جیهانیی نەوت و گاز. بە شێوەیەکی گشتی یەدەگی نەوتی عێراق بە ١٥٣ ملیار بەرمیل و هەرێمی کوردستان بە ٢٠-٣٠ ملیار بەرمیل دەخەمڵێندرێت و لە بواری گازی سرووشتیدا عێراق نزیکەی ١٣٠ تریلیۆن پێ سێجا و هەرێمی کوردستان ١٠-٢٠ تریلیۆن پێ سێجا یەدەگی گازی سرووشتی هەیە، بەمەش عێراق و هەرێمی کوردستان پێکەوە لە ناو وڵاتانی ئۆپێکدا بە پلەی دووەم دێن لە ئاستی هەناردەکردنی نەوت و، چوارەم یەدەگی نەوتیشی هەیە، لەسەر ئاستی جیهاندا لە بواری کەرتی گازی سرووشتیدا عێراق و هەرێمی کوردستان لە پلەی یانزدەیەمین دێن.

ئەم ئامار و داتایانە ئەوە دەردەخەن، کە عێراق و هەرێمی کوردستان پێکەوە چ هێزێکی ئابووری و دارایی پێك دەهێنن، ئەگەر ئەم سامانە بە شێوەیەکی زانستی و ڕێکوپێك وەبەرهێنانی تێدا بکرێت.

**هەرێم لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بە هەوڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان چووە سەر نەخشەی جیهانیی نەوت و گاز**

*** ئەگەر باسێکی گازی سرووشتی بکەین، بەو پێیەی لە دوای شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە قسە و باسێکی زۆر لەسەر ئەم سامانە دەکرێت، کەچی لە عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا بەپێی پێویست نەتوانراوە پەرەپێدان لە کێڵگەکانی گازدا بکرێت، ڕێژەیەکی زۆری گازمان بەفیڕۆ دەچێت و دەسووتێت، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- گازی سرووشتی یەکەمین بەدیلی نەوتە لە ڕووی تێچوون و پاراستنی ژینگەوە، لە دوای شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و سەپاندنی گەمارۆ لەسەر کەرتی گازی ڕووسیا، بەهای گازی

**لە دوای شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و سەپاندنی گەمارۆ لەسەر کەرتی گازی ڕووسیا، بەهای گازی سرووشتی لە جیهاندا چوار هێندەی ساڵی ٢٠٢٠ زیادی کردووە**

**هەموو سەردان و گفتوگۆکانی شاندە ئەمریکی و ئەوروپاییەکان بۆ دوو مەبەستی سەرەکییە، ئەویش بەردەوامبوون لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت و پەرەپێدانی کێڵگەکانی گازی سرووشت**

**لە هەرێمی کوردستانیش بە هۆی ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەغداوە نەتوانراوە سامانی گازی سرووشتی وەکو پێویست سوودی لێ وەربگیرێت**

**بۆ یەکەمین جار توانرا لە گازی بەفیرۆچووی کێڵگەی نەوتی گەرمیان ٣٥٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنرێت**

**تا ئێستا لە عێراق یاسایەکی نەوت و گازمان نییە، تاوەکو بەپێی ئەو یاسایە کەرتی نەوت و گاز لە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕێك بخرێت**

سرووشتی لە جیهاندا چوار هێندەی ساڵی ٢٠٢٠ زیادی کردووە، جیهانیش لە ئێستادا لە دوای لووتکەی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاراستنی ژینگە، ڕوو لە بەکارهێنانی وزەیەك دەکەن کە دۆستی ژینگە بێت و بە وزە پاك و خاوێنەکان ناو دەبرێت، ئەمە جگە لەوەی توانای گازی سرووشتی زیاترە بەراورد بە وزەکانی دیکەی وەکو نەوتی خاو، هەموو ئەمانە بەهای جیهانیی گازی سرووشتییان بەرز کردەوە، بەو پێیەی گازی سرووشتی بۆ دوو سێ مەبەست بەکار دەهێنرێت، یەکەم، وەکو سەرچاوە بۆ وزە، دووەم، وەکو سەرچاوەیەکی هەرزان بۆ کارپێکردنی وێستگەکانی کارەبا، سێیەمیان، وەکو سەرچاوەیەك بۆ بەرهەمهێنانی پەیینی کیمیاوی، چونکە گۆگردیان تێدایە. هەموو سەردان و گفتوگۆکانی شاندە ئەمریکی و ئەوروپاییەکان بۆ دوو مەبەستی سەرەکییە، ئەویش بەردەوامبوون لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت و پەرەپێدانی کێڵگەکانی گازی سرووشتی، بەداخەوە لە عێراقدا کەمتەرخەمییەکی زۆر لە بواری گازی سرووشتیدا هەیە و ئەو دەرفەتە زێڕینەی لەدەست داوە، ئەم وڵاتە ساڵانە ١٨ ملیار پێ سێجا گاز دەسووتێنێت، وێڕای ئەو یەدەگە گەورەیەی گازی سرووشتی کە هەیەتی و دەتوانێت هەموو وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا کاری پێ بکرێت، کەچی کەمتەرخەمییەکی زۆر هەیە، لە هەرێمی کوردستانیش بە هۆی ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەغداوە نەتوانراوە سامانی گازی سرووشتی وەکو پێویست سوودی لێ وەربگیرێت، هەرچەندە بۆ یەکەمین جار توانرا لە گازی بەفیرۆچووی کێڵگەی نەوتی گەرمیان ٣٥٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنرێت، بڕێك گازیش بۆ بەگەڕخستنی هەر دوو وێستگەی غازی لە هەولێر و سلێمانی بەکار دەهێنرێت، دەکرێت چەند یەکەیەکی دیکەش بە گازی سرووشتی بە گەڕ بخرێت. ئێمە لە پارێزگای دهۆك وێستگەی کارەبامان بە توانای بەرهەمهێنانی ١٠٠٠ مێگاوات هەیە، ئەگەر بۆریی غازی بۆ تەواو بکرێت، پەرەپێدانێکی گەورە بە خۆیەوە دەبینێت، بەڵام بەردەوام لەلایەن نەیارانی کوردەوە ئاستەنگی بۆ دادەنرێت.

*** مەبەستتان لەو ئاستەنگ و بەربەستانەی دادگای بەناو فیدراڵیی عێراقە کە بۆ دژایەتیکردنی پەرەپێدانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان بەردەوام دەدرێت؟**

- ئاستەنگ و بەربەستەکان زۆرن، یەکێکیان بڕیارە نادەستووری و نایاساییەکانی دادگای فیدراڵیی عێراقە دژی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، خۆ تا ئێستا لە عێراق یاسایەکی نەوت و گازمان نییە، تاوەکو بەپێی ئەو یاسایە کەرتی نەوت و گاز لە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕێك بخرێت، لە کاتێکدا لە هەرێمی کوردستان یاسایەك هەبوو بە ناوی یاسای ژمارە ٢٠ی ساڵی ٢٠٠٧ و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان و زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت هەبوو، کەچی لە شوباتی ساڵی ڕابردوو دادگای فیدراڵی ئەم یاسایەی بە نادەستووری لە قەڵەم دا، لە کاتێکدا زۆر ڕوونە کە مەرامی سیاسیی لە پشتەوە بووە، ئەمە وێڕای ئەوەی لەسەر ئاستی عێراق تەنیا سێ ماددە هەیە لە دەستووردا ئاماژە بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز دەکات، ئەویش ماددەکانی ١١١ و ١١٢ و ١١٥ هەموو ئەم بڕگانەش زۆر بە کورتی باس کراون، بۆیە ناکرێت هەموو کێشەکانی ناوەند لەگەڵ پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ئیجتیهادات بۆ ئەو سێ بڕگەیە چارەسەر بکرێت.

لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی هەبوو، بەڵام پەسەند نەکرا و دەرنەچوو، بەمەش بۆشاییەکی یاسایی دروست بووە و دەبێت بگەڕێینەوە سەر ماددە دەستوورییەکان، بەتایبەتی بڕگەی ١١٢ کە ماف دەداتە پارێزگا و هەرێمەکان، واتا هەرێمی کوردستان بۆ بەهاوبەشی بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتی و گازییەکانی کە پێش ساڵی ٢٠٠٥ هەبووە، لە هەمان کاتدا ماددەیەك هەیە (١١٥) کە دەڵێت ئەگەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ کێڵگەیەکی نەوت و گازی تازە دۆزرایەوە، ئەوا بە کێڵگەی نوێ هەژمار دەکرێت و ناکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حەسریی حکومەتی فیدراڵییەوە، ئالێرەدا ئەوان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئاماژە بەم بڕگەیە ناکەن، بە واتایەکی دیکە بڕیارەکەی دادگای دەستووری دژی بە هاوبەشی بەڕێوەبردنی کێڵگەکانی نەوتە،

واتا دژی دەستووری هەمیشەیی عێراقیشە و هیچ پێگەیەکی دەستووریی بۆ دەستووری هەرێمی کوردستانیش نەهێشتووەتەوە، واتا عێراق لە ناوەڕۆکی فیدراڵییەتەکەی بەتاڵ دەکاتەوە.

*** لە ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکومەتدا لەگەڵ لایەنەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت (تحالف ادارة الدولة) باس لەو خاڵانە کراوە کە لە ماوەی شەش مانگدا بە هەماهەنگی لە نێوان ناوەند و هەرێمدا یاسایەکی نوێی نەوت و گاز دەربچێت، ئایا ئەم هەنگاوە چارەسەری دۆخەکە ناکات؟**

- لە ناو ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا وردەکاریی چۆنیەتی هەماهەنگی و دەرکردنی یاسای نەوت و گاز هەیە، بە ڕادەیەك تا دەرچوونی ئەم یاسایە هیچ بارگرژی و کردەوەیەکی دژایەتیکردن نەبێت، ئەمەش لە بەرنامەی کابینە وەزارییەکەی سوودانی ئاماژەی پێ داوە و دواتر پەرلەمانی عێراق لە ٢٧ی ١٠ی ساڵی ٢٠٢٢ پەسەندی کرد، ئێستا سێ مانگ تێپەڕی و دواتر ڕەشنووسەکە کە لە حکومەت هاتە ناو پەرلەمان، دەبێت لایەنەکانی ئیتاری تەنسیقی پشتگیریی بکەن و لە وردەکاریدا بیروڕای جیاواز دروست نەکرێت و گۆڕانکاری بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکرێت.

لە عێراقدا دوو یاسای گرنگ دەبێت لەم خولەی پەرلەماندا دەربچێت، کە گرنگیی زۆری دەبێت، پێویستە هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد و بە سوننەشەوە لە پڕۆژە یاسای بودجە و پڕۆژە یاسای نەوت و گازدا یەکگرتوو بن و، هەردوو یاساکە ئیشکالیاتی لەسەر یەك هەیە، ناکرێت ڕێگە بدرێت بە بێ یاسا دادگای فیدراڵی هەر بڕیار بیەوێت دەری بکات.

*** باسی ئەو پەرەپێدانەت کرد کە لە کەرتی نەوت و گاز بەراورد بە عێراق لە هەرێمی کوردستاندا ڕووی داوە و خێراترە، ئایا ناکرێت لەپێناو سوودوەرگرتنی زیاتری ئەم سامانە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و دابینکردنی پێداویستییەکانی نەوت و بەنزین و گاز لە نێوخۆدا هەنگاوی زیاتر بنرێت؟**

- هەرێمی کوردستان ڕۆژانە ٤٢٠-٤٣٠ هەزار بەرمیل نەوت لە بۆریی نەوتی کوردستان – تورکیاوە لە ڕێگەی بەندەری جیهانی تورکیاوە ڕەوانەی دەرەوە دەکات، ئەم بڕە نەوتەش بەراورد بە تەمەنی کورتی پیشەسازیی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا قورسایی خۆی هەیە لە بازاڕە جیهانییەکاندا، لە ئاستی گازیشدا بەرهەمی بۆ کارپێکردنی وێستگەکانی کارەبا هەیە، ئەمە لە کاتێکدا عێراق ڕۆژانە ٥٠ – ٧٠ ملیۆن پێ سێجا لە ئێران دەکڕێت و ساڵانە دوو ملیار دۆلار بۆ ئەم بوارە دەچێت، هەرێمی کوردستان ڕۆژانە گازی سرووشتی لە کێڵگەی کۆرمۆر و گەرمیان و میران بەرهەم دەهێنێت، کەچی عێراق ئامادەیە لە ئێرانی بکڕێت و ئامادە نییە لە هەرێمی کوردستانی بکڕێت، کە لە ڕوانگە ئابوورییەکەیەوە چەندین سوودی زیاترە و تەنانەت لە ڕووی کڕینی کارەباشەوە ئێمە چەندین وێستگەی کارەبامان هەیە بە هۆی کەمیی سووتەمەنییەوە بە تەواوی توانای خۆی کار ناکات، دەکرێت عێراق سوودیان لێ وەربگرێت، بەتایبەتی وێستگەی کارەبای دهۆك کە توانای بەرهەمهێنانی ١٠٠٠ مێگاوات کارەبای هەیە.

ئێمە و عێراقیش لەسەر ئاستی نەوتی سپی و بەنزین و گازی ماڵان کورتهێنانمان هەیە و زۆر تەرکیز نەکراوەتە سەر بڕ و کوالێتی، لەکاتێکدا عێراق گەورەترین پاڵاوگەی هەبوو (پاڵاوگەی بێجی) کە ڕۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی دەپاڵاوت و بە دەیان بەرهەمی لێ دەردەهێنا، کەچی دوای ٢٠ ساڵ تەنیا توانرا یەك پاڵاوگەی نوێ لە کەربەلا دروست بکەن بە توانای ١٢٠ هەزار بەرمیل، منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام، پێش ئەوەی بیر لە هەناردەکردنی نەوتی خاو بکرێتەوە، پێویستە ڕیزبەندی بدرێتە ناوخۆ کە کەڵکی ئابووری و قازانجەکەی زۆر زیاترە. لە هەموو حاڵەتێکدا بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان وێڕای تێبینی و سەرنجەکانمان هەنگاوی دڵخۆشکەرن و دەکرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆش هەنگاوی گەورە بنرێت.

**لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی هەبوو، بەڵام پەسەند نەکرا و دەرنەچوو، بەمەش بۆشاییەکی یاسایی دروست بووە**

**بڕیارەکەی دادگای دەستووری دژی بە هاوبەشی بەڕێوەبردنی کێڵگەکانی نەوتە، واتا دژی دەستووری هەمیشەیی عێراقیشە و هیچ پێگەیەکی دەستووریی بۆ دەستووری هەرێمی کوردستانیش نەهێشتووەتەوە**


**هەرێمی کوردستان ڕۆژانە گازی سرووشتی لە کێڵگەی کۆرمۆر و گەرمیان و میران بەرهەم دەهێنێت، کەچی عێراق ئامادەیە لە ئێرانی بکڕێت و ئامادە نییە لە هەرێمی کوردستانی بکڕێت**

**پێش ئەوەی بیر لە هەناردەکردنی نەوتی خاو بکرێتەوە، پێویستە ڕیزبەندی بدرێتە ناوخۆ کە کەڵکی ئابووری و قازانجەکەی زۆر زیاترە**



# نەوت و گاز پێگەی هەرێمی لەسەر نەخشەی وزەی جیهان بەهێزتر کردووە





## د.بێوار خنسی

**راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شارەزای وزە**

■ تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

سیاسەت و بەرنامە ئابوورییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی لەباری بۆ وەبەرهێنان و پەرەپێدانی کەرتی نەوت و وزەی لێ کەوتووەتەوە. هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستە نادەستووری و نایاسایی و سەربازییانەشی دژ بە (یاسای نەوت و گازی کوردستان و کێڵگە و بلۆك و بیرە نەوتەکان و هەناردەکردنی نەوت) بەکار هێنران، نەیانتوانی ئەم پەرەپێدان و پێشکەوتنەی نەوت و گاز ڕابگرن، ئەم دەستکەوتەش هەر وا لە خۆڕا نەهاتووە و بە ڕەنج و قوربانیدانێکی زۆری پێشمەرگە و خۆڕاگریی سەرۆك بارزانی بەرهەم هاتووە.

پێشتر سامان و داهاتی نەوت بۆ شەڕ و کڕینی چەك و تەقەمەنی و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان بەکار دەهێنرا، لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا سەرۆك بارزانی بوو کە ڕێگەیەکی گونجاوی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم سامانە دۆزییەوە، تاوەکو لە دەستووردا هەموو دەسەڵاتەکان لە ناوەندەوە بەکار نەهێنرێت و پارێزگا و هەرێمەکانیش مەبەست لێی هەرێمی کوردستانە، سەربەخۆییەکی باشیان هەبێت، ئەمەش هەمووی لە پێناوی ئەوەی ڕۆحی فیدراڵییەت و ئەو پرەنسیپانەی عێراقی نوێی لەسەر دامەزراوە، جێبەجێ بکرێت، لە نامەرکەزی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانە بە سەر سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی و هاوبەشیکردنی بەڕێوەبردنی وڵاتەوە، پەرەپێدانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر بەراورد بکرێت بە ١٠٠ساڵ زیاتری دۆزینەوەی نەوت لە کوردستان و دواتر لە عێراقدا، ئەوا وەرچەرخانێکی گەورە دەبینین، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا گەورە کۆمپانیاکانی شارەزا لە بواری نەوت و گاز ڕوویان لەم هەرێمە کردووە و دەرفەتێکی گەورەیان بۆ بەهێزبوونی قەوارەی هەرێم دروست کردووە، تاوەکو هەرێم پشت بەخۆی ببەستێت و لە پاشکەوتەیی ڕزگاری ببێت، هەرواش بوو لە زەمەنی گەمارۆ و بڕینی بەشە بودجە و شەڕی داعش و پەتای کۆرۆنا و تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، ئەگەر ئەم داهاتەی نەوت نەبووایە هەر زوو بە هیلاك دەچووین.

**گەورە کۆمپانیاکانی شارەزا لە بواری نەوت و گاز ڕوویان لەم هەرێمە کردووە و دەرفەتێکی گەورەیان بۆ بەهێزبوونی قەوارەی هەرێم دروست کردووە، تاوەکو هەرێم پشت بەخۆی ببەستێت و لە پاشکەوتەیی ڕزگاری ببێت**

**لە زەمەنی گەمارۆ و بڕینی بەشە بودجە و شەڕی داعش و پەتای کۆرۆنا و تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، ئەگەر ئەم داهاتەی نەوت نەبووایە هەر زوو بە هیلاك دەچووین**

**بە ئیرادەی پۆڵایینی سەرۆک بارزانی و پاڵپشتیکردنی هەردوو بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت، فاکتەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد وەرچەرخان**

**لە دوای هێرشی رووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا بە زەقی دەرکەوت، ئەوا خواستی ئەوروپا و جیهان بۆ نەوت و گاز بە ڕێژەی ٦٪ بەرز بووەتەوە، ئەمەش لە قازانجی کوردە**

**هەنگاوەکانی بە پیشەسازیکردنی نەوت و پرۆژەکانی پترۆکیمیاوی و بونیادنانی پاڵاوتگەی گەورە و پێشکەوتوو دەستیان پێ کردووە و، وایان کردووە سوودی ئابووریی بەرمیلێک نەوت چەندین هێندەی خۆی بەرز ببێتەوە**

**ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێت هاوشێوەی زۆر لە وڵاتانی ئەوروپا بە شێوەیەکی زانستی و سەلامەت گازی شل بگەیەنێتە ماڵان، ئەوا کەڵکی ئابووری و داهاتی بەرهەمهێنانی گاز زۆر زیاتر دەبێت**

لە ناو گەرمەی ئەو نائارامی و ناسەقامگیرییەی ناوچەکە بە خۆیەوەی دەبینێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتی هەناردەکردن و سامانی نەوت و گازی بەکار هێنا بۆ مووچە و بەردەوامیی خزمەتگوزارییەکان و، ئەنجامدانی دەیان پرۆژە و بەرهەمهێنانی کارەبا و پاراستنی ئارامی و سەقامگیری، ئەمەش بەپێی ویست و خواستی دوژمنەکانی کورد نەبوو، بۆیە بە ڕێگەی نادەستووری و نایاسایی و بەهێرشی مووشەکی و درۆن هێرش کرایە سەر ژێرخانی کێڵگە و پاڵاوتگە و پیشەسازیی نەوت و گازی کوردستان، بەڵام بە ئیرادەی پۆڵایینی سەرۆک بارزانی و پاڵپشتیکردنی هەردوو بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت، فاکتەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد وەرچەرخان. لە نێوخۆدا فاکتەری پاراستنی ئارامی و سەقامگیری و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش متمانە و باوەڕی وڵاتان و حکومەت و کۆمپانیاکانیان بە ژینگەی لەباری کوردستان وایان کرد، کە لە ماوەیەکی کورتدا کاروباری پشکنین و ڕووپێوی و دەرهێنان و هەناردەکردن و تەنانەت کاری پیشەسازیی نەوت و پاڵاوتگەکان گۆڕانکاریی گەورە بەخۆیانەوە ببینن، خۆ ئەگەر باسی فاکتەرەکانی دەرەکیش بکەین کە لە دوای هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا بە زەقی دەرکەوت، ئەوا خواستی ئەوروپا و جیهان بۆ نەوت و گاز بە ڕێژەی ٦٪ بەرز بووەتەوە، ئەمەش لە قازانجی کوردە، چونکە ڕێگە نادەن لە بازاڕە جیهانییەکاندا خستنەڕووی ئەم دوو سامانە ستراتیژییە کەم ببێتەوە و نرخەکەش لەوە زیاتر بەرز ببێتەوە.

بەپێی ڕووپێو و توێژینەوە زانستییەکانی گەورە کۆمپانیاکانی جیهان کە لەسەر نەوت و گازی کوردستان ئەنجامیان داوە، یەدەگی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستانیان بە ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت و گازی سرووشتی بە ٥،٧ تریلیۆن پێ سێجا خەمڵێندراوە، ئەمەش پاڵنەرێکی باشی هاتنی گەورە کۆمپانیا بەناوبانگەکانی جیهانە کە توانایەکی بەرزیان بۆ گەڕان و پشکنین و دەرهێنان و ناردنە دەرەوە و بگرە لە پیشەسازیی نەوت و پاڵاوتگەکاندا هەیانە.

لەم دواییەشدا هەنگاوەکانی بەپیشەسازیکردنی نەوت و پرۆژەکانی پترۆکیمیاوی و بونیادنانی پاڵاوتگەی گەورە و پێشکەوتوو دەستیان پێ کردووە و، وایان کردووە سوودی ئابووریی بەرمیلێک نەوت چەندین هێندەی خۆی بەرز ببێتەوە، خۆ ئەگەر هەرێمی کوردستان بتوانێت هاوشێوەی زۆر لە وڵاتانی ئەوروپا بە شێوەیەکی زانستی و سەلامەت گازی شل بگەیەنێتە ماڵان، ئەوا کەڵکی ئابووری و داهاتی بەرهەمهێنانی گاز زۆر زیاتر دەبێت. لە ئێستا کە بەشی زۆری بۆ کارپێکردنی یەکەکانی وێستگە گازییەکانی کارەبا بەکار دەهێنرێت، نەوتیش بە هەمان شێوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆ لە سووتەمەنییەکان بەکار بهێنرێت. بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر گاز و کبریتی لەگەڵ دەردەچێت، کە پێی دەڵێن گازی موساحیب، بۆ یەکەمینجاریش لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق ١٦٥ مێگاوات کارەبا لە گازی بەفیڕۆچووی کێڵگەی نەوتی کەلار بەرهەم هێنرا و گرێبەستی دیکەش بۆ ئەم مەبەستە واژوو کراوە. پرۆسەکانی چاکسازی لە کابینەی نۆیەمدا لە هەردوو کەرتی نەوت و گازدا سوودی گەورەی هەیە، بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکان و لە چەند ساڵی داهاتوودا دەرئەنجامەکەی دەردەکەوێت.

هەموو ئەم دەستکەوتانە وایان کرد دادگای بەناو فیدراڵی لە کاتێکی زۆر هەستیاردا و بۆ مەرامێکی سیاسی و مەزهەبی سکاڵای ١٢ ساڵ پێش ئێستا زیندوو بکاتەوە، ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە ئەو دەمەی سەرۆک بارزانی هەوڵێکی زۆری دا نەوت و گاز بە دادپەروەرانە و نامەرکەزی بۆ خێر و خۆشیی سەرجەم گەلانی عێراق و کوردستان بەکار بهێنرێت و، لە ناو دەستوورێکی هەمیشەییدا جێگەی ئەو مادەدانەی کردەوە کە زامنی دادپەروەری و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دەبەخشێتە پارێزگا و هەرێمەکان، مەبەست لێی هەرێمی کوردستانە. بە پێی ماددەی ١١١ی دەستوور دەسەڵاتە حەسرییەکانی دیاری کردووە و تەنانەت لە ماددەی ١١٥ی دەستووری عێراقدا هاتووە، کە ئەگەر ناکۆکی لە سەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵیی

عێراق و حکومەتە هەرێمییەکان دروست بوو، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکەیە، تەنانەت بڕیارەکە هیچ جیاوازییەکی لە نێوان کێڵگە نوێیەکان و کێڵگە کۆنەکانی نەوتدا نەکردووە، لەمەشدا یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پێشینەی دەستووری و یاسایی هەیە، کاتێکیش لەم کابینەیەدا کەسانی عاقڵ و نیشتمانپەروەر بە ئاگا هاتنەوە و لێکتێگەیشتنیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبوو، سەرجەم بڕیارە نادەستوورییەکانیان ڕاگرت، تاوەکو بە هاوبەشی یاسای نەوت و گاز بۆ بەرژەوەندیی هەمووان دەربچێت و کەس تێیدا زەرەرمەند نەبێت.

گازیش لە هەرێمی کوردستاندا بە سامانێکی دەوڵەمەند و پاک و تێچوونێکی کەمتر دادەنرێت، هەر خۆی لە خۆیدا هەرێمی کوردستان جۆرە گازێکی پاک و تێچوویەکی کەمی هەیە، بەمەش هەرێمی کوردستان بووەتە قەوارە و پێگەیەکی گرنگ لە سەر نەخشەی وزەی جیهانی.

بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر بتەوێت گەمەکارێکی گرنگ بیت، ئەوا دەبێت لە ناو هاوکێشەی ئیقلیمیدا بە وریاییەوە بڕوانیتە ئەو ململانێ شاراوەیەی کە لە جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیادا هەیە، بەتایبەتی ناردنەدەرەوەی گازی سرووشتی بە بۆری لەلایەن هەریەک لە وڵاتانی کەمەرەی کەنداو و دەریای قەزوین و ڕووسیا و باکووری ئەفریقیا، لە نێوان قەتەر و ئێران و جەزائیر و ئیسرائیل و تورکیا و عێراق و میسر بۆ ڕاکێشانی بۆریی گازی سرووشتی بۆ کیشوەری ئەورووپا توندتر بووەتەوە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەهای گازی سرووشتیدا کە ڕێژەی ٢٠٪ی وزەی جیهان پێک دەهێنێت و وزەیەکی پاکە و تێچوونێکی کەمتری هەیە، بەتایبەتی بۆ خۆگەرمکردنەوە و بەکارهێنانی لە پیشەسازی و بەرهەمهێنانی کارەبادا.

دەرئەنجام ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەڵەیەکی گەورەیە نەوت و گازی کوردستان تێکەڵ بە نەوت و گازی عێراق بکرێت، بەتایبەتی ئەم وڵاتە ڕۆژانە چوار ملیۆن و ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت و سێ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار بەرمیل دەفرۆشێت و یەک ملیۆن و ٢٠٠ هەزار بەرمیل دەچێت بۆ پاڵاوتگەکانی عێراق لەسەر بودجەی حەسری، بۆیە ئەرکی حکومەتی عێراقە ڕێژەیەک لەم بڕە نەوتە بداتە هەرێمی کوردستان، چونکە هەرچی بەنزین و نەوتی سپی و گازوایلە بە نرخێکی پاڵپشتیکراو لەسەر داهاتی هەموو گەلانی عێراق و کوردستان بەرهەم دەهێنێت و دابەشی پارێزگاکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەکات، لە بەردەم چاوی گەلانی عێراقدا گەورەترین گەندەڵی بە شاهێدیی دەستەی دەستپاکی و دەزگاکانی چاودێریی خۆیانەوە لە کەرتی نەوتی عێراقدا ئەنجام دەدرێت، کەچی دادگای فیدراڵی و زۆر لە پەرلەمانتاران لەناو قوبەی پەرلەماندا چاویان بەو بڕە کەمەی نەوتی کوردستان هەڵنایەت کە بە هۆی فشارەکانی ئەوانەوە، بە نرخێکی کەمتر دەفرۆشرێت، عێراق تا ئێستا بە ناو وڵاتێکی فیدراڵییە، بە سیاسەت و یاساکانی کۆنی ڕژێمی بەعس مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان دەکات، بەپێی یاساکانی ساڵی ١٩٧٦ و ١٩٨٥ کەس و لایەنی سیاسیی زۆر هەن کە لە پێناو بەردەوامیی گەندەڵییەکانیاندا ڕێگە نادەن یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەربچێت، بە ڕادەیەک لە ماوەی سێ مانگدا گەورەترین گەندەڵییەکانی سەدە لە کەرتی نەوتدا ئاشکرا بوو، بۆیە بەبێ دانانی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و هەڵوەشانەوەی وەزارەتی نەوتی عێراق کە لە ئێستادا ناگونجێت لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵیدا و لەگەڵ سیستەمێکی کۆنی شمولی ناشەفافدا دەگونجێت، گەندەڵییەکان زیاتر دەبن.

لە ساڵی ٢٠٢٠ داهاتی نەوتی عێراق ٤٢ ملیار دۆلار بوو، لە ساڵی ٢٠٢١ بووە ٧٥ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠٢٢ بووەتە ١١٥ ملیار دۆلار، کەچی خزمەتگوزاری و ئابووریی عێراق تادێت وێرانتر دەبێت و هەژاری و بێکاری و نەخوێندەواری و کەرتی تەندروستی زیاتر ڕووی لە خراپی کردووە، لە ناو ئەم گەندەڵکاری و ناشەفافییەت و کۆنترۆڵکردنی سامانەوە لە لایەن میلیشیاتە چەکدارەکانەوە، هیچ هیوا و ئومێدێک بۆ تێکەڵکردنی نەوت و گازی کوردستان لەگەڵ عێراقدا نامێنێت، تەنیا دەبێت ئەم پەیوەندییە ڕێک بخرێتەوە.

**پرۆسەکانی چاکسازی لە کابینەی نۆیەمدا لە هەردوو کەرتی نەوت و گازدا سوودی گەورەی هەیە، بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکان و لە چەند ساڵی داهاتوودا دەرئەنجامەکەی دەردەکەوێت**

**لە ماددەی ١١٥ی دەستووری عێراقدا هاتووە، کە ئەگەر ناکۆکی لە سەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵیی عێراق و حکومەتە هەرێمییەکان دروست بوو، ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکەیە**

**ساڵی ٢٠٢٠ داهاتی نەوتی عێراق ٤٢ ملیار دۆلار بوو، لە ساڵی ٢٠٢١ بووە ٧٥ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠٢٢ بووەتە ١١٥ ملیار دۆلار، کەچی خزمەتگوزاری و ئابووریی عێراق تادێت وێرانتر دەبێت**



# ئەو شەڕەی کە سزای ئۆکرانیا دەدات



**فەیسەڵ دەباغ**

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە ئابووریدا هەمیشە پلان بۆ سیناریۆیەکی نایاب دادەنرێ، ئەگەرنا ڕەوڕەوەی ئابووری دەوەستێ.

مرۆ بەر لە دەستپێکردنی هەر پرۆژەیەك بیر لە قازانج دەکاتەوە، بەڵام لە جەنگدا هەمیشە پلان بۆ خراپترین سیناریۆ دادەنرێ و، هیوا دەخوازرێ نایابترین سیناریۆ بێتەدی.

پرسیاری هەرە گرنگ: ئایا لە جەنگدا نایابترین سیناریۆ هەیە؟ ئایا سەرکەوتوو و سەرنەکەوتووی تێدایە، یان کوژراو و بریندار؟

لەم چوارچێوەیەدا دەوترێ: سەرکەوتن هەڵەکان دەسڕێتەوە، شکستیش هەڵەکان گەورەتر دەکات.

ماوەی لێبوردن و چاوپۆشی لە جەنگدا نییە، چونکە دینامیکیەتی جەنگ ڕێ بە قەرەبووکردنەوە نادات، بەڵام لە ئابووریدا لەوانەیە زیانەکە لە ڕێی قەرزکردنەوە قەرەبوو بکرێتەوە.

لە شەڕدا سەرکەوتوو شانازی بە سەرکەوتنەکەی دەکات و سەرنەکەوتووش خۆی بۆ جەولەیەکی دیکە ئامادە دەکات.

بیرمەندی گەورە سەموئیل هنتگتۆن دەڵێت: «ئێمە بە هۆی لێکخشانی بەردەوام لەگەڵ ئەویتر، بە بێ مەبەست پەنا دەبەینە بەر خۆ هەڵکێشان، ئیتر ئەو دەبێتە من و منیش دەبم بە ئەو، شەڕیش ئا بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێت.

لە هەندێ باردا جەنگ لە نێوان هێزدارێك و لاوازێك ڕوو دەدات، ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ بە بێ یەکلاکردنەوە بەردەوام بوو، خۆ هەڵکێشانەکەی نێوان دوو لایەنی شەڕکەر دەبێ بە ئەمری واقیع. واتە جیاوازیی هێز لە سەرەتاوە کۆتایی شەڕەکە بە دیار دەخات.

ئەمرۆ شێوەی شەڕی ئۆکرانیا وەك سەرەتاکەی نییە. ئەو کات ئەمریکا پێی وابوو ئەو وڵاتە هەر زوو دەڕووخێ و پێویستە خۆی بۆ شەڕی چەتەگەری ئامادە بکات.

لە هەمان کاتدا سەرۆکی ئۆکرانیا ئاگادارکردنەوەکەی ئەمریکای بە کەم زانی کە هێرشەکە ڕووی دا و ڕووسیا پلانەکەی خۆی جێبەجێ کرد، بەڵام پاش تێپەڕبوونی کات بە دیارکەوت جیاوازیی هێز لە نێوان هەردوولا ئەوەندە نییە کە لە سەرەتای شەڕەکە هەبوو.

پلانەکەی ڕووسیا تەگەرەی هاتە پێش و هەڵەکان کەڵەکەبوون هەر لە ستراتیژەوە بگرە تا دەگاتە تەکتیك. ئەمە وای کرد سوپای ئۆکرانیا هێرشی پێچەوانە ئەنجام بدات و لە ٤٠٪ی ئەو خاکەی کە لەلایەن ڕووسیاوە داگیر کرابوو، بگەڕێنێتەوە، کە ئەمەش بۆ ئەدا و پلانە باشەکەی دەگەڕێتەوە کە دەکرێ لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا چڕیان بکەینەوە:

- توانایی لە ئیستیعابکردنی چەکی نوێی ڕۆژئاوا و ئەنجامدانی داهێنانی تەکتیکی لەسەر ئەرزی واقیعدا.

- توانایی شەڕکردن بە تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی کە شەڕکەر بە چەك و درۆنەوە گرێ دەدا. بە واتایەکی دیکە درۆن ئامانجەکە دەستنیشان دەکات و دووریی تانوپۆکان بۆ بەرپرسە سەربازییەکەی ئۆکرانیا دەنێرێ، کە ئەویش بڕیار دەدات بە چەکی گونجاو ئامانجەکە لێی بدرێ. ئەمە نەرمییەکی زۆری دا بە سوپای ئۆکرانیا کە پێشتر نەیبوو، سوپای ڕووسیاش تا ئەو ساتە ئەو نەرمییەی نییە.

- سوپای ئۆکرانیا کاریگەریی خۆی سەلماند کە ئەمەش ڕاستگۆییەکی دایە ئەو لایەنانەی پشتگیری لێ دەکەن، بەتایبەتی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئێستا ئەو سوپایە بە سوپایەکی ڕۆژئاوا حیساب دەکرێ، کە بەرگری لە ڕۆژئاوای دیموکرات دەکات و پێویستە بە بەردەوامی پشتگیری لێ بکرێ.

ئا لێرەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری دا، بە ڕۆکێتی جافلیمی و ڕاجیمەی هایمرسی و ڕۆکێتی پاتریۆت و زرێپۆش و تانکی جۆراوجۆر هاوکاریی سوپای ئۆکرانیا بکات و، پێی وایە ئەمە کرتاندنی بەرە بەرەی هێڵە سوورەکانی پوتینە لە ئۆکرانیا.

ئێستاش با بێینەوە سەر هەڵە کەڵەکە بووە ستراتیژی و تەکتیکیبەکانی سوپای ڕووسیا: ئەگەر واز لە قۆناخی یەکەم بێنین، دەکرێ هەڵە تەکتیکییەکان لەم چەند خاڵەدا چڕ بکەینەوە:

- ئامادە نەکردنی سەرباز بەر لە دەستپێکردنی شەڕ و بەردەوامی لەناو هێنانی بە (کردەیەکی سەربازیی تایبەت)، لە کاتێکدا هەموو هۆی شەڕێکی کۆگری بۆ فەراهەم دەکرێ.

- مەرکەزییەتی ئیدارەدانی شەڕ و دەستتێوەردانی ئاستی بڵندی سیاسی لە ئیدارەدانی شەڕ،

**ماوەی لێبوردن و چاوپۆشی لە جەنگدا نییە، چونکە دینامیکیەتی جەنگ ڕێ بە قەرەبووکردنەوە نادات، بەڵام لە ئابووریدا لەوانەیە زیانەکە لە ڕێی قەرزکردنەوە قەرەبوو بکرێتەوە**

**ئامادەنەکردنی بنکەیەکی سەربازی بۆ بەرهەمی سەربازی کە ئەمەش وای لە ڕووسیا کرد پێداویستیەکانی لە ئێران و کۆریای باکوور هاوردە بکات**

**ڕووداوی پەڕینەوەی ڕووباری سیفرسکی دونتس لە شەڕی شاری سیفیریدونسک کەتیبەیەکی تەواوی لە تانك (١٠٠ تانك) و هەزار سەربازی لە دەست دا**

هەتا لەسەر ئاستی تەکتیکی، ئەمە بێجگە لە ململانێی ناوخۆی دەسەڵات، بەتایبەتی لە نێوان لاگیرانی وەزارەتی بەرگری و ئەوانەی کە بە کەمتەرخەمی دەزانن.

- فرەیی ئەو هێزانەی کە شەڕەکە دەکەن، بەبێ ئەوەی یەك سەرکردایەتییان هەبێ (سوپای ڕووسیا، هێزەکانی شیشان، هێزەکانی ڤاگنەر).
- ئامادەنەکردنی بنکەیەکی سەربازی بۆ بەرهەمی سەربازی کە ئەمەش وای لە ڕووسیا کرد پێداویستیەکانی لە ئێران و کۆریای باکوور هاوردە بکات.
- هەندێ هەڵەی تەکتیکیی بکوژی دوو ڕووداو ئەوە دەسەلمێنن ڕووسیا ئامادەباشییەکی سەربازیی باشی نەکردبوو، بۆ نموونە ڕووداوی پەڕینەوەی ڕووباری سیفرسکی دونتس لە شەڕی شاری سیفیریدونسك کەتیبەیەکی تەواوی لە تانك (١٠٠ تانك) و هەزار سەربازی لە دەست دا.

هەروا لە ڕووداوی قوتابخانەی مکاییفکا کە تیایدا زیاتر لە ٩٠٠ سەربازی ڕووسیا کوژران، پاش ئەوەی لەلایەن سوپای ئۆکرانیا بە ڕۆکێتی هایمرسی بۆردوومان کرا.

ڕووسەکان هۆکاری ئەو شکستەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە و کە سەربازەکانی تەلەفۆنیان بەکار هێناوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە:

چۆن ٤٠٠ سەرباز لە شوێنێکی ئاشکرا (قوتابخانە) دادەنرێن کە ١٥ کم لە هێڵی لەکەوتن دوورە؟ بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەموو سەربازانە لە بازنەیەکی ئاگریندا، بەتایبەتی لە شاری (نجموت)، کوا ئاسایشی یەکەکان، بۆ سەربازەکان تەلەفۆن بەکار دێنن کە قەدەغەیە؟ ئەگەر ڕێپێشیان پێ درابێت، بۆ تۆڕی تەلەفۆنەکانی ئۆکرانیایان بەکارهێناوە؟

پوتین کە دەستی بە شەڕەکە کرد، ڕابینینی ئەوەی نەدەکرد، بەم شێوەیە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا هاوکاریی ئۆکرانیا بکەن، ئەگەر ڕابینینی بکردایە، ئەوە هەزار جار حیسابی بۆ دەکرد و زۆریش بیری لێ دەکردەوە بەر لەوەی دەست بە شەڕەکە بکات.

نازانم چۆن بیری لەوە نەکردەوە، لە کاتێکدا بە خۆی پیاوی هەواڵگری بوو.

ئەو چوار هەرێمەی کە دەیەوێ لە ئۆکرانیا بیانکرتێنێ وەکو (قرمس) نین کە لە ساڵی ٢٠١٤ لە ئۆکرانیای کرتاند. چۆن بیری لەوە نەکردەوە پەند لەوەدا نییە بکرتێنێ، یان نا، بەڵکو پەندەکە لەوەدایە چۆن ئەو کرتاندنە تێپەڕێنێ، واتە چۆن قوتب بدات و چۆنیشی هەرس بکات.

ئەگەر سەرۆکی ڕووسیا بەر لە دەیەیەك قرمی کرتاند. ئەوە بە واتای ئەوە نایەت توانی قوتی بدات، یان هەرسی بکات، چونکە ئێستاش ئۆکرانیا کرتاندنی یەکەمی لە بیر نەکردووەتەوە و، دەیەوێ نەك هەر چوار هەرێمەکە ڕزگار بکات، بەڵکو قرمیش.

لەوانەیە ڕووس بڵێن قرم بەشێکە لە خاکی ڕووسیا، لەوانەشە هەمان شت سەبارەت بە چوار هەرێمەکە بڵێن، بەڵام جیاوازییەك لە نێوان دوو دید هەیە، ئەگەر شتێك هەبێ جیاوازی لەسەر نەبێ، ئەوەیە کە جیاوازیی نێوان بیروباوەڕی سوپای ئۆکرانیا لە شەڕدا و بیرو باوەڕی سوپای ڕووسیا بەو جۆرەیە کە سوپای یەکەم لەسەر بیروباوەڕێك شەڕ دەکات، کە ئەو خاکە هی خۆیەتی.

بریگۆجین سەرکردەی گرووپی ڤاگنەر کە شەڕ بۆ ڕووسیا دەکات، بەم شێوەیە وەسفی ئەدای سوپای ئۆکرانیا لە مەیداندا دەکات: «سوپایەکە تا دوا پیاو شەڕ دەکات و، هیچ سوپایەکیش بەم شێوەیە شەڕ ناکات، ئەگەر لەسەر خاکی خۆی نەبێت».

ئەو گرووپەی کە سەر بەو کابرایەن، بەرانبەر پارە شەڕ دەکەن و هەر ئەو گرووپەشە ئێستا سەختیی بۆ ئۆکرانیا دروست کردووە.

پرسیار ئەوەیە: چۆن گرووپێکی بەکرێگیراو و بەبێ بیروباوەڕ ئەو سەختییەی بۆ سوپایەکی نیزامی وەك سوپای ئۆکرانیا دروست کردووە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەیە: چونکە هەر سوپایەك کاتێك شەڕی سوپایەکی دیکەی نیزامی دەکات وەك خۆی، یان سەر دەکەوێ یانیش ژێر. بەڵام ئەو جۆرە شەڕە نیزامی نییە، بەڵکو چەتەگەرییە.

لە حاڵەتی ئۆکرانیا پیاوانی ڤاگنەر لە ڕیزی پێشەوە شەڕ دەکەن و ڕێ بۆ سوپای ڕووسیا خۆش دەکەن.

بە کورتی، خۆراگریی سوپای ڕووسیا بە هۆی دوو شتەوەیە: یەکەم فرۆکە بێ فرۆکەوانەکانی ئێران و دووەمیش پیاوانی ڤاگنەر.

**لە ڕووداوی قوتابخانەی مکاییفکا کە تیایدا زیاتر لە ٩٠٠ سەربازی ڕووسیا کوژران، پاش ئەوەی لەلایەن سوپای ئۆکرانیا بە ڕۆکێتی هایمرسی بۆردوومان کرا**

**جیاوازیی نێوان بیروباوەڕی سوپای ئۆکرانیا لە شەڕدا و بیرو باوەڕی سوپای ڕووسیا بەو جۆرەیە کە سوپای یەکەم لەسەر بیروباوەڕێک شەڕ دەکات، کە ئەو خاکە هی خۆیەتی**

**خۆراگریی سوپای ڕووسیا بە هۆی دوو شتەوەیە: یەکەم فرۆکە بێ فرۆکەوانەکانی ئێران و دووەمیش پیاوانی ڤاگنەر**

دیمانەی تایبەت



**د.هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی**
تایبەتمەندی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ڕۆتگێرز بۆ گوڵان:

# ئەمریکا براوەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیایە

**د.هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی بەڕێوەبەری سەنتەر ڕۆتگێرزە بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوکات دامەزرێنەری سەنتەری توێژینەوە و شرۆڤەکاری ئێرانییە و، بۆ چەندین ساڵ بەڕێوەبەری ئەم سەنتەرە بووە، هەروەها دامەزرێنەری ئەنجومەنی ئەمریکی-ئێرانییە، کە ڕێکخراوێکی قازانج نەویستە و کار دەکات بۆ پەرەپێدانی تێگەیشتن و دیالۆگ لە نێوان هەردوو گەلی ئەمریکی و ئێرانیدا. هەروەها توێژەر و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی پەرەپێدانی ئابووریی نیشتمانی، جیهانگەرایی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرئەنجام و ئاکامەکانی ئەم شەڕە و ئاراستە و ئاقارەکانی.**

*** چۆن لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانن و پێتان وایە دەرئەنجامی ئەم شەڕە و چارەنووسی وڵاتی ئۆکرانیا چی دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە کاولکارییەکی زۆر بەسەر ئەم وڵاتەدا هاتووە و بەشێکی زۆری ئەم وڵاتە وێران بووە، ئەگەرچی هێشتا لە باری بەرگری و بەرهەڵستی داگیرکاری ڕووسیاشدایە و ڕێگەی نەداوە ڕووسیا شەڕەکە لە بەرژەوەندی خۆی یەکلا بکاتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەندی بە چارەنووسی وڵاتی ئۆکرانیاوە هەبێت، ئەوا نیگەرانیی من ئەوەیە کە پلانێك هەبێت بۆ پارچەپارچەکردنی ئۆکرانیا بۆ سێ بەش، بە چەشنێك ڕۆژئاوای ئۆکرانیا بکرێتە بەشێك لە پۆڵەندا و بەشی ڕۆژهەڵاتیشی ببێتە بەشێك لە ڕووسیا و ئەوەی دەمێنێتەوە لە ژێر دەستی ئۆکرانییەکان بێت و ئۆدیساش ببێتە هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەر. پێم وایە ئەمە پلانەکەیە و ئەورووپاش خۆشحاڵە بەم پلانە، لەبەر ئەوەی ئۆکرانیا وڵاتێکی زۆر گەورەیە. هەروەها من پێم وایە کە بە هەڵەتێگەیشتنێکی زۆر هەیە، چونکە کاتێك باس لە ئەگەری ئەوە دەکرێت، کە ئۆکرانیا لە شەڕەدا براوە بێت، وەك هەندێ لە شرۆڤەکاران ئاماژەی پێ دەکەن، ئەوا دەبێت لە هەمان کاتدا ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین، کە ئەگەر ئەمە ڕوویدات، ئەوا بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ڕوو دەدات کە وڵاتێك کە خاوەنی چەکی ئەتۆمی نەبێت، شکست بە وڵاتێکی خاوەن ئەم چەکە دەهێنێت، کە ئێمە دەزانین ڕووسیا ژمارەیەکی زۆر کڵاوەی ئەتۆمی هەیە و ئەگەر ناچاریش بوو لە شەڕەکەدا بەکاریان بهێنێت، پێم وانییە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەورووپا بێنە نێو شەڕەکەوە و ئەمە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی سێیەمی جیهانی. دواتر ئێمە دەزانین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە چەندین شەڕەوە تێوەگلاوە لە ڕابردوودا، لە شەڕی ڤێتنام و ئەفغانستان و عێراق و.. هتد، واتە ئەمریکا شەکەت و ماندووی دەستی شەڕە و ئەمریکییەکانیش دەیانەوێت بژین و چیتر خۆیان لە شەڕەکانەوە تێوەنەگلێنن. لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە لەم شەڕەدا ئۆکرانیا تووشی دۆڕان دەبێتەوە، بەڵام پێش دۆڕانی شەڕەکەش وڵاتەکە بە تەواوەتی خاپوور و وێران دەبێت و وڵاتەکەش دابەش دەبێت و حوکمڕانییەکی نوێش لەو وڵاتەدا دەسەڵات دەگرێتەدەست کە وڵاتەکە بە ئاراستەیەکی تەواو جیاوازدا دەبات.

*** بەڵام ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێت و ئەو بەرەوپێشچوونەی ڕووی داوە، ئەوەیە کە هێشتا ڕووسیا نەیتوانیوە شەڕەکە لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلا بکاتەوە و ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی بەدەست بهێنێت، واتە هێشتا حوکمڕانی و دەسەڵاتی کییڤ نەگۆڕاوە و بگرە ئۆکرانییەکان زیانێکی زۆریان بە سوپای ڕووسیاش گەیاندووە، پێتان وایە بۆچی ڕووسیا دەست لەم شەڕە هەڵناگرێت و بەردەوامی پێ دەدات و لە بری ئەوە، هەوڵەکانی زیاتر چڕ دەکاتەوە و هێرشی زیاتر و توندتر دەکات؟**

- سەرەتا دەبێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە

**ڕووسیا ژمارەیەکی زۆر کڵاوەی ئەتۆمی هەیە و ئەگەر ناچاریش بوو لە شەڕەکەدا بەکاریان بهێنێت، پێم وانییە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپا بێنە نێو شەڕەکەوە و ئەمە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی سێیەمی جیهانی**

**ئەمریکا شەکەت و ماندووی دەستی شەڕە و ئەمریکییەکانیش دەیانەوێت بژین و چیتر خۆیان لە شەڕەکانەوە تێوەنەگلێنن**

ئەوە ئۆكرانییەكان نین كە بە تەنیا شەڕ دەكەن، بەڵكو ئەوان ئەم شەڕە بە پاڵپشتیی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و وڵاتانی ئەورووپا و چەند وڵاتێكی دیكە دەكەن، لە كاتێكدا ڕووسیا خۆی بە تەنیا ئەم شەڕە ئەنجام دەدات و ئێستاش ڕووسیا لە هەوڵی ئەوەدایە كە ئێران و وڵاتی چین و چەند وڵاتێكی دیكە لەم شەڕەوە تێوەبگلێنێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی، واتە ئەمە ستراتیژیەتێكی شەڕە كە لەلایەن ڕووسیاوە گیراوەتەبەر و پەیڕەو دەكرێت. لەبەر ئەوە كاتێك باس لەوە دەكرێت كە ڕووسیا چەك لە ئێرانەوە بەدەست دەهێنێت، ئەوا مەسەلەكە ئەوە نییە كە ڕووسیا پێویستی بەم چەكە هەبێت، بەڵكو ڕووسیا دەیەوێت ئەو وڵاتانەی چەكیان لێ بەدەست بهێنێت، ببنە بەشێك لە هەوڵەكانی شەڕەكە. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ كرد، ڕووسیا خاوەنی ژمارەیەكی زۆر كڵاوەی ئەتۆمییە، كە دەتوانێت بە هۆیانەوە ئۆكرانیا لە ناو ببات و خاپووری بكات، ئیدی فڕۆكەی بێفڕۆكەوانی ئێرانی بۆچییە؟ من پێم وایە ڕووسیا دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە و بەم هۆیەوە هاوپەیمانێتییەك پێك بهێنێت و بنیاد بنێت. كەواتە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە پرسەكە بڕوانین، ئەوا پێم وانییە ڕووسیا لەبەر لاوازیی سەربازی پەنا بۆ بەدەستهێنانی فڕۆكەی بێفڕۆكەوانی ئێران ببات، بەڵكو دەیەوێت بۆ مەبەستی پڕۆپاگەندەكردن هاوپەیمانێتییەك دروست بكات.

*** هەروەك ئاشكرایە كە ئەم شەڕە تەنیا لایەنی سەربازی لەخۆ ناگرێت، بەڵكو پرسی وزە بووەتە ڕەهەندێكی گرنگ و چارەنووسسازی ئەم شەڕە، ئەوەتا ڕێژەی هەڵئاوسان لە وڵاتانی ئەورووپا بەرز بووەتەوە بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی وزە و ئێستاش ئەورووپا دەیەوێت بە تەواوەتی خۆی دابڕێت لە كڕینی نەوت و غاز لە ڕووسیاوە، ئێوە چۆن لەم پەرەسەندنانە دەڕوانن و ئەمە چی بەسەر بازاڕی وزەدا دەهێنێت؟**

- پێم وایە بە هەڵە تێگەیشتنێكی زۆر هەیە لەم ڕووەوە، چونكە ڕۆژئاوا پێی وابوو بە سەپاندنی سزا بەسەر كەرتی وزەی ڕووسیا، ئەوا ئابووریی ئەو وڵاتە دادەڕووخێت، كە ئاشكرایە ئەمە لێكدانەوە و گریمانەیەكی هەڵە بوو، چونكە ڕووسیا توانی بەدیلی بازاڕی ئەورووپا بدۆزێتەوە، ڕووی كردە بازاڕی دیكە و لە هەمان كاتدا نرخی نەوت بەرز بووەوە و لە ڕاستیدا ڕووسیا لە ئێستادا داهاتێكی زیاتر لە فرۆشتنی نەوت بە دەست دەهێنێت، بە بەراورد بە پێش شەڕەكە. لە هەمان كاتدا ڕووسیاش لێكدانەوەی هەڵەی خۆی هەبوو، چونكە پێی وابوو لەبەر ئەوەی وڵاتانی ئەورووپا بە ڕادەیەكی گەورە پشتبەستوون بە هاوردەكردنی غازی سرووشتی لە ڕووسیا و تا ڕادەیەك نەوتی ئەو وڵاتە، ئەوا ئەگەر ڕووسیا ئەم هەناردەكردنە ڕابگرێت، وڵاتانی ئەورووپا تووشی دۆخێكی خراپ و شڵەژاوی ئابووری دەكات و، بگرە خەڵكی لە سەرما و سۆڵەدا دەمرن، كە ئاشكرایە ئەم پێشبینییە وا دەرنەچوو. مەبەستم ئەوەیە بڵێم كە هەردوو لایەن لێكدانەوە و پێشبینیی هەڵەی خۆیان هەبوو. دواتر لە دوای ئەم شەڕەشەوە بازاڕی وزە تا ڕادەیەكی زۆر وەك خۆی مایەوە. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بكەین كە لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا شەڕەكان هێندە كاریگەرییەكی گەورەیان نەبووە لەسەر بازاڕی وزە. ئێوە بڕواننە شەڕەكانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەویش لەبەر ئەوەی وڵاتانی هاوردەكاری توانیویانە لە شوێن و سەرچاوەی دیكەوە وزە بەدەست بهێنن و دابینی بكەن. كەواتە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەكەی ئێوە و بۆ شەڕەكە، ئەوا دەكرێت بڵێین لە پەیوەندی بە وزەوە ئەوا نە ڕووسیا و نە ئەورووپا كێشەیەكی زۆریان بۆ دروست نەبووە.

*** ئەی چۆن لە ڕۆڵی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و خودی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن دەڕوانیت لەم ئاست ئەم شەڕەدا؟ ئایا ئەم شەڕە چ كاریگەرییەكی لەسەر ئەمریكا هەبووە؟**

- من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم كە ئەم شەڕە تەنیا قازانجی بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هەبووە، واتە دەتوانین بڵێین براوەی شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا ئەمریكا بووە و، بگرە تاكە براوەی ئەم شەڕەیە. ئەوەتا وڵاتی ئۆكرانیا وێران بووە و زیانێكی زۆریش بە پێگەی ڕووسیا كەوتووە. تەنانەت دەتوانین بڵێین لە رووی وزەشەوە ئەمریكا براوەی ئەم شەڕەیە. كەواتە ئەگەر وەڵامەكە پوخت بكەمەوە، ئەوا پێم وایە لە كۆتایی ئەم شەڕەدا ڕووسیا و وڵاتانی ئەورووپا تووشی دۆڕان دەبن و ئۆكرانیاش وەك وڵات وێران و خاپوور دەبێت، بەڵام ئەمریكا براوە دەبێت.

**ئەوە ئۆكرانییەكان نین كە بە تەنیا شەڕ دەكەن، بەڵكو ئەوان ئەم شەڕە بە پاڵپشتیی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و وڵاتانی ئەورووپا و چەند وڵاتێكی دیكە دەكەن**

**ڕووسیا لە هەوڵی ئەوەدایە كە ئێران و وڵاتی چین و چەند وڵاتێكی دیكە لەم شەڕەوە تێوەبگلێنێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی، واتە ئەمە ستراتیژیەتێكی شەڕە كە لەلایەن ڕووسیاوە گیراوەتەبەر و پەیڕەو دەكرێت**

**ئەوە كاتێك باس لەوە دەكرێت كە ڕووسیا چەك لە ئێرانەوە بەدەست دەهێنێت، ئەوا مەسەلەكە ئەوە نییە كە ڕووسیا پێویستی بەم چەكە هەبێت، بەڵكو ڕووسیا دەیەوێت ئەو وڵاتانەی چەكیان لێ بەدەست بهێنێت، ببنە بەشێك لە هەوڵەكانی شەڕەكە**

**ڕووسیا توانی بەدیلی بازاڕی ئەورووپا بدۆزێتەوە، ڕووی كردە بازاڕی دیكە و لە هەمان كاتدا نرخی نەوت بەرز بووەوە و لە ڕاستیدا ڕووسیا لە ئێستادا داهاتێكی زیاتر لە فرۆشتنی نەوت بە دەست دەهێنێت، بە بەراورد بە پێش شەڕەكە**

ڕۆبی بارێت توێژەرە لە کۆڕبەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە زانکۆی کامبریج و، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە زانکۆی تێکساس بەدەستی هێناوە، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وەك تیرۆریزم و پرسە ئەمنییەکان، بزووتنەوە سیاسییەکان، سیاسەتی دەرەکیی ناوچەکە و پرسەکانی پەیوەست بە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکان. لە دیمانەیەکدا کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرهاویشتە و ئاکامەکانی ئەم شەڕە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد.

## دکتۆر ڕۆبی بارێت توێژەر لە زانکۆی کامبریج بۆ گوڵان:

# ئەمە ڕۆژگاری ڕکابەری و دوژمنکاریی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوایە نەک شەڕی سارد

# دیمانەی تایبەت



*** ساڵێك بەسەر شەڕی ئۆكرانیا و ڕووسیادا تێیدەپەڕێت، نە ئومێدی چارەسەری سیاسی و دیپلۆماسی لە ئاسۆدا دیارە و نە پێ دەچێت بە شێوەیەكی سەربازی بتوانرێت چارەنووسی شەڕەكە بەم نزیكانە یەكلا بكرێتەوە، ئێوە چۆن لە بارودۆخی شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا دەڕوانن و پێتان وایە ئاراستە و ئاقاری شەڕەكە بەرەو كوێ دەچێت؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە ڕوونە، ئەوەیە كە ئاراستە و ئاقاری داگیركارییەكەی ڕووسیا بۆ ئۆكرانیا بە چەشنێكی خراپ شكاوەتەوە بۆ سەرۆك ڤلادمیر پوتین، چونكە سەرۆك پوتین سەرنجدانی سووكی هەبوو بۆ ئیرادە و توانای شەڕكردنی ئۆكرانییەكان و بۆ ئیرادە و ویستی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ پاڵپشتیكردنی ئۆكرانیا، ئەگەرچی ئەم پشتیوانییە خەرجییەكی زۆر و زەوەندی ئابووریش لەخۆ دەگرێت. كەواتە هەموو ئەمانە بەو واتایە نایەت كە بەم زووانە و بەم نزیكانە شەڕەكە كۆتایی بێت و یەكلا ببێتەوە. ئەوەتا ڕووسیا سەدان هەزار سەربازی ساز و ئامادە كردووەتەوە بۆ بەردەوامیدان و درێژەدان بە هێرشەكانی، بە هۆی ئەم داگیركارییەوە سەرۆك پۆتین شەرعییەتی سیاسیی خۆی لە ناوخۆی وڵاتەكەدا و پێگە نێودەوڵەتییەكەی لەسەر ئاستی دەرەوە خستووەتە مەترسییەوە، هەر لەبەر ئەمەشە كە ڕێگەیەكی ئاسانی دەرچوونی لەبەردەمدا نییە، ئێستاش مانەوە و لە ناوچوونی ئەو وێنەیەی كە دروستی كردبوو دەربارەی خۆی وەك كەسێكی بەهێزی ناسیۆنالیستی، بەندە بە دەرئەنجامی شەڕەكەوە.

**سەرۆک پوتین سەرنجدانی سووكی هەبوو بۆ ئیرادە و توانای شەڕكردنی ئۆكرانییەكان و بۆ ئیرادە و ویستی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ پاڵپشتیكردنی ئۆكرانیا**

*** ئاشكرایە كە وڵاتانی ڕۆژئاوا جگە**

**لە هاوکاری و پاڵپشتیی دارایی و سەربازی بۆ ئۆکرانیا، لە هەمان کاتدا چەندین سزای ئابووری و داراییان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، ئێوە چۆن لە کارایی ئەم سزایانە دەڕوانن، بەتایبەتی کە نەبوونەتە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی ڕووسیا بە چەشنێك کە ناچاری بکات بە ڕاگرتن و ڕاوەستاندنی شەڕەکە؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئەم سزا سەپێندراوانە بە سەر ڕووسیادا نەبوونەتە هۆی ئیفلیجکردنی ئابووریی ڕووسیا، یان نەبوونەتە هۆی ناچارکردنی ڕووسیا بە ڕاگرتنی شەڕەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئێمە تێڕوانینێکی واقیعبینانەمان هەبێت لەبارەی دەرئەنجامی سزاکانەوە، یان ئەوەی سزاکان دەتوانن چی بەدەست بهێنن. هیچ کاتێك سزاکان لە سیاسەت و کردارەکانی لایەنە بە ئامانجیگراوەکەدا دەرئەنجامی خێرا، یان گۆڕانکاریی دەستەبەجێیان لێ نەکەوتووەتەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەم سزایانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر گوشارخستنەسەر ئابووریی ڕووسیا و توانای سەرۆك ڤلادمیر پوتین بۆ بەردەوامیدان و درێژەدان بە شەڕەکە. ئێستا ڕووسیا وڵاتێکە کە زۆرترین سزای بەسەردا سەپێندراوە، تەنانەت زیاترە لەو سزایانەی بەسەر ئێران و کۆریای باکووردا سەپێندراون. لە ڕاستیدا ئامانجی سزاکان دوو ڕەهەند لە خۆ دەگرێت: بۆ ناردنی پەیامێکە و بۆ ئەوەی بە ڤلادمیر پوتین ڕابگەیەنرێت کە داگیرکارییە ناڕەواکەی قابیلی قبووڵکردن نییە لەلایەن جیهانەوە، هەروەها بۆ لاوازکردنی ئابووری و توانای شەڕکردنی ڕووسیایە. هەروەها دەکرێت سزاکان بە تێپەڕبوونی کات زیاد و بەرفراوان بکرێن، هەروەك بڕیاری یەکێتیی ئەورووپا بۆ ڕاگرتنی هاوردەکردنی نەوتی ڕووسیا.

*** ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، یان با بڵێین دەرئەنجامی ئەم شەڕە، تەنیا پەیوەست نییە بە ڕووسیا و ئۆکرانیاوە و بگرە کاریگەری و لێکەوتەی لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش هەبووە، ئایا لەم ڕووەوە دروستە بڵێین کە ئەم شەڕە بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆژگارێکی دیکەی شەڕی سارد لە نێوان هێزە جیهانییەکاندا هاتبێتە ئاراوە؟**

- ئەوەی لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ئێمە پێمان ناوەتە ڕۆژگارێکەوە کە دەتوانین بڵێین ڕۆژگاری ڕکابەری و دوژمنکارییە لە نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوادا، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە ئەمەی ئێستا دەگوزەرێت، شەڕێکی دیکەی سارد بێت، هەر چۆنێك بێت، ڕووسیا ئەو توانایەی نییە، یان توانایەکی سنوورداری هەیە بۆ ئەوەی وڵاتانی دیکە بهێنێتە ژێر سایە و سێبەری خۆیەوە، هەروەها بناغە و بنچینەیەکی ئایدیۆلۆژی نییە بۆ دروستکردنی چەند هاوپەیمانێتییەکی بەهێز بە چەشنی ئەوەی لە سەردەم و ڕۆژگاری یەکێتیی سۆڤییەتدا لە ئارادا بوو. ئەوەتا بارودۆخەکە بە چەشنێکە کە دەبێت بەرهەمهێنان و دروستکردنی چەك ئاراستە بکاتەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆی، هەروەها توانای دەستەبەرکردنی هاوکاریی سەربازیی سنووردارە، دواتر ڕووسیا تاوەکو بەردەوام بێت لە داگیرکردنی ئۆکرانیا ڕووبەڕووی گۆشەگیری دەبێتەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

*** کەواتە لە ڕوانگەی وەڵامی پێشووتانەوە، دەکرێت بڵێین ئەم شەڕە بووەتە هۆی ئەوەی بزمارێکی دیکە لە تابووتی سیستمە نێودەوڵەتییەکە بدات، ئەو سیستمەی کە لەسەر بنەمای ڕێساکان بنیاد نرابوو؟**

- نەخێر، من پێم وانییە بتوانین بەم شێوەیە لێکدانەوە بکەین، لە ڕاستیدا ڕەنگە بتوانین پێچەوانەی ئەمە بڵێین، چونکە ئێوە بڕوانن کە نزیکەی تێکڕای جیهان سەرکۆنە و سەرزەنشتی داگیرکارییەکەی ڕووسیایان کردووە لە پاڵ ئەو سزایانە بەسەر ئەو وڵاتەیاندا سەپاندووە، لەگەڵ دەستەبەرکردنی پاڵپشتیی ماددی بۆ وڵاتی ئۆکرانیا، کە هەموو ئەمانە سەلمێنەری ئەوەن کە سیستمەکە چەند خۆڕاگرە. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر ڕۆژئاوا سووربوون و ئیرادەی خۆی لەدەست بدات بۆ دەستەبەرکردنی پاڵپشتییەکی درێژخایەن بۆ ئۆکرانیا، کە ئەمە شتێکە پوتین گرەوی لەسەر دەکات، ئەوا ئەو کاتە دەگەینە دەرئەنجام و دەرهاویشتەی جیاواز، دەستەهەڵگرتن و پشتکردنە ئۆکرانیا دەبێتە گورزێکی کوشندە بۆ سیستمە نێودەوڵەتییەکە کە لەسەر بنەمای ڕێساکان بنیاد نراوە.

**هیچ کاتێک سزاکان لە سیاسەت و کردارەکانی لایەنە بە ئامانجیگراوەکەدا دەرئەنجامی خێرا، یان گۆڕانکاریی دەستەبەجێیان لێ نەکەوتووەتەوە**

**ئێستا ڕووسیا وڵاتێکە کە زۆرترین سزای بەسەردا سەپێندراوە، تەنانەت زیاترە لەو سزایانەی بەسەر ئێران و کۆریای باکووردا سەپێندراون**

**دەستەهەڵگرتن و پشتکردنە ئۆکرانیا دەبێتە گورزێکی کوشندە بۆ سیستمە نێودەوڵەتییەکە کە لەسەر بنەمای ڕێساکان بنیاد نراوە**

**ئەم شەڕە دەرئەنجامی هەبووە لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەر پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ناوچەکەوە نەبووە**

*** چۆن لە کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانن؟**

- ئەم شەڕە دەرئەنجامی هەبووە لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەر پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ناوچەکەوە نەبووە و بە چەشنێکی کاریگەریش دەرئەنجامی پرسە گرنگ و هەستیارەکانی نەگۆڕیوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە بواری ئابوورییەوە، ئەوا دژواری و سەختیی دروست کردووە لە وڵاتانی وەك میسر و تونس کە بە ڕادەیەکی زۆر پشت بە هاوردەکردنی گەنم دەبەستن لە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتەوە، هەروەها ئەم شەڕە بووەتە هۆی لەناوبردنی ئەگەری هاوکاریی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا لە بارەی چارەسەرکردنی شەڕی سووریا و لیبیا، هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی ئەگەرێکی کەمتر لە ئارادا بێت بۆ نوێکردنەوەی ڕێککەوتن لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، بە دڵنیاییەوە بووەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا و ئێران لێك نزیك ببنەوە، بەڵام ئایا ئەمە چ کاریگەرییەك لەسەر ناوچەکە دروست دەکات، ئەوە وەڵامەکەی لە ئێستادا ڕوون نییە.

*** کەواتە چ لێکدانەوەیەکت هەیە بۆ ئەم هاوکارییە سەربازییەی نێوان ڕووسیا و ئێران؟**

- دەتوانین بڵێین بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا و ئێران یەکیان گرتووەتەوە، بە هۆی شەڕی ئۆکرانیاشەوە زیاتر بووە، ئێران لە ڕووی ئابووری و سەربازییەوە لە بارگرژی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا سوودمەند بووە.

*** چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك بایدن دەڕوانیت لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئاست شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا؟**

- سیاسەتی بەڕێز بایدن لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەردوامیدانە بە ڕێگەچارە شکستخواردووەکەی ئەمریکا، کە بۆ چەندین ئیدارەیە بەردەوامە، ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەدای ئیدارەی سەرۆك بایدن لە ئاست شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئەوا دەتوانین بڵێین کە کارێکی باشی ئەنجام داوە لە میانەی ئەو کاردانەوە و پەرچەکردارانەی گرتوویەتیە بەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرگردنی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە، هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێك هەن، پێیان وایە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاری زیاتر بکات بۆ دەستەبەرکردنی چەك بۆ ئۆکرانیا، بەڵام هەرچۆنێك بێت، گرنگترین لایەنی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ڕووەوە ئەوە بووە کە بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە بۆ پشتیوانیکردنی ئۆکرانیا تا ئەو کاتە ڕووسیا لەو وڵاتە دەچێتە دەرەوە، کەواتە ئیدارەی سەرۆك بایدن (بەلای کەمەوە تا ئێستا) سەرکەوتوو بووە لە دروستکردن و درێژەپێدانی هاوپەیمانێتییەکی بەرفراوانی دەوڵەتان، بۆ سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر ڕووسیادا و گۆشەگیرکردنی لە ڕووی دیپلۆماسییەوە.



# لامەرکەزیی کارگێڕی و گەشەپێدانی خۆجێیی

**لامەرکەزیی کارگێڕی پەیوەستە بە سرووشتی سیستمی کارگێڕیی دەوڵەتەوە و هیچ پەیوەندییەکی بە سیستەمی سیاسییەوە نییە**

**لامەرکەزی فاکتەرێکی تەواوکەرە بۆ نەهێشتنی کەموکوورییەکانی مەرکەزی، نەک فاکتەرێک بۆ سڕینەوەی دەسەڵاتی مەرکەز**

**لامەرکەزیی سیاسی، گرنگی بە دابەشکردنی وەزیفەی سیاسی دەدات، نەک کارگێڕی، واتا دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردنی دەوڵەتی فیدراڵ و ئەو ویلایەتانەی پێکی دەهێنن**

### پێشەکی

مەبەستی ئەم بابەتە شرۆڤەکردنێکی لامەرکەزیی کارگێڕییە لە وەدیهێنانی گەشەپێدانی خۆجێیی، بۆیە دەبینین کە پێویستە پێناسەی لامەرکەزیی کارگێڕی و مەرجەکانی و، هەروەها لامەرکەزیی سیاسی بکەین، دەکرێ سەرەتا بڵێین کە لامەرکەزیی کارگێڕی چەمکێکی فرە ڕەهەند و ئاستە، بە گوێرەی قەبارە و جۆری ئەو دەسەڵاتانەی دراونەتە دەزگاکانی حوکمی خۆجێیی.

بەردەوامبوونی هەژموونی دەوڵەتی مەرکەزی لە بەڕێوەبردنی حوکمدا ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە پەیوەندییەکانی سیاسی و بازرگانی و ئابووری لە نێوان دەوڵەتان هاتوونەتە دی، بە هۆی جیهانگیری و پەرەسەندنی خێرای تەکنیکەوە کە کاریگەرییان هەبووە لە نزیکبوونەوەی نێوان گەلان، دواتر گەشەکردن و کارکردنەوەی ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە داکۆکیکردن لە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و بانگەشە بۆ لامەرکەزی لە بەڕێوەبردنی کاروباری حوکمڕانیدا، بە شێوەیەك کە دەوڵەت بەرەبەرە دەستبەرداری هەژموونە تۆتالیتارییەکەی دەبینێت لە هەندێ لە جومگە کارگێڕییەکاندا و لە هەندێ پرۆسەی گەشەپێدان بۆ سوودی دەزگاکانی حوکمڕانی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و ناوخۆ، بەمەش گەشەسەندنی خۆجێیی لە ڕێی لامەرکەزیی کارگێڕییەوە دەبێتە ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو بۆ دەستوەردان و هەژموونی حکومەتی تۆتالیتاریی مەرکەزی.

یەکەم: پێناسەی لامەرکەزی و مەرجەکانی، چەمکی لامەرکەزی لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، ئەمەش لەبەر جیاوازیی ئەو ستراتیژییەتانەی کە دەوڵەتان پەیڕەوی دەکەن، بە گشتی دەتوانین بڵێین کە لامەرکەزی بریتییە لە گواستنەوەی هەندێ دەسەڵاتی کارگێڕی و چالاکی دارایی و گەشەسەندن و خزمەتگوزاری لە کۆنترۆڵی گشتییەوە بۆ ناوەندی حوکمڕانیی ئەو یەکە کارگێڕییانەی کە گەشەیان کەمە، واتا دەسەڵاتی مەرکەزی هەندێك لە دەسەڵات و بەرپرسیارێتیی خۆی بە فەرمی دەگوازێتەوە بۆ یەکە کارگێڕییەکان، کە لە پلەبەندیی سیاسی و کارگێڕییەوە لە خۆی نزمترن، لەگەڵ دەستەبەرکردنی هۆکارە داراییەکان کە بۆ گەشەسەندن پێویستن، هەروەها جۆرە سەربەخۆییەکیان پێ دەدرێت کە کاروباری ناوخۆی خۆیان بە سەرپەرشتیی دەسەڵاتی مەرکەزی بەڕێوەببەن.

**بۆ وەدیهێنانی لامەرکەزی پێویستە چەند توخمێکی بنەڕەتی هەبن:**

١-هەبوونی جومگە و دەستەی خۆجێیی کە خاوەن کەسایەتیی مەعنەوی بن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ناوخۆ لەئەستۆ بگرن، وەك دابەشکردنی کارەبا و ئاو و هۆکارەکانی گەیاندن، هەروەها دەزگای کارگێڕی و موڵك و بودجەی تایبەتی و ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوی کارگێڕیی ناوخۆیان هەبێت. ٢- نەخرێنە ژێر سانسۆری توندەوە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە، بە شێوەیەك کە دەبێت کارگێڕیی لامەرکەزی جۆرێك لە سەربەخۆیی خۆی هەبێت.

### شێوەکانی لامەرکەزیی کارگێڕی

١- لامەرکەزیی خۆجێیی، یان هەرێمی: کە بە ئەنجومەنەکانی شارەوانی، یان خۆجێی لەسەر ئاستی پارێزگا و شارەدێیەکان دەناسرێن، بە شێوەیەك کە هاوشێوەی دەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەند دەبن



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەوانەی لە ناو پارێزگا و شارەدێیەکاندا هەن و نابنە بەدیلی ئەوان.

۲- لامەرکەزیی جومگەیی، یان بەرژەوەندی: مەبەست لەمە ئەو دەستە و دەزگا گشتییانەن کە کەسایەتیی تایبەتیان هەیە و لە ڕووی دارایی و کارگێڕییەوە سەربەخۆن، وەك دەزگای گشتیی کارەبا و دەزگای گشتیی گەیاندن و.. تاد.

لەم دوو شێوەیەدا پێویستە تێبینیی ئەم شتانە بکرێت:

۲,۱ -لامەرکەزیی کارگێڕی پەیوەستە بە سرووشتی سیستمی کارگێڕیی دەوڵەتەوە و هیچ پەیوەندییەکی بە سیستەمی سیاسییەوە نییە.

۲,۲- نابێت هیچ لامەرکەزییەکی کارگێڕیی بێ مەرکەزی هەبێت، چونکە مەرکەزی ئەسڵەکەیە لە سیستمی کارگێڕیدا.

۲,۳- لامەرکەزی فاکتەرێکی تەواوکەرە بۆ نەهێشتنی کەموکوڕییەکانی مەرکەزی، نەك فاکتەرێك بۆ سڕینەوەی دەسەڵاتی مەرکەز، ڕۆڵی ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە ناو پارێزگا و شارەدێیەکاندا ئەوەیە کە هاوشێوەی دەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندن و بەدیلی ئەوان نین، بەڵکو دەکەونە ژێر سانسۆری دەسەڵاتی ناوەندەوە، کە بریتین لە پارێزگا، یان بەڕێوەبەری شارەدێ.

### دووەم: لامەرکەزیی سیاسی یان فیدڕاڵی

ئەمەش پەیوەستە بە شێوەی سیاسیی دەوڵەت و سرووشتی سیستمە سیاسییەکەی ئەو دەوڵەتەوە، لە چوارچێوەی بابەتەکانی یاسای دەستووری و سیستمە سیاسییەکاندایە، نەك یاسای کارگێڕی.

لامەرکەزیی سیاسی، گرنگی بە دابەشکردنی وەزیفەی سیاسی دەدات، نەك کارگێڕی، واتا دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردنی دەوڵەتی فیدڕاڵ و ئەو ویلایەتانەی پێکی دەهێنن، ئەو دابەشکردنەی وەزیفەی سیاسی ئەوەیە کە بە لامەرکەزیی سیاسی ناو دەبرێت، بۆیە زانایانی یاسای دەستووری و سیستمە سیاسییەکان جیاوازی لەنێوان دوو جۆر لەو دەوڵەتانە دەکەن وەك:

ا- دەوڵەتی سادە، یان ئەوەی بە سیستمی دەوڵەتی یەکگرتوو ناسراوە:

کە ئەو دەوڵەتەیە لەسەر بنەمای یەکێتیی هەرێم و دەسەڵاتی سیاسی دامەزراوە، دەسەڵاتی سیاسی لە نێو ئەو دەوڵەتانەدا دابەش ناکرێت.

**ب- دەوڵەتی ئاوێتە:**

دەسەڵاتی سیاسی لە نێو ئەو دەوڵەتەدا دابەش دەبێت لە ڕووی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەرییەوە، واتا لە نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و نێوان ویلایەت و هەرێمەکاندا.

جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوان لامەرکەزیی کارگێڕی (کارگێڕیی خۆجێیی) و لامەرکەزیی سیاسی (فیدڕاڵی) بریتییە لە:

۱- لە لامەرکەزیی کارگێڕیدا وەزیفەی کارگێڕی بەپێی یاسا لە نێوان دەزگا ناوەندییەکان و یەکە کارگێڕییەکانی خۆجێییدا دابەش دەبن و، دەخرێنە ژێر سانسۆری دەسەڵاتی ناوەندەوە، ئەو یەکانە (ئەنجومەنە خۆجێییەکان) یان جومگەییەکان (دەزگا گشتییەکان) هیچ پسپۆڕییەکی سیاسییان نابێت.

۲- لامەرکەزیی سیاسی پەیوەستە بە سیستمی سیاسی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان دەوڵەتی فیدڕاڵ و ویلایەتەکان، کە بریتین لە یەکەی سیاسی و سەربەخۆیی خۆیان هەیە، بەپێی دەستووری فیدڕاڵ.

۳- لە لامەرکەزیی کارگێڕیدا پارێزگاکان و هەرێمەکان دەکەونە ژێر باری هەمان ئەو یاسایانەی

**دەسەڵاتی سیاسی لە نێو ئەو دەوڵەتەدا دابەش دەبێت لە ڕووی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەرییەوە، واتا لە نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و نێوان ویلایەت و هەرێمەکاندا**

**لە لامەرکەزیی کارگێڕیدا وەزیفەی کارگێڕی بەپێی یاسا لە نێوان دەزگا ناوەندییەکان و یەکە کارگێڕییەکانی خۆجێییدا دابەش دەبن و، دەخرێنە ژێر سانسۆری دەسەڵاتی ناوەندەوە**

**لە لامەرکەزیی سیاسیدا هەرێم مافی خۆیەتی کە یاسا تایبەتییەکانی خۆی جێبەجێ بکات، کە دەسەڵاتی یاسادانانی خۆی دایناون و سەربەخۆن لە دەسەڵاتی یاسادانانی فیدڕاڵ**

لە سەرتاسەری دەوڵەتدا جێبەجێ دەکرێن، بەڵام لە لامەرکەزیی سیاسیدا هەرێم مافی خۆیەتی کە یاسا تایبەتییەکانی خۆی جێبەجێ بکات، کە دەسەڵاتی یاسادانانی خۆی داینـاون و سەربەخۆن لە دەسەڵاتی یاسادانانی فیدڕاڵ.

٤- لە لامەرکەزیی سیاسیدا، هەرێم لە فیدڕاڵدا بەشدار دەبێت لە پێکهێنانی کارگێڕیی گشتیی دەوڵەتی فیدڕاڵدا، کە لە ڕێگەی نوێنەرانییەوە لە ئەنجومەنی ویلایەتەکان لە پەرلەمانی فیدڕاڵ کە یاساکانی فیدڕاڵی دەردەکات بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران، دەسەتەکانی لامەرکەزی تەنیا ئەو پسپۆڕییانە پەیڕەو دەکات کە دەوڵەت بەپێی یاسای ڕێکخستنی کارەکەی وەك دەسەڵات پێی داوە.

**سێیەم: چەمك و ئامانجەکانی گەشەپێدانی خۆجێیی :**

ئەرکی دانیشتووانی خۆجێیی لە یەکە کارگێڕییەکان لە ڕووی گرنگییەوە لە ئەرکی حکومەتی ناوەند کەمتر نییە لە ڕووی وەدیهانانی گەشەپێداندا، بە بەشداریکردن لە دانان و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی گەشەپێداندا، ئەمەش پێویستی بە کۆی ئەرکە کارگێڕییەکانی خۆجێیی و ئەو هەوڵانە هەیە کە حکومەتی ناوەند دەیدات بۆ چاککردنی شێوازی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و شارستانیی کۆمەڵگە خۆجێییەکان.

**چەمکی گەشەپێدانی خۆجێیی لەسەر دوو توخمی سەرەکی وەستاوە:**

١- بەشداریکردنی دانیشتووان لە یەکە کارگێڕییەکاندا لە هەموو ئەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ چاککردنی ئاستی گوزەرانیان و شێوازی ژیان کە پشت بە دەستپێشخەریی ئەوان دەبەستێت.

٢-دابینکردنی گشت خزمەتگوزارییەکانی وز و پڕۆژەکانی گەشەپێدانی خۆجێیی دانیشتووانی یەکە کارگێڕییەکان بە شێوەیەکی گونجاو.

بەڵام لە ڕووی ئەو ئامانجانەی لێی دێنە دی، دەبینین کە گەشەسەندنی خۆجێیی ئامانجیان ئەمانەی خوارەوەیە:

١- پەرەپێدانی توخمەکانی ژێرخانی بنەڕەتی وەك ڕێگەوبان و پرد و گواستنەوە و ئاو و کارەبا و پەروەردە و تەندروستی، چونکە پێشخستنی ئەو کەرتانە بناغەیە بۆ پرۆسەی گەشەسەندن و پەرەپێدانی کۆمەڵگەی خۆجێیی .

٢- زیادکردنی هاوکاری و بەشداریکردنی نێوان دانیشتووان، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گواستنەوە لە دۆخی گوێپێنەدان بۆ دۆخی بەشداریکردنی کارا لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەکانیاندا.

٣- زیادکردنی بەدەنگەوەهاتنی هاوولاتیان بۆ پارێزگاریکردنی ئەو پرۆژانەی بەشداریی تێدا دەکەن لە پلان و جێبەجێ کردنیاندا، چونکە گەشەپێدانی کۆمەڵە خۆجێیەکان خاڵی دەستپێکردنی گەشەپێدانی سەرجەم کۆمەڵگەیە.

**چوارەم: ڕۆڵی لامەرکەزی لە وەدیهێنانی گەشەپێدانی خۆجێییدا:**

لامەرکەزی شێوازێکە لە کارکردن و پشتبەستووە بە پرەنسیپی دابەشکردنی دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیار، هەروەها ئەو دەسەڵاتانە لە نێوان دەسەڵاتی ناوەند و دەستەکانی دیەی سەربەخۆ لە نێو یەکە کارگێڕییەکان و کۆمەڵگەکانی دانیشتوواندا، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە لامەرکەزیی کارگێڕی دەبێتە هۆی کاراکردنی ڕۆڵی دەسەڵاتەکانی هەرێمی و خۆجێیی، لە ڕێی ئەرکە کارگێڕی و گەشەپێدراوەکانەوە، هاوکات ڕۆڵیان لە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی و دەسەڵاتەکاندا بەهێز دەکات، دواجار سەرکەوتن مسۆگەر دەکات، چونکە لامەرکەزی چوارچێوەی دروستی پلاندانا و گەشەپێدنی خۆجێییە، کە کاردەکات بۆ:

١- گونجاندنی بەرنامەکانی گەشەپێدان بەپێی پێویستی و داخوازییەکانی دانیشتووانی یەکە کارگێڕییەکان، لەبەر ئەوەی ڕێگە بە بەشداریکردنی کردەییان دەدات لە پرۆسەی ئامادەکردن و جێبەجێ کردنی پلانەکانی گەشەپێدان لە ناوچەکانیان.

٢- دەستەبەرکردنی پاڵپشتی و کۆکردنەوەی تواناکان لەگەڵ داهاتەکان، وا دەکات، پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی ئامانجەکانی وەدی بهێنێت بە شێوەیەکی هاوتەریب، کە دواجار ژیانێکی گونجاو بۆ هەموو دانیشتووان لە سەرجەم ئەو ناوچانە لە ناو دەوڵەتەکەدا مسۆگەر بکات.

٣- وەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان یەکە کارگێڕییەکان و کەمکردنەوەی جیاوازییە هەرێمییە ئابوورییە و کۆمەڵایەتییەکان.

**پێنجەم: لامەرکەزی و فراوانکردنی بژاردەی بەشداریکردن و دیموکراسیی خۆجێیی:**

زۆر لە داڕێژەرانی یاسای کارگێڕی وای دەبینن کە لامەرکەزی شێوەیەکە لە شێوەکانی پیادەکردنی حوکمڕانی و بەڵگەنامەیەکی پەیوەندییشە بە سرووشت و پلەی جەختکردنەوەی دەسەڵات و شێوازی پەیوەندییەکانی ئێستای نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، یارمەتی گرتنەبەری بژاردەی لامەرکەزی دەدات لە:

١-چاککردنی ئەدای حکومەت لە ڕێی بەتینکردنی لێپرسینەوە و بەشداریکردن و شەفافییەت، ئەوەش توانای کارگێڕی و دامەزراوەیی حکومەت بەهێز دەکات.

**دەستەبەرکردنی پاڵپشتی و کۆکردنەوەی تواناکان لەگەڵ داهاتەکان، وا دەکات، پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی ئامانجەکانی وەدی بهێنێت بە شێوەیەکی هاوتەریب، کە دواجار ژیانێکی گونجاو بۆ هەموو دانیشتووان لە سەرجەم ئەو ناوچانە لە ناو دەوڵەتەکەدا مسۆگەر بکات**

**چاککردنی ئەدای حکومەت لە ڕێی بەتینکردنی لێپرسینەوە و بەشداریکردن و شەفافییەت، ئەوەش توانای کارگێڕی و دامەزراوەیی حکومەت بەهێز دەکات**

**سیستمی حکومەتی هۆشمەند پێویستی بە بەشداریکردنی ڕاستەقینە هەیە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەتدا لە وێناکردن و دروستکردنی سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەت**

**دەستووری عێراق بە وردی ڕێکخستنی بنیادنانی فیدراڵی تێدا نییە، تەنانەت باس لە پرەنسیپەکانی پێکهێنانی ناوچەکانی فیدراڵیش ناکات**

٢- سیستمی حکومەتی هۆشمەند پێویستی بە بەشداریکردنی ڕاستەقینە هەیە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەتدا لە وێناکردن و دروستکردنی سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەت، ئەمەش لە سایەی سیستەمێکی لامەرکەزیی کارگێڕیدا دێتە دی.

٣- پاڵپشتیکردنی دەزگاکانی حوکمڕانیی خۆجێیی تاکو بتوانن هەیکەلبەندی یان کارگێڕیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و وەدیهێنانی گەشەپێدانی خۆجێیی ئەنجام بدەن.

٤- گەڵاڵەکردنی سیستمگەلی حوکمڕانیی لامەرکەزی تاکو توانای بەشداریکردنی یەکە کارگێڕییەکانیان لە بوارە جیاجیاکانی حوکمڕانیدا هەبێت، هەروەها هانی توخمە کارامەکان بدرێت تا بەشداری لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی ناوەند و خۆجێیدا بکەن.

٥-دەزگاکانی حوکمیی خۆجێیی دەتوانن زیاتر بێنە پێشەوە و خۆیان لەگەڵ بارودۆخەکانی ناوخۆدا بگونجێنن، کارگێڕە خۆجێییەکان هەموو خزمەتگوزارییەکانی دامەزراوە حکومییەکان ڕاستەوخۆ ڕادەستی دانیشتووانی یەکە کارگێڕییەکان دەکەن.

## شەشەم: لامەرکەزیی کارگێڕی و سیستمی فیدڕاڵی لە عێراقدا:

سیستمی حوکمڕانی لە دەوڵەتی عێراقدا هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ وە لەسەر بنەمای لامەرکەزیی سیاسی و کارگێڕی دامەزراوە، ماددەی یەکەمی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق بە دەق دەڵێت: (کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدڕاڵیی سەربەخۆیە و خاوەن سەروەریی تەواوە، سیستمی حوکم لەو دەوڵەتەدا کۆماری و نوێنەرایەتیی پەرلەمانی و دیموکراسییە، ئەم دەستوورەش زەمانەتی یەکێتیی عێراقە).

دووەم: ئەو پارێزگایانەی کە بە هەرێمەوە گرێ نەدراون و پشت بە لامەرکەزیی کارگێڕی دەبەستێت بەپێی ماددە(٢٢)، کە دەروازەی پێنجەمی دەستوور شێوەی سیستمی کارگێڕی لە عێراق دەستنیشان دەکات(سیستەمی فیدڕاڵ لە کۆماری عێراق لە پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگا لامەرکەزی و ئیدارە خۆجێییەکان پێك دێت)، سەرەڕای بڕیاردانی فیدڕاڵی لە عێراقدا لە ڕێی دەستوورەوە، فیدڕاڵی لە عێراقدا ڕووبەڕووی ئالنگاریی زۆر بووەتەوە کە هەڕەشەیە بۆ سەرکەوتنی ئەو سیستمە، ئەوەش بەپێی دەقەکانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، بەڵام وەك بژاردەیەکی ستراتیژی ڕەگی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆی لە زۆربەی ناوچەکانی عێراقدا دانەکوتاوە.

بەشداریکردنی پارێزگا گرێنەدراوەکان بە هەرێمەوە لە پیادەکردنی پسپۆڕییەکانی خودی هەرێمەکان، تێکەڵکردنی نێوان لامەرکەزیی سیاسی و لامەرکەزیی کارگێڕییە، چونکە بڕگەی (یەکەم و چوارەم) لە ماددەی ١٢١ی دەستوور، دەسەڵاتی سیادی بە هەرێمی کوردستان و پارێزگا گرێنەدراوەکان لە هەرێم دەدات، کە ئۆفیسی خۆیان بکەنەوە لە باڵیۆزخانەکان و نێردە دیپلۆماسییەکان بۆ بەدواداچوونی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی هەرێم، واتا لە بواری دیپلۆماسیدا هیچ دژبەرییەك نییە لە نێوان دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی گرێنەدراو بە هەرێمی فیدڕاڵییەوە.

لامەرکەزیی کارگێڕی بنەمایەکی سەرەکییە لە سیستمی فیدڕاڵیدا، چونکە هۆکارێکی کاریگەرە بۆ وەدیهێنانی گەشەپێدان لە ئیدارەکانی لامەرکەزی لە ڕێی بەشداریکردنی میللییانەی دانیشتوان و کاراکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە دانانی پلانەکانی گەشەپێدان و کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی مرۆڤ و داهات و سامانی سرووشتی، هەروەها دابینکردنی ئاسایشی خۆراك و دەستەبەرکردنی هەلی کار و کەمکردنەوەی کۆچ بۆ شارەکان کە بە مەبەستی کارکردن ئەنجام دەدرێت، بەم شێوەیە بەرەبەرە جیاوازییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کەمتر دەبێتەوە لە نێوان یەکە کارگێڕییەکان و شارە گەورەکاندا و هاوسەنگی و نزیکبوونەوە دێتە ئاراوە.

گرتنەبەری سیستمی لامەرکەزیی کارگێڕی لەلایەن حکومەتی ئێستاوە، دەبێتە هۆی چاککردنی بەردەوامی بەڕێوەبردنی حوکمڕانی و، بەشداریکردنی جەماوەر و لێپرسینەوە و شەفافییەت و وشککردنی سەرچاوەکانی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی.

بڕیاری حکومەتی بەڕێز مسرور بارزانی بە پێدانی لامەرکەزیی کارگێڕی بە ناوچەکانی زاخۆ و سۆران سنوورێك بۆ بیرۆکراسیی کارگێڕی دادەنێت، هاوکات دەرکردنی بڕیاری وەبەرهێنانی گەشەپێدان ئاسان دەکات، دواجار دەسەڵاتی جێبەجێکردن دادپەروەرانە دابەش دەبێت لە پرۆسەی دارشتنی بڕیارە ستراتیژییەکانی گەشەپێداندا، هەروەها وەدیهێنانی ئامانجەکانی پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی، جگە لە پرەنسیپی بەشداریی جەماوەری لە دەرکردنی بڕیاری گەشەپێدانی خۆجێیی، کە گیانی ئینتیما بۆ نیشتمان زیاد دەکات، هیواداریـن حکومەت دەستپێشخەری بکات بۆ فراوانکردنی ئەم ئەزموونە لە سەرجەم ناوچە ئیدراییەکانی هەرێمی کوردستان.

**سەرەڕای بڕیاردانی فیدڕاڵی لە عێراقدا لە ڕێی دەستوورەوە، فیدڕاڵی لە عێراقدا ڕووبەڕووی ئالنگاریی زۆر بووەتەوە کە هەڕەشەیە بۆ سەرکەوتنی ئەو سیستمە**

**چەمکی لامەرکەزی و فیدڕاڵی تێکەڵ یەکدی بوون، ئەوەش بووەتە هۆی وەدینەهاتنی هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدڕاڵ و هەرێمی کوردستان و پارێزگا گرێنەدراوەکان بە هەرێمەوە**

**بەشداریکردنی پارێزگا گرێنەدراوەکان بە هەرێمەوە لە پیادەکردنی پسپۆڕییەکانی خودی هەرێمەکان، تێکەڵکردنی نێوان لامەرکەزیی سیاسی و لامەرکەزیی کارگێڕییە**

**پێویستە ستایشی ئەوە بکەین کە حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی لامەرکەزیی داوە بە هەندێ لە ئیدارەکان، کە شایانی خۆشحاڵی و پێزانینە، چونکە ئەمە هنگاوێکی ئەرێنییە**

# گەنجان ڕۆڵی هەر دوو ڕێکخراوی لاوان و قوتابیان لە پێگەیاندنی گەنج بەرز دەنرخێنن



**لە ڕۆژگارێکی دژواری سیاسی و نەتەوەیی گەلەکەماندا لە ١٨ی شوباتی ساڵی ١٩٥٣، بە پێشنیار و دەستپێشخەریی ڕابەری کاریزمای نەتەوەیی گەلەکەمان(مستەفا بارزانی)، هەر دوو ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان دامەزران و، بوونە ئامرازێك بۆ جۆشدانی لاوان و قوتابیانی کوردستان بە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی، ئەو دوو ڕێکخراوە لە ڕەوتی شۆڕش و خەبات و پاراستنی وڵات و لە سەنگەری زانستیشدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان ڕۆڵ و پێگەی هەر دوو ڕێکخراوەکە لە پێگەیاندنی گەنج و لاوی کورد هەڵدەسەنگێنن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

د. گۆران عەبدوڵڵا دەلۆ دکتۆرا لە ئەدەبی سیاسی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «(٧٠) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ و وەك پێویستییەکی مێژوویی، لەسەر بڕیاری ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان دامەزران، بۆ ئەو سەردەمە بڕیاری دامەزراندنی وەها ڕێکخراوێك تەنیا داکۆکیکردن نەبوو لە توێژێکی دیاریکراو، بەڵکو ئەو ڕێکخراوانە بوونە پاڵپشتێکی گەورەی شۆڕشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان.

لە قۆناغێکدا لە پێناو بەدەستهێنانی مافی ئازادیی میللەتێکی چەوساوە، بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێك درا، کە بتوانێت ببێتە چەتری کۆکەرەوەی هەموو بیر و ئایدیایەکی شۆڕشگێرانە، بەتایبەت لەناو دوو توێژی گرنگ (قوتابیان و لاوان) کە داینەمۆی هەموو بزووتنەوە و پارتێکی سیاسین.

**بارزانیی نەمر لە سۆنگەی خەمخۆری بۆ وڵات و گەلەکەی و لە ئەزموونی سەرکەوتووی خۆیدا گەیشتبووە ئەو ڕایەی کە شۆڕشی کوردەکان وەکو پێویست سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر بنکەیەکی جەماوەریی فراوانی نەبێت و هەموو ناوچەکانی کوردستان نەگرێتەوە**


یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان جیا لە خەباتی کاری ڕێکخراوەیی لە ڕێگەی ڕێکخستنی نهێنی، بوونە هەوێنی سەرکەوتنی شۆڕش و بزووتنەوە چەکدارییەکان، بە جۆرێك لینکی پەیوەندیی نێوان ڕێکخستنی نهێنی و خەباتی چەکداری شاخ بەشێکی گرنگی کەوتبووە ئەستۆیی ئەم ڕێکخراوانە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش قوربانیی زۆریان بەخشی بە نموونەی (لەیلا قاسم) کە ژیانیان بەخشی لەپێناو سەرخستنی ئامانج و بەها باڵاکانی شۆڕش. بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوانەش تەنیا بۆ ئەوە نەبوو کە داکۆکیکاری ئەو توێژانە بن، بەڵکو سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەو سەردەمیش هەوڵی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سەر بە شۆڕش و دروستکردنی توانا و هێزی گەنجانە بوو، لە ڕێگەی دروستکردنی سەرکردەی داهاتوو بە پشتیوانی کەسانی بەئەزموونی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەگەر بشپرسین: ئایا پارتی توانی ئەو ئامانجە بپێکێت؟ بێگومان بەڵێ، بە نموونەی پێگەیاندنی سەدان سەرکردەی سیاسی لە ڕابردوو ئێستا، تا گەیشتە ئەوەی ئێستا بەو پەڕی شانازییەوە کادیرانی ئەم ڕێکخراوانە گەیشتنە لوتکەی هەرەمی دەسەڵات».

**پیرۆزبایی گەرم لە جەنابی سەرۆک بارزانی و سکرتێر و تاک بە تاکی ئەندامانی هەر دوو ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان دەکەم، جێگەی شانازیی کوردستانن و هەمیشە سەرکەوتوو بن**

**لە قۆناغێکدا لە پێناو بەدەستهێنانی مافی ئازادیی میللەتێکی چەوساوە، بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێک درا، کە بتوانێت ببێتە چەتری کۆکەرەوەی هەموو بیر و ئایدیایەکی شۆڕشگێرانە، بەتایبەت لەناو دوو توێژی گرنگ (قوتابیان و لاوان) کە داینەمۆی هەموو بزووتنەوە و پارتێکی سیاسین**

د. گۆران عەبدوڵڵا دەلۆ، ڕای وایە: «لە ئێستادا کە هەرێمی کوردستان خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆیە، بێگومان کاری خەباتی





د. گۆران عەبدوڵڵا دەلۆ:

**یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان جیا لە خەباتی کاری ڕێکخراوەیی لە ڕێگەی ڕێکخستنی نهێنی، بوونە هەوێنی سەرکەوتنی شۆڕش و بزووتنەوە چەکدارییەکان**



دوریا شێروانی:

**یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی کوردستان قوتابخانە و سەرچاوەی هەوێنی پێگەیاندنی چەندین کەسایەتیی سیاسی و ناوداری کورد بوون، تا ئەمڕۆش بەردەوامن لە کار و خەباتی خۆیان و هاندەر و ڕێنیشاندەرن بۆ دروستکردنی کەسایەتیی تاک و ناساندنیان**

ئەم دوو ڕێکخراوەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کە دەبێت بگونجێت لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دونیای پێشکەوتن و بەجیهانیبوونی کێشە و داخوازییەکانی لاوان و قوتابیاندا هەن، دەبێت سەرمەشق بن لە هەوڵدان بۆ پێشکەوتنی ئاستی مەعریفیی تاك بە تاکی کادرانی ئەم ڕێکخراوە، بە جۆرێك ببنە جێگای شانازی بۆ خۆیان و ئەو پارتەی کە وەك شانازییەك ناسناوی ڕێکخراوەکەیان هەڵگرتووە، جیا لەمانەش هەوڵدان بۆ پتەوکردنی هەستی خۆشەویستیی نیشتمان و فیداکاری لەپێناو پاراستنی بەها باڵاکانی، بێگومان هەموو ئەمانەش بە برەودان بە ئاستی زانستی و گەڕان و توێژینەوە لە بوارە جیاوازەکان دێتەدی، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کوردستان لەسەر بیرۆکەی نوێ و داهێنانی نوێ بخەینە سەر نەخشەی پێشکەوتنی جیهان».

وەك دواوتەشی گوتی: «دووبارە پیرۆز بێت یادی دامەزراندنی ئەو دوو ڕێکخراوەی کە تەمەنیان باڵاترە لە زۆربەی ئەو پارتانەی کە ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا کار دەکەن».

دوریا شێروانی مامۆستای بنەڕەتی لە پەروەردەی سۆران، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ لە هەنگاوێکی دیموکراتی و مەدەنییانەدا پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دروستکردنی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی دا بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر، کە جەلال تاڵەبانی وەك یەکەم سکرتێری ئەو ڕێکخراوە دەستنیشان کرا، لە هەمان ساڵیشدا ڕێکخراوی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، کە ئەم دوو ڕێکخراوە لە مێژووی تێکۆشانیاندا وەك جەمسەرێکی کارای نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ئەژمار دەکرێن و ڕۆڵێکی کارایان لە خەباتی هەمەلایەنەی شۆڕشی کوردستان گێڕاوە، کە توانیویانە لە مێژووی خەباتی خۆیاندا جێگەیەکی پڕشنگدار و پڕ لە بەرهەم و سەروەری لە مێژووی گەلی کورددا بنەخشێنن، بەتایبەت لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا، لە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیریش ئەرکی ئەم دوو ڕێکخراوە قورستر بوو، چونکە لە ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەریدا کاریان دەکرد و، دوای زانینی مژدەی درێژەپێدانی شۆڕشی گوڵان، کارەکانی خۆیان فراوان کرد، تا وای لێهات ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لقی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتیش بەهێزتر بوو. ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە شاری کەرەجی ئێران دامەزرا و یەکەمین کۆنگرەی خۆیشی لە ٢٣ی ئازاری ساڵی ١٩٧٦ لەو شارە بەست».

دوریا شێروانی جەخت لەوە دەکاتەوە کە «یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی کوردستان قوتابخانە و سەرچاوەی هەوێنی پێگەیاندنی چەندین کەسایەتیی سیاسی و ناوداری کورد بوون، ئەو دوو ڕێکخراوە تا ئەمڕۆش بەردەوامن لە کار و خەباتی خۆیان و هاندەر و ڕێنیشاندەرن بۆ دروستکردنی کەسایەتیی تاك و ناساندنیان لە نێو کۆمەڵگەدا و پاڵپشت بوون بۆ سەرکەوتنی قوتابیان و لاوان بۆ بەردەوامیدان بە ڕێبازی بارزانیی نەمر». گوتیشی: «وێڕای پیرۆزباییەکی گەرم لە هەموو کادیر و ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و قوتابیان و لاوانی کوردستان، بۆ من شانازی و سەرفرازییەکی گەورەیە کە یەکێك بووم لە قوتابیانی قوتابخانە مەزنەکەی کوردایەتی و ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان.

چالاکی مافناس زانا نەبەز، هێما بۆ ئەوە دەکات «توێژی لاوان و قوتابیان پڕ پۆتانسییێل و هەژەندەیین و بەردەوام لە گەشەدان و ڕوو لە پێشکەوتنن و ئەگەر بەربەست نەبێت و پەروەردەیەکی دروستیان هەبێت و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێندرێت، ئەوان دەتوانن بە باشترین شێوە لە گۆڕەپانی ژیاندا خۆیان بنوێنن و ببنە هۆکاری باشتربوونی داهاتوی وڵات». هاوکات دەڵێت: « بارزانیی نەمر لە سۆنگەی خەمخۆری بۆ وڵات و گەلەکەی و لە ئەزموونی سەرکەوتووی خۆیدا گەیشتبووە ئەو ڕایەی کە شۆڕشی کوردەکان وەکو پێویست سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر بنکەیەکی جەماوەریی فراوانی نەبێت و هەموو ناوچەکانی کوردستان نەگرێتەوە، بۆیە پێی باشترین بژاردە بوو کە بایەخ بدرێت بە توێژی زیندووی گەل تاوەکو ببێتە پاڵپشت بۆ شۆڕش و پێشمەرگە، لەسەر ئەم بنەمایەش بڕیاری دا و پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاسپارد بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، جگە لە دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتان لە ساڵی ١٩٥٢ بڕیاری دا بە دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٤ و دوای دامەزراندنیان ڕۆڵی شۆڕش بەهێزتر و فراوانتر بوو. قوتابیان و لاوان ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا بە بڵاوکردنەوەی

هەستی نەتەوەیی و هەست هۆشی خۆشەویستیی نیشتمان. لەو سەردەمەوە تاوەکو ئێستا خەباتی بێ دابڕان و کارکردن لەسەر دۆزە نەتەوەییەکان و هۆشیاری لاوان و قوتابیان بەردەوامە».

ئەو مافناسە ڕۆڵی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لەسەر پێگەیاندنی توێژی قوتابیان بە چەند خاڵ دەستنیشان دەکات:

-لەسەر ئاستی نیشتمانی و خەباتی نەتەوەیی خەڵکیان هان دا بۆ لەبیرنەکردنی مێژوو و جوگرافیای کوردستان.

- پاڵپشتیکاری ڕاستەوخۆی ناو خەڵك بوون بۆ پاڵپشتیی شۆڕش و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

-پاڵپشتیکردنی قوتابیان لە وەرگرتنیان لە زانکۆکانی عێراق بەگشتی و بە بێ جیاوازی.

-ناردن و پاڵپشتیکردنی قوتابیانی کوردستان بە زەمالە بۆ دەرەوەی وڵات و هەماهەنگییان لە کاتی بوونی گرفت.

-دابینکردنی بەشە ناوخۆییەکان و هەوڵە بێ کۆتاکانیان بۆ خەرجکردنی دەرماڵەی خوێندنیان.

- یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کۆششی زۆری کرد لە پێگەیاندنی کۆمەڵێك سەرکردەی بەتوانای نەتەوەیی لە ڕابردوودا و لە ئێستا و لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێت. هەستی پێ دەکرێت لە جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵاتدا بووەتە قوتابخانەی پێگەیاندنی سەرکردەکان .

-گرینگیدان بە توێژی قوتابیان لە ئاست توانا و خەونەکانیان.

پاڵپشتیکارێکی بەهێز بوون بە گەیشتن بە خەونەکانیان و بایەخی زۆریان دا بە بوارە جیاکان وەك توانا هونەری و وەرزشییەکان و...هتد.

- گرینگتر لە هەمووان داکۆکیکردن بوو لە مافی قوتابیان دوای ئازاری ١٠٧٠ وەکو نوێنەری ڕاستەقینەی قوتابیانی کورد توانیان لە زانکۆ و پەیمانگا و ناوەندەکانی خوێندن بوونی خۆیان بسەلمێنن و ئەرکی سەرشانی خۆیان بێ دابڕان تاوەکو ئێستا بەجێ هێناوە.

ڕۆڵی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە پێگەیاندنی لاوی کورد:

- یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە زیندووکردنەوە و درێژەپێدانی تواناکانی گرینگترین چینی کۆمەڵگە و پاڵپشتیکارێکی بەهێز بووە بۆ بونیادنانی لاوی کورد.

-هۆشیارکردنەوەی لاوان لە ڕوانگەی تەندروستی و خۆپاراستن لە تاوان و ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار بۆ زیاتر هۆشیاربوونی تاکی کوردی.

-بە دەرخستنی توانا وەرزشییەکان کە خواستی زۆرینەی لاوی کوردە و ئەنجامدان و کردنەوەی خولی وەرزشی بە گشت جۆرەکانیەوە.

-دابینکردنی پێداویستییە وەرزشییەکان و ئامادەکردن و دابینکردنی یاریگا و هۆڵ و ...هتد

-کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و بەقەدرزانین و ڕێزگرتنی خوێنی شەهیدان و خزمەتکردنی خانەوادەی شەهیدان.


-ناردن و پاڵپشتیکردنی گەنجانی کورد بۆ بۆنە و خولە فەرمییەکان لە دەرەوەی وڵات.

-کردنەوەی کەمپین و پاڵپشتیکردن لە بیرۆکەی لاوان لە پێناو خۆ بونیادنان».

زانا نەبەز لە کۆتایی وتەکانیدا گوتی: «دەتوانین بێ دوودڵی بڵێین یەکێتیی لاوان و یەکێتیی قوتابیان دوو قوتابخانەن بۆ کوردایەتی و پێگەیاندنی کەسایەتی پسپۆڕ و نیشتیمانپەروەر هەروەك لە ڕابردوو و ئێستادا ڕۆڵیان بەر چاوە، لە داهاتووشدا قوتابیانی ئەم دوو قوتابخانەیە بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی ئامادە دەبن».


ڕێزان باڵەك چالاکی مەدەنییە و وتەکانی بە ئاماژەکردن بە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان دەست پێ دەکات کە لە **٢٦ی** کانوونی دووەمی ساڵی **١٩٥٣** لە کەرکووك بەسترا و، لەسەر ڕاسپاردەی بارزانیی نەمیر، لە ١٨ی شوبات بڕیاری ئەوە درا هەر دوو ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان دابمەزرێن، لەماوەی تەمەنیشیان شان بە شانی تێکۆشەران خزمەتێکی بەرچاویان لە هەموو ڕوییەکەوە پێشکەش کردووە. هاوکات دەڵێت: «ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و خەبات و تێکۆشان بۆ بەرەوپێشبردنی کوردستان و پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی.

ئەو دوو ڕێکخراوە وەك قوتابخانەیەك بوون بو خەڵك بەبێ جیاوازی، لەو ڕێگەیەدا چەندین گەنج و کادیری پێشکەوتوو پێگەیشتوون و ئێستا لە ئۆرگانە جیاوازەکان خزمەتی کوردستان دەکەن». وەك دواوتەشی گوتی: «لەو ڕۆژەدا پیرۆزبایی گەرم لە جەنابی سەرۆك بارزانی و سکرتێر و تاك بە تاکی ئەندامانی هەر دوو ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان دەکەم، جێگەی شانازیی کوردستانن و هەمیشە سەرکەوتوو بن».



زانا نەبەز:

**یەکێتیی لاوان و یەکێتیی قوتابیان دوو قوتابخانەن بۆ کوردایەتی و پێگەیاندنی کەسایەتی پسپۆڕ و نیشتیمانپەروەر، لە داهاتووشدا قوتابیانی ئەم دوو قوتابخانەیە بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارەتی ئامادە دەبن**



ڕێزان باڵەك :

**ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و خەبات و تێکۆشان بۆ بەرەوپێشبردنی کوردستان و پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی**

فەریق گەلاوێژ:

# لە ساڵی ٢٠١٧ بەرهەمێکی شیعریم کرد بە کلیپ بە ناونیشانی (وەرە با دوایین پاییز بێ)

**ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئیرادە و متمانەبەخۆبوونن، لە ئاستی جیهان و بە کوردستانیشەوە ژمارەیان کەم نییە. بەتایبەتی ئەگەر خاوەن پێداویستی تایبەت بن و بتوانن بە سەر ئاریشەکانی ژیان و کۆسپەکانی بەردەمیاندا زاڵ بن. فەریق گەلاوێژی تەمەن ٣١ ساڵ یەکێکە لەوکەسانە و لەم گفتوگۆیەی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، ڕازی سەرکەوتنەکانی لە قۆناغەکانی تەمەنیدا ئاشکرا دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

فەریق گەلاوێژ، ڕۆژی ٢٠ی مانگی ٤ی ساڵی ١٩٩٢ لە شەقڵاوەی باشووری کوردستان لە دایکبووە. وەك خۆی باسی کرد، لە تەمەنی چوارساڵییەوە بە هۆی هەڵەیەکی پزیشکییەوە توانای بە پێ ڕۆیشتنی لە دەستداوە، ئەوەش گرفتی زۆری بۆ دروست کردووە، بەڵام هێز و توانای چارسەری گرفتەکانی هەبووە.

فەریق گەلاوێژ بەمجۆرە بە ڕاشکاویی باسی ژیانی خۆی دەکات:

«بە جەستەیەکی ساغ لە دایکبووم، دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ لە تەمەنم، بە هۆی هەڵەیەکی پزیشکی هەر دوو قاچەکانم لە ڕۆیشتن کەوتن، لە تەمەنی حەوت ساڵی لە حوجرەی مزگەوت دەستم بە خوێندن کرد و لە تەمەنی ١١ ساڵی ڕۆیشتمە قوتابخانە و ڕاستەوخۆ لە پۆلیی سێی سەرەتایی وەرگیرام، هێشتا لای من دارا دوو دارەکەی نەبینیبوو، هەر لە پۆلی سێیەم و یەکەم ساڵی خوێندنم لە قوتابخانە هەستم کرد خولیای هونەر و میوزیك و شانۆ لە مندا بوونی هەیە، ئەوەبوو ئەوکات بەشداریم لە چالاکیی قوتابخانەکان کرد، کە ئەوسا ساڵانە لە هەموو قوتابخانەکان بۆ قوتابیانی خاوەن بەهرە ساز دەکرا و، زۆریش سەرکەوتوو بووم و، بووم بە یەکێك لە باشترین شانۆکارەکان و لەسەر ئاستی پەروەردەکانی پارێزگای هەولێر پلەی یەکەمم بەدەست هێنا. دواتر دەستمدایە مۆسیقا و دوو ساڵ بەردەوام بووم، بەڵام بە هۆی خراپیی بارودۆخی ژیانم کە لە دەستدانی قاچەکانم بوون، نەمتوانی بەو دۆخەوە لە مۆسیقا بەردەوام بم و، خۆشبەختانە یەکەم پێنووسی شیعرم ئەو کاتە هەڵگرت و لە شیعر نووسین هەمیشە نیشتمانم پێش هەموو کەسێك خستووە.

قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیم زۆر سەرکەوتووانە بڕی، لە قۆناغی ئامادەیی کە هاوکات بوو لەگەڵ گەورەترین کارەسات لە ژیانی مندا کە ڕووی دابێت وەفاتی گەلاوێژی دایکم بوو، بە ڕۆیشتنی ئەو ئەژنۆکانیشم شکان و ژیانکردن لە بەر چاوم ڕەش و جۆرێکی دی بوو، ناچار ژیانێکم هەڵبژارد کە لە خۆم زیاتر کەس نەبێتە هاودەمی خەمەکانم و کەس ئازارەکانم نەبینێت، بۆیە لە دوای وەفاتی دایکم بۆ هەمیشە تەنیاییم هەڵبژارد و، لەو تەنیاییە خۆم دۆزییەوە، وام لێهات شانازی بە کەمئەندامیی خۆمەوە بکەم و بتوانم بەو جۆرە درێژە بە ژیان بدەم، بەڵام ژیانێك پڕ لە خۆشی و ئاسوودەکردنی دڵی خۆم» هەروەها گوتی: «باوکم و هەندێك لە براکانم پێکەوە دەژین، دوو خوشکیشم هەیە، کە بە قەد ڕۆحم خۆشم دەوێن و هەمیشە شانازییان پێ دەکەم کە خوشکی منن و هەستێکی دایکانە لە ئەواندا دەبینم. دوای هەموو ئەوانە لە قۆناغی ئامادەیی نەمتوانی



دریژە بە خوێندن بدەم و لە قوتابخانە هاتمە دەرەوە، بەڵام ئەوە نەبووە ڕێگر لە بەردەم خولیاکانم و لە نووسینی شیعر بەردەوام بووم، لە ساڵی ٢٠١٧ بەرهەمێکی شیعریم کرد بە کلیپ بە ناونیشانی (وەرە با دوایین پاییز بێ) و لە زۆربەی کەناڵە کوردییەکان خرایە بەر دیدی ئەدەب دۆستان، نەیشارمەوە منیش وەك هەر گەنجێك کەوتمە حاڵگرتنی عەشق و وەك پەروانە بە دەوری ڕۆحدا دەسووڕامەوە، دەروونم ڕۆتر چووە دونیای نووسین، هەر ڕۆیشتنێك و جێهێشتنێك بووە هەوێنی شیعرێکی جوان، بۆیە من ڕۆیشتنیشم خۆش دەوێت، چ جای بە یەك گەیشتن لەگەڵ مەعشووقەکەم، ئێستا حاڵی دڵم زۆر باشە، ئەو فەنابوونەم لەودا زێتر بووە، بەڵام پێی گەیشتم و وا پێکەوە ژیان دەکەین.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ڕەمزی سەرکەوتنەکانت لە ژیاندا چی بووە؟ گوتی: «کە بەو شێوەیە ژیانکردن لام جوانە و کەمئەندامیم خۆش دەوێت، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەگەر من بەو شێوەیە کەمئەندام نەبوومایە، ڕەنگە ئەو ئازیزانەی ئێستا لە چواردەورمن و هەموویان جێی شانازیی منن، ئەو کات نەبوونایە. ئەو ئازیزانەی هاورێمن هەمیشە بۆ من قەڵایەکی پۆڵایین بوون و لە هەموو سەرکەوتنەکانم ئەوان دەستپێشخەر و پاڵپشتم بوون» .

فەریق گەلاوێژ لە بارەی کار و پرۆژەکانی ڕابردووی و ئامانجەکانی داهاتووی گوتی: «چەندین کاری سەربەخۆم کردووە، وەکو دامەزراندنی (ڕێکخراوی باوەش) بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، کردنەوەی بەرگدرووی سارا لە شەقڵاوە، کردنەوەی چێشتخانەی سرووشت و چەندین کاری دیکە، بۆ ماوەی سێ ساڵیش کارگێری سەنتەری ڕۆشنبیریی شەقڵاوە بووم، ئێستا لە دەزگایەکی حزبی دەوام دەکەم و خاوەن پیشەی خۆمم».

# ستاتیکای پیت و پەیڤ

**ئەو پیشانگایەی هونەرمەندی کورد حوسێن کاکەیی لە بەلجیکا کردییەوە، نیشانی دەدات هونەری خۆشنووسی لە لای ئەو نەتەوانەی ئەلف و بێی ئارامی (عەرەبی) بۆ نووسینی زمانەکانیان بەکار دەهێنن، هونەرێکە لە هونەرەکان، لە ڕووی ستاتیکاشەوە لە پێگەیەکی بەهێزدایە. ئەم هونەرە تەنیا وابەستەی ژینگەی خۆی نییە، ئەوەتا هونەرمەندێکی کوردستان لە باکووری ڕۆژاوای ئەورووپا، کە سەلیقەی هونەرخوازی لە ئاستێکی باڵادایە، پیشانگایەکی خۆشنووسیی کردووەتەوە، ئەو پیشانگایەش پێشوازییەکی باش و شایستەی لێ کراوە. جێی خۆیەتی بپرسین، هونەر لە کوێی ئەلف و بێی نووسیندایە؟ لێرە بە دواوە، هەوڵێك بۆ وڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەدەم.**

**ئا/ تاریق کارێزی**

هەر شتێك لە سنووربەندی دەربچێت، جغزی ئاسایی بوون و دووبارە بوونەوە تێپەڕ بکات، بگاتە دۆخی ئازادی لە فەزای بەرجەستە بووندا، دەچێتە فۆرمی هونەر و بە ڕۆحی باڵای هونەرستان دەگات. پیتی ئارامی/ عەرەبی کە لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا ئەلف و بێی نووسینی زمانی کوردییە، چەند خەسڵەتێکی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە. هێڵی نووسینی پیتەکانی ئەو ئەلف و بێیە لە خولگەی بازنەدا دەسووڕێتەوە، لە هەمان کاتدا وابەستەی جووڵەی سنووربەندی ئەندازە نییە، هەروەها پانیی هێڵ لەم تەرحە ئەلف و بێیەدا، چەشنی ئاوازی پەیژەی مووزیك، لە بەرز و نزمی (پانی و تەسکی) دەدات. ئەم سێ خەسڵەت (خولگەی بازنەیی + جووڵەی ئەندازە بەزێن + هەڵکشان و داکشانی جووتە لێواری سەر و خواری هێڵەکەی)، واتە (سووڕانەوەی بازنەییانەی پیت) و (جووڵەی ناوابەستەی ئەندازە) و (لە یەکدی نزیك بوونەوە و دوور کەوتنەوەی جووتە لێواری هێڵی پیتەکان)، وای کردووە نەرم و شلییەکی سیحراوی بە شێوەی کێشانی پیتەکان بدات.

پەیوەست بە بڕگەی پێشوو، هونەری خۆشنووسی لە ماوەی ١٤ سەدەی ڕابردوودا، چەندین نموونەی چەشنەکانی خۆشنووسیمان دەداتێ، هەر یەکەشیان ناوی خۆی و ڕێسای زۆر وردی خۆیان هەیە. بۆ پەی بردن بە نهێنییەکانی ئەم هونەرە، ئارەزوومەند پێویستی بە ساڵانێك لە مەشقی بەردەوام هەیە.





دۆخێکی سەیر لەم هونەرەدا بەدی دەکرێت. ئەلف و بێی نووسینی ئەم هونەرە ئەندازە بەزێنە، بەڵام چەشنەکانی ئەم هونەرە، وابەستەی ئەندازەیەکی زۆر وردی نووسین و هونەرکارین. هەر لەنگی و لادانێك لە ڕیتم و ڕێسای ئەندازەی نووسینی پیتێك، زۆر زەق خۆی دەنوێنێت، لە دوورەوە ئەو لەنگی و لادانە دیارە. خاڵێکی دیکەی بەرجەستە بوونی هونەر لە خۆشنووسیدا ئەوەیە، پیت و وشە تا دەگاتە ڕستە، بە بێ ئەوەی واتا تێك بچێت، دەچن پاڵ یەك، یەکتر لە ئامێز دەگرن، دەچنە سەر شانی یەکدی، یان هەر فۆرمێکی مەبەستت بێت، بە هونەری خۆشنووسی دەتوانیت بەرجەستەی بکەیت، بە بێ ئەوەی ڕستە تێکەڵ بێت یان خوێندنەوەی واتا بشێوێت. ئەمە مەحاڵە لە نووسین بە ئەلف و بێی لاتینی بکرێت.

حوسێن کاکەیی بە سوود وەرگرتن لە تەنیا دوو جۆر لە هونەری خۆشنووسی، سەدان تابلۆی ئامادە کردووە. ئەو (کاکەیی)، تابلۆکانی بە جووتە خەتی نەستالیق و شکستە نووسیوە. ئەم دوو جۆرە خەتە ئەگەرچی وابەستەی زمانی فارسین، بەڵام بۆ نووسینی کوردیش زۆر تەبا و گونجاون. بینەر لەبەر چی لە دیتنی تابلۆکان بێزار نابێت؟ هۆیەکە ئەوەیە، هەر یەکەیان بۆ ئەو تابلۆیەکی نوێیە، چەشنێکی جیاواز لە جووڵە و شێوە و ڕیتم و ئاواز دەنوێنێت. خۆشنووسی لە گەڵاڵە کردنی تابلۆدا، تەنیا شارەزاییەکی باش لە هونەری خۆشنووسی، لە پاڵ سەلیقەیەکی باش لە گەمە کردن بە شێوەی کێشانی پیت و نووسینی وشە و ڕستەی دەوێت، بۆ ئەوەی سەرەنجام کۆمەڵێك فۆرمی جیاواز بەدی بێن، ئەمانەش هەردەم حەزی گەڕان بە دوای جوانی و چێژ لە لای بینەر دەبزوێنن. هەر ئەمەشە پاساوی گرد بوونەوە و هاتنی هونەرخواز و هونەر دۆستان بۆ پیشانگای خۆشنووسی.











# شاجوانی سلێمانی خەڵاتی تایبەتی فێستیڤاڵی سینەمای دژ بە تیرۆری بردەوە

خانمە ئەکتەر (ڕەیان عەلی) کە لە هەمان کاتدا شاجوانی سلێمانییە، خەڵاتی تایبەتی حەوتەم خولی فێسیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەمای (دژ بە تیرۆر)ی بردەوە، لە میانەی بەشداریکردنی لە فیلمی (ئاوازی سەحەر) کە لە دەرهێنانی کاروان ئاواتە، شاجوانی سلێمانی لە کاتی ئامادەبوونی لە فێستیڤاڵەکەدا سوپاسی ئیدارەی فێستیڤاڵی کرد، لە هەمان کاتدا سوپاسی پاڵەوانانی دژە تیرۆری کوردستانی کرد کە لە سایەی ئەواندا هونەرمەندان فێستیڤاڵ ساز دەکەن و دڵنیان لەو ئارامی و ئاسایشەی کە لە سایەی ئەواندا بەرقەرارە.

خەڵاتەکانی دیکەی فێستیڤاڵەکە بەم شێوەیە بوون:

باشترین فیلم (من لە کوێم) لە دەرهێنانی کەی بەهار.

باشترێن دەرهێنان بڕوا کامیل لە فیلمی (تاشە بەرد).

باشترین سیناریۆ فیلمی (هێدفون) دەرهێنانی هێڤار عومەر.

باشترێن نواندن فیلمی (مەلا) دەرهێنانی بەها کازم.

خەڵاتی لێژنەی دادوەران تایبەت بۆ فیلمی (کچی با) لە دەرهێنانی دانا کەریم.

خەڵاتێکی دیکەی لێژنەی دادوەران بۆ فیلمی (شاش) بوو لە دەرهێنانی عەلی کەعبی.



# حەلیمە بۆلاند دەیەوێت منداڵێکی قوربانیی بومەلەرزەکە بەخێو بکات

دوای ڕووداوی بومەلەرزەکەی باکووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان، هونەرمەند و ئەستێرەکان بە شێوازی جیاجیا هاوسۆزیی خۆیان بۆ قوربانیانی ڕووداوەکە دەربڕی.

خانمە میدیاکاری کوەیتی حەلیمە بۆلاند، خواستی خۆی بۆ بەخێوکردنی منداڵێکی سووری دەربڕی کە لەژێر داروپەردوودا دەرهێنرا، ئەوەش دوای ئەوەی لە ئەنجامی بومەلەرزە وێرانکەرەکە ئەو منداڵە تەواوی خێزانەکەی گیانیان لەدەست دا.

حەلیمە بۆلاند گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە و تیایدا دەڵێت: «بەدڵنیاییەوە هەمووتان ئەو گرتە ڤیدیۆییەتان بینی کە هی منداڵێکی سووری بوو، کە لە ئەنجامی بوومەلەرزەکەی سووریادا هەموو خێزان و کەسوکاری خۆی لەدەست داوە، من دەمەوێت ببیەم بۆ ئەوەی لەگەڵ کچەکانمدا بژی» حەلیمە ئاماژەی بەوەش کردووە کە «لە ئێستاوە پرسیار دەکەم ڕێکارەکان چین و یاساکانی بەخێوکردنی منداڵ لە کوەت چین و بەخێوکردن چۆنە؟ یان هەنگاو و ڕێکار و وردەکارییەکانی پێویست بۆ هێنان و بەخێوکردنی ئەم منداڵە چین».

کچە میدیاکارە کوەیتییەکە لە درێژەی قسەکانیدا گوتیشی: «خۆزگە پسپۆڕەکان پەیوەندییان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی کارەکەمدا دەکرد بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست».

## ماجدا زەبیتە بۆ گوڵان:

# یەکێک لە بەربەستەکانی بەردەم سینەمای مەغریب ئەوەیە کە کۆمپانیای بەرهەمهێنانی سەربەخۆمان نییە



خانمە هونەرمەندی مەغریبی ماجدا زەبیتە پێی وایە هەندێك ئاستەنگ هەن کە خەریکە ناوبانگی سینەمایی و هونەری مەغریبی لەناو دەبەن. هەندێك گەشبینیش هەیە، بەڵام تێچووی بژێوی و ژیان وا لە هونەرمەند ناکات مەرجی هونەری و ماددی بسەپێنێت، هەروەها کەسانێکیش هەن کە ماندوو دەبن و هەوڵ دەدەن هونەری جوان پێشکەش بکەن. لەم دیمانەیەدا ماجدا باس لە پێشکەوتنی سینەمای مەغریبی و چەند لایەنێکی تایبەت دەکات.

*** دراما ڕەمەزانییەکان چ کاریگەرییەکیان لەسەر هونەرمەندان هەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە دراماکانی مانگی ڕەمەزان کاریگەری لەسەر هونەرمەند دەبێت، کەواتە بەسە بۆ ئەوەی داهێنەر بێت و بدرەوشێتەوە و هەموو وزەی ناوەوەی دەر بکات؟ هونەرمەند هەستێکی هونەریی هەیە کە دەبێت لەگەڵیدا بمێنێتەوە، ئەگینا لە ناو جەستەیدا گیر دەخوات، هونەرمەند وەك هەر یاریزانێکی تۆپی پێ وایە، ئەگەر تۆپەکە نەبات و نەیگەڕێنێتەوە هیچی پێ نادات، بۆیە ئێمە وازمان لە پشتگوێخستنی هونەرمەندانمان و توانا هونەرییەکانیان و هەستی هەستیاریان هێناوە.

*** لە بنەماڵەکەتاندا موزیك باوی هەیە، بۆچی نواندنت هەڵبژارد؟**

-لە سەرەتادا من نواندنم هەڵ نەبژارد، ئەو منی هەڵبژارد، چونکە لە قوتابخانە بەشداریی هەندێك بەرهەمی شانۆییم دەکرد، دوای ئەوە پەیوەندیم بە تیپێکەوە کرد، لەلایەن دەرهێنەرەوە داوام لێ کرا لەگەڵیاندا

بەشداریی شانۆگەرییەك بکەم و منیش لەگەڵیان مەشقم کرد، هەفتەیەك دوای نمایشەکە، دەرهێنەر ڕۆڵی لاوەکیی گۆڕی بۆ ڕۆڵێکی سەرەکی، ئەمەش دەستپێکی من بوو، دوای ئەوەش زنجیرەی (شجرة الزاوية) هات، کە سەرەتایەکی ڕاستەقینە بوو، و یەکێك بوو لە ڕۆڵە گرنگەکانم کە بە ڕاستی شانازی پێوە دەکەم، دەستکەوتێك بوو و سەرکەوتوو بوو بۆ دەست پێکردن.

سەبارەت بە خێزانەکەم، هەموویان لە بواری موزیك نین، خوشکەکەم مۆسیقاژەنێکی پرۆفیشناڵە، خوشکەی دیکەم ئەکتەرە، مامیشم (ئەحمەد زوبەیتە) هونەرمەندێکی ناسراوی بینراوە، باوکم گۆڵپاریز بووە.

*** ئایا گۆرانی و سەماکردن ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ ناوبانگ، بیر لە ئەزموونەکانی گۆرانیگوتن و وێنە گرتنی ڤیدیۆ کلیپ دەکەیتەوە؟**

- گۆرانیگوتن پێش نواندن بوو، بەڵام من ئەوەم هەڵبژارد کە ئەم ڕێگەیە نەگرمە بەر، خۆم ڕازی بووم بەشداری بکەم لە گەڵ هەندێك هونەرمەند، بەم زووانە دوو بەرهەمی گۆرانیم لەگەڵ ڕائید میقداد لە ڕۆژانا بڵاو دەکرێتەوە، کە دوو کەس لەخۆ دەگرێت و گۆرانییەکانی تێکستەکانم، کە لەم ڕۆژانەدا لە شێوەی ڤیدیۆ کلیپێك لە لەندەن وێنە دەگرێت.

*** هەندێك جار دەردەکەویت و ون دەبیت، ئایا دۆزینەوەی بەرهەمی باش ئەستەمە؟ ئایا مەرجەکانی خۆت دادەنێیت؟ پێوەرەکانی کاری باش لە ڕوانگەی تۆوە چین و ئایا مووچە گرنگترینە؟**

- من دەردەکەوم و ون دەبم، ئەوەم خۆش دەوێت، چونکە نەمان دوای کردەوەیەکی جوان دێت، هەندێك جار دیارنەمانەکە بە ئیرادەی منە، هەندێك جاریش پێچەوانەی ویستی منە، بەتایبەتی ئەوەی لەم دواییانەدا بەهۆی نەبوونی کارەوە ڕووی دا، بۆ ئەوەی درۆ یان رووکەش نەبین، پێموایە لە سەردەمی ئێمەدا و ئەوەی کە بواری سینەما و دراما شاهیدیە، ئێمە هێشتا زۆر دوورین لەوەی هونەرمەند مەرجی بنەڕەتی بسەپێنێت، هەندێك مەرج هەیە، بەڵام هەر دەمێننەوە و مەرجی بەهێز نین .

کارەکە دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی هونەرمەند بتوانێت لە هەلومەرجێکی باشدا کار بکات، هەروەها وەك دەزانین کرێ گرنگە، چونکە هونەرمەند لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە دەژی و ئەمەش شتێکە شایەنی خۆیەتی و دەبێت لە ئێستادا ڕەچاوی بکرێت، ئێستا بەشداریی کارێکی شانۆیی نوێی جوان دەکەم، هەرچەندە شانۆی مەغریبی لە نوێبوونەوە و پەسەندکردندایە، بەڵام هەموو شتێك کە یاساییە، پێموایە کە هێشتا کاتی نەهاتووە و هونەرمەندیش مافی یاسایی تەواوی خۆی وەرنەگرتووە، لەو کاتەوەی کە هونەرمەند چەند شتێك دەکاتە قوربانی، گرنگیدان پێی بابەتی یەکەمایەتییە.

یەکێك لە ئاستەنگەکانی سینەمای مەغریب ئەوەیە کە کۆمپانیای بەرهەمهێنانی سەربەخۆمان نییە، بەو پێیەی هێشتا بوارەکە بەرهەمی ڕاستەقینەی نییە، بەڵام تەنیا دوو دەرچەی بەرهەمهێنانمان هەیە و پێموایە ئەمە یەکێکە لە ئاستەنگە گەورەکان.

*** چی دەڵێی بەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ئەرکیان سووکایەتیکردنە بە هونەرمەندان؟**

- بۆئەوەی نادادپەروەر نەبین بەرامبەر ڕۆژنامەوانی مەغریب، هەموو ڕۆژنامەنووسان شوێنە بێ ماناکان ناگرن، هەندێك ڕۆژنامەنووسی جدی و درەوشاوە هەن کە قەڵەمەکەیان پاك و خاوێنە، بەڵام من دەڵێم هەرکەسێك بێمانایی بۆ خۆی بوێت شوێن بێمانایی دەکەوێت، هەرکەسێك سەرکەوتن و درەوشاوەیی بوێت شوێنی دەکەوێت، ئەمەش ئەوەیە کە لە خوێندنەوەکانمەوە دەستم بردووە بۆ هەندێك بابەت یان چاوپێکەوتن، جا لەگەڵ من بێت یان هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکانم، پێیان دەڵێم پرۆفیسۆر.

*** گرنگترین بەرهەمەکانت چین کە بە دەستکەوتی هونەرییان دەزانیت؟**

- پێم وایە دوای(شجرة الزاوية و صالون شهرزاد) هەموو کارێك کە کردوومە بۆ من دەستکەوتە، چونکە هەر قوتابخانەیەك دەچمە ژوورەوە، لە هەموو دەرچوونێکەوە لێی فێر دەبم و سوودی لێ وەردەگرم و هێشتا فێر دەبم، چونکە زیاتر ئێمە پێش دەکەوین، تا زیاتر بڵێین «پەروەردگارم، زیاتر فێر دەبین.»

زۆرجار دەبینین هەندێك لە خانمە هونەرمەندەکان کارێك بەجێ دەهێڵن و دەچنە ناو کارێکی دیکەوە، بەڵام ئەوانە ڕێژەیەکی زۆر کەمن، هەوڵ دەدەم بەرهەمەکانم هەڵبژێرم و تا دەتوانم هەوڵ دەدەم بەدوای دەرهێنەرێك یان بەرهەمهێنەرێکدا ڕانەکەم، لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە هونەرمەندی ڕاستەقینە کێیە، ئەمەیە کە تەنانەت بۆ بینەریش ڕوون دەبێتەوە پێش ئەوەی بچێتە ناو هەر کارێکەوە دەبێت بەدوای ڕۆڵەکەدا بگەڕێت و بە هەموو دەسترەنگینییەکەوە بەرجەستەی بکات، کاتێك تەواو بوویت لە کارەکە، دەگەڕێیت بۆ ئەوەی چۆن لە ڕۆڵەکە دەربچیت و نەچیتە ناو ڕۆڵێکی دیکەوە پێش ئەوەی قەدەغە بکرێت خۆت و ڕۆڵەکەی دیکە ئامادە دەکەیت، ئەمەش ئەوەیە کە هەندێك جار بیری دەکەین.



ئاسۆ ڕۆستەم:

یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی عێراق

# تا زیاتر دژایەتی بکرێم کۆڵ نادەم و زیاتر هەوڵ دەدەم



زۆرن ئـەو یاریزانـە کوردانـەی کـە بوونەتـە جێگـەی چاوتێبڕینـی چەندیـن یانـەی وڵاتانـی عەرەبـی و عێراقی، یەکێك لـەو یاریزانانـەش کە لـە ئێستادا بـە یەکێك لـە یاریزانـە سوپەرەکانی عێراق و کوردستان دەژمێردرێـت، کـوڕە یاریزانـی کـوردی ڕیـزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقی (ئاسۆ ڕۆستەم)ی ئەستێرەی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی شورتەیە، کە لە جامـی وڵاتانی کەنداو چاوی لـە سـەر بوو وەکو یاریزانێکـی کوردسـتان، ئاسـۆ ڕۆسـتەم لەدایکبـووی سـاڵی ١٩٩٤ی دەڤـەری شـارەزووری سـەر بـە پارێـزگای سـلێمانییە، پێشـتر یاریـی بـۆ یانەکانـی هەولێـر و دهـۆك و سـلێمانی و کەربـەلا و نـەورۆز و پێشـمەرگەی سـلێمانی وسـالمییەی کوەیتـی کـردووە، ئێسـتاش یاریزانـی یانـەی شـورتەی شـاری بەغدایـە. ئێمـەش لـە نزیکـەوە ئـەم دیمانەیەمـان لەگەڵدا ئەنجام دا، ئەویش وەڵامـی پرسـیارەکانی گۆڤـاری گوڵانـی دایـەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** وەکو یاریزانێکی کورد بە دەستهێنانی جامی کەنداو چ هەستێکی پێ بەخشیت؟**

- بەدەستهێنانی جامی کەنداو هەستێکی زۆر خۆش بوو بۆمن، کە یەکەم پاڵەوانێتی بوو بەشداریم کرد لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق، سوپاس بۆ خوا بەشداریکردنەکەم بە جامەکەوە بوو، هەتا ئێستاش هەست بە دڵخۆشی دەکەم.

*** زیاتر شانازی بە چ شتێکی خۆتەوە دەکەیت؟**

-شانازی بە کۆڵنەدانی خۆمەوە دەکەم، و بە ڕاستی من یەکێکم لەو کەسانەی کە هیچ کات کۆڵ نادەم، تا زیاتر دژایەتی بکرێم هیچ کۆڵ نادەم و زیاتر هەوڵ دەدەم.

*** وەکو یاریزانێکی کورد لەلایەن عێراقییەکانەوە چۆن پێشوازیت لێ دەکرێت؟**

- لەلایەن یاریزانە عەرەبەکانەوە کە ئێستا لە یانەی شورتەم، سەرجەم یاریزانان پیرۆزباییان لێ کردووم، بەتایبەت یاریزانە باشەکانی شورتە و ئەوانەی کە پێشتر لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بوون، زۆر بە جوانی پێشوازیی هاتنم بۆ یانەکەشیان لێ کردم، جگە لەوەش دڵخۆش بووین کە پەیوەندیم بە یانەی شورتەوە کردووە.

*** لە جامی کەنداو هاندەران داوای یاری کردنیان دەکرد بۆ تۆ، بەڵام ڕاهێنەر کاساس زۆر کات بە شێوەی سەرەکی یاری پێ نەدەکردی هۆکاری چی بوو؟**

- هەموو یاریزانێك حەز دەکات لە پێکهاتەی سەرەکیدا یاری بکات لە هەر شوێنێك بێت، نەك تەنیا لە هەڵبژاردەی عێراق، ئەوە هەمووی بۆ ڕاهێنەر دەگەڕێتەوە، سوپاسی هاندەران دەکەم کە ئەم جۆش و خرۆشەیان هەبووە بۆم، بەڵام هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهێنەر، ڕاهێنەریش ئەنجامی هەبووە، ناتوانی هیچ گلەییەکی لێ بکەی.

*** گرفتەکانت لەگەڵ یانەی سالمییەی کوەیتی بە کوێ گەیشت، ئەگەر مافیان نەدایت چی دەکەیت؟**

- مووچەکانم وەرنەگرتووە لە یانەکە، بۆیە بە فەرمی سکاڵا لە یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی تۆمار دەکەم لەسەر یانەکە، لە ڕێگەی پارێزەرەوە من براوە دەبم، چونکە ئەوان هیچ بیانوویەکیان نییە لە سەر پێنەدانی مووچەکانم، باوەڕ ناکەم بتوانن هیچ سکاڵایەك لە سەر من بکەن.

*** بۆچی یانەی شورتەت هەڵبژارد لە کاتێکدا یانە کوردییەکان داوایان کردبوویت؟**

- بەداخەوە ئەم بابەتە دەنگۆیەکی زۆر خراپی لێ کەوتەوە، هەر یاریزانێك حەز دەکات لە یانەیەك یاری بکات کە ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنێت، چۆن لە هەڵبژاردەی عێراق ئامانجمان هەبوو، لێرەش بە هەمان شێوە لەگەڵ ئەم یانەیە ئامانجم هەیە، هەر چەندە لەگەڵ یانەی هەولێر لە هەندێك لە پارەی خۆم خۆشبووم، بەڵام ئەوان نەهاتە پێشەوە بەداخەوە، بەڵام یانەی هەولێر و نەورۆز هەرماڵی دووەمی منە و هەر کاتێك پێویست بێت من خزمەتیان دەکەم و بچووکییان دەکەم، بەڵام لە ئێستادا پێویستە لە یانەیەك یاری بکەم کە پێویستی بە ئەنجام بێت و کە ئامانجی گەورەی هەبێت.

*** بۆ گەیشتن بە هەڵبژاردەی عێراق هۆکارەکەی پارەی زیاتر بوو یان ویستت لە یانە جەماوەرییەکان نزیك بیت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەگەر لە یانە جەماوەرییەکان یاری بکەیت لە هەڵبژاردەی عێراق نزیکتریت و بگرە زیاتریش دەردەکەویت.

*** بیری خولی کوردستان ناکەیت؟**

- نەخێر، بیری خولی کوردستان ناکەم، من پێشتریش گووتومە یاریکردن لە خولی کوردستان تەنیا بۆ مانەوەی ئاستی خۆت ئەو ئاستەیە کە هەتە، بەڵام لە خولی عێراقی و خولەکانی دەرەوە ئاستت بەرز دەبێتەوە، بینیتان کە ئێمە لە خولی کوردستان لە چ ئاستێکدا بووین و ئێستا لە چ ئاستێکین، بینیومانە کە چەندین یاریزانی دیکەش لە خولی کوردستان چ ئاستێکیان هەبوو ئێستا لە چ ئاستێکن.

*** ئامانجت چییە لە وەرزشکردن؟**

- ئامانجم ئەوەیە بتوانم خزمەتێك بە وڵاتەکەی خۆم بکەم و ناوێك بۆ خۆم و وڵاتەکەم دروست بکەم، هەروەها ئێمە وەرزش کردنمان بووەتە پیشە، ئەوەش ڕاستییە، کە خەونمان هەیە بە ئەنجام و بە مێژووەوە.

*** حەز دەکەی بە ئاستی کام یاریزان بگەیت؟**

- حەز دەکەم بگەم بەو ئاستەی کە بزانم خۆم هەم و دەمەوێت، حەزم بەوەیە نازناو و مێژوو تۆمار بکەم.

*** گرێبەستت بۆ نەهاتووە لە وڵاتانی دەرەوە، بەتایبەت لە ئەوروپاوە؟**

- لە خولەکانی ئەفریقیا و وڵاتانی کەنداو گرێبەستی زۆرم بۆ هات، دەستبەرداربوونم لە یانەی سالیمە دواکەوت، بۆیە نەم توانی لە هیچ خولێك سودمەند ببم، بۆیەش یانەی شورتەم هەڵبژارد، لە ئەوروپا هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە، بەڕێوەبەری کارەکانم ویستی بۆ یانەکانی تورکیا و یۆنان پێشکەشم بکات، بەڵام خۆم پێی ڕازی نەبووم خۆم پێشکەش بکەم، داوام کرد خۆیان داوام بکەن بۆ یاریکرد، ئەوکات ڕازی دەبم بچمە ئەو خولانە.

*** چی بە یاریزانە کوردەکان دەڵێیت کە خەونی پۆشینی درێسی هەڵبژاردەی عێراقیان هەیە؟**

- هیچ کات کۆڵ نەدەن لەو ئامانجەی هەیانە و بەردەوام بن لەسەری،بەڵام ئامۆژگارییان دەکەم لە خولەکانی کوردستان دوور بکەونەوە و سەرکەون بۆ خولەکانی عێراق و ئارام بگرن، بە دڵنیاییەوە دەگەن بە ئامانجەکانیان.

*** خەونی ئەوەت هەیە یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستانیش بکەی لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکاندا؟**

- بەداخەوە لەوکاتەی من ئاستم بەرزە و هاتوومەتە خولەکانی کوردستان و عێراقەوە، هەڵبژاردەی کوردستان هیچ کات نەبووە تا بتوانم خزمەتی بکەم، بەدڵنیاییەوە خەونی یاریکردنم بۆ هەڵبژاردەی کوردستانیش هەبووە، بەڵام سەری نەگرتووە بۆمان، بەداخەوە پەنا بەخوا لە داهاتوو بتوانم خزمەتی بکەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامە، هیوادارم بەردەوام بن.






# تۆتنهام ئامادەیە هاری بفرۆشێت

یانەی تۆتنهام ڕەزامەندی لەسەر دەستبەرداربوونی لە هاری کەینی هێرشبەری یانەکەیان دەربڕیوە و تەنیا یەك مەرجیان لەسەر فرۆشتنی ئەو یاریزانە داناوە.

هاری کەین ئەم وەرزە لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان لەگەڵ تۆتنهام لە کۆی ٣٠ یاری، ١٩ گۆڵ و ٣ ئاسیستی کردووە. ماڵپەری دەیلی مەیلی بەریتانیا لە راپۆرتە هەواڵێکدا ئاشکرای کردووە یانەی مانچستەر یۆنایتد هەوڵەکانی بۆ گواستنەوەی هاری کەینی هێرشبەری یانەی تۆتنهام چڕکردووە و ئۆفەرێکیشیان بۆ کڕینی ئەو یاریزانە ئامادە کردووە.

یانەی مانچستەر ئامادەیە ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ گواستنەوەی هاری کەین پێشکەشی کارگێڕی تۆتنهام بکات، بەڵام یانە لەندەنیەکە ١١٧ ملیۆن یۆرۆی کردووەتە مەرجی دەستبەرداربوون لە هاری کەین.

بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، یانەی تۆتنهام وەڵامی داوایەکەی مان یۆنایتدی داوەتەوە، کە دەتوانن لە کۆتایی ئەم وەرزە هاری کەین بگوازنەوە، بە مەرجێك ١١٧ ملیۆن یۆرۆ بدەن.

هاری کەینی تەمەن ٢٩ ساڵ، لە یانەی تۆتنهام پێگە یشتو وە ، بەڵام لە هاوینی ٢٠١٣ بە یانەی لیستەر سیتی فرۆشت، دوای تەنیا ٥ مانگ ئەو یاریزانەی کڕییەوە ماوەی ١٠ وەرزە لە سەریەك یاری بۆ یانەی تۆتنهام دەکات، لە کۆی ٤١٦ یاری، ٢٦٧ گۆڵ و ٦٢ ئاسیستی بۆ تۆتنهام کردووە و گۆڵکاری مێژووی یانەکەیە.

# چوار یانە لە خولی تورکیا کشانەوە

یەکێتی تۆپی پێی تورکیا داواکاریی چوار یانەی بۆ کشانەوە لە خولی یانە نایابەکانی تورکیا قبوڵکرد، کە بەهۆی بوومەلەرزەوە بڕیاریانداوە لە خولەکە بکشێنەوە.

ئەو یانانەی، کە کشانەوە هاتای سپۆر، غازی عەنتاب سپۆر، یەنی مالاتیا سپۆر و ئەدەنە سپۆرن، کە بەهۆی بوومەلەرزەکەوە زیانی گەورەیان بەرکەوتووە و داواکارییەکەشیان لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی تورکیا قبوڵکراوە.

بەپێی راگەیێنراوی یەکێتی تۆپی پێی تورکیا، لە دوای کشانەوەیان لە خولەکەدا، هەموو ئەو یارییانەی، کە ئەو یانانە ماویانە، بە ٣-٠ لە بەرژەوەندی تیپە رکابەرەکانیان هەژمار دەکرێت.

جگە لەوەش هەر چوار یانەکە دەرگای بەڕووی یاریزانە پیشەگەرەکانیان کردووە بۆ گەرانەوەیان بۆ وڵاتەکانیان.

بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکیتی تۆپی پێی وڵاتەکە، یانەکانی تورکیا بڕیاریانداوە ١٠٠٠ کۆنتێنەر وەک هاوکاری پێشکەشی ئەو ناوچانە بکەن، کە بوومەلەرزە زیانی پێگەیاندوون، هەروەها ٥٩ ملیۆن لیرەی تورکی لە مافی پەخشی یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی تورکیا بۆ قوربانییانی بوومەلەرزەکە پێشکەش دەکرێت.

یەکێتی تۆپی پێی تورکیا بڕی ٥ ملیۆن لیرە، لە مافی پەخشکردنی یارییەکانیان لە هەریەکە لە یانەکانی بێشکتاش، گەڵاتەسەرای، ترابزۆن سپۆر و فەنارباخچە و ٣ ملیۆن لیرەش لە یانەکانی دیکە کەمدەکاتەوە بۆ هاوکارییکردنی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە.

# ریاڵ مەدرید چاودێری جواو فیلێکس دەکات



یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی چاودێری تواناکانی ئەستێرەی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەکات و دەیەوێت بیباتە ریزەکانی.

میدیاکانی بەریتانیا دەڵێن: یانەی ریال مەدرید چاودێریی جواو فیلێکس، ئەستێرەی پۆرتوگالی و یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەکات، کە ئێستا بەشێوەی خواستن تا کۆتایی وەرز لە یانەی چێڵسی یاری دەکات.

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی زە سەنی بەریتانی، ریال مەدرید دەیەوێت چاودێری پێشکەوتنەکانی فێلیکس لەگەڵ یانەی چێڵسی بکات بۆ ئەوەی لە گواستنەوەی هاوینی داهاتوودا گرێبەستی لەگەڵ مۆربکات.

ریال مەدرید لە گواستنەوەی رابردوودا هیچ گرێبەستێکی گەورەی نەکردووە، میدیاکانی ئیسپانیا دەڵێن: فلۆرنتینۆ پێرێز کاردەکات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بە چەند گرێبەستێکی گەورە ریزەکانی تیپەکەی بەهێزتر بکات بەتایبەت، کە تەمەنی کەریم بنزێما بەرەو هەڵکشانە و تاوەکو ئێستاش گرێبەستەکەی نوێنەکردووە.

بەپێی سەرچاوەکان داهاتووی فیلێکس لەگەڵ ئەتلەتیکۆ مەدرید لەسەر داهاتووی دیێگۆ سیمیۆنی راهێنەری یانەکە وەستاوە بەتایبەت، کە لە ماوەی رابردوودا پەیوەندییەکانی راهێنەر و یاریزانەکە تێکچوو و ئەوەش بووە هۆکاری رۆیشتنی فلێکس لە یانەکە.

# فوتساڵی دووکان ئامانجی گەورەی هەیە

تیپی فوتساڵی یانەکەی دووکان کە سەرجەم یاریزانەکانی ئەم تیپە لە ئەکادیمیای تیپەکەوە پەروەردە کراون و ئامادەکراون بۆ خول و پاڵەوانیەتییەکانی داهاتوو، تیپەکە بەردەوام لە ئامادەکارییە بۆ بەشداری کردن لە خولی فوتساڵی کچانی یانەکانی کوردستان کە بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا یارییەکانی بەڕێوە بچێت، دووکان لە گرووپی یەکەمدا بەرامبەر هەریەك لە یانەکانی (ئافرەتانی هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، زاخۆ) یاری دەکات، دەیەوێت یەکێك بێت لە تیپە سەرکەوتووەکان بۆ قۆناغی دووەم، لەبارەی ئامادەکاریی تیپەکەش (تانیا ئەحمەد) ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی کچانی دووکان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان زۆر باشە و وەکو پێویستە، کە بە کۆمەڵێك کچە یاریزانانی فێرگەی دووکانەوە بەشداری لە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان دەکەین، ئامانجمان دروستکردنی یاریزانە بۆ داهاتوو، ئێمە ئەکادیمیامان هەیە و بە بەردەوامی مەشق و ئامادەکاریمان هەیە و پەنا بەخودا داهاتووش بۆ ئەو کچە یاریزانانەی یانەی دووکانە»، ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی کچانی دووکان گوتیشی: «دەمانەوێ لە خولەکەدا ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی یەکێك بین لە یانە ڕکابەرەکانی خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان لەم وەرزە، خولەکان تیپی بەهێزی تێدایە، ئەوەی لە سەرمان بێت بۆ سەرخستنی تیپەکە ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی تیپەکە بە بەهێزی دەربکەوێت لە خولی فوتساڵ، کچە یاریزانەکانیشمان هەموویان یاریزانی لاون و ئێمە ئامادەیان دەکەین بۆ ئەوەی بۆ داهاتووش سوودی زۆریان لێ ببینین، وەکو خۆشمان بەردەوام ڕاهێنانمان هەیە بۆ ئەوەی بۆ سەرجەم خول و پاڵەوانیەتییەکان ئامادەبین.



# ڕواندز هەوڵی ئەنجامی باشتر دەدات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی ڕواندز لەم وەرزەی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان لە قۆناغی یەکەمی خولەکەدا، سەرەڕای ئەوەی چاویان لە ئەنجامی گەورە بووە، بەڵام وەکو پێویست نەیانتوانی ئامانجی خۆیان بپێکن، لە قۆناغی دووەمی خولەکەش کارگێڕیی یانەکە بڕیاریدا بە هێنانی (فازڵ عەباس) وەکو ڕاهێنەری تیپەکە بۆ ئەوەی بتوانن لەم قۆناغە تیپەکە هەڵسێننەوە، لە کۆی ئەنجامدانی ١٢ گەڕیش یانەکە خاوەنی ١٠خاڵە و لە پلەی شازدەهەم دێت، لەبارەی بارودۆخی تیپەکەش سەرهەد حاجی سەلام سەرۆکی یانەی وەرزشی ڕواندز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە قۆناغی یەکەمدا ئەنجامەکانمان وەکو پێویست نەبوو، بۆ قۆناغی دووەمیش یانەکەمان بە پلان و بەرنامەی نوێوە هاتووەتەوە مەیدان و ئامادەکاریی باشمان کردوە و ڕاهێنەرێکی بە ئەزموونمان هێناوەتە یانەکە، جگە لەوەش چەند یاریزانێکی بەتوانامان هێناوەتە ڕیزی یانەکە، بە مەبەستی باشترکردنی ئەنجامی تیپەکەمان و خۆڕزگارکردن لە ناوچەی دابەزین تا بچینە خانەکانی پێشەوە»، سەبارەت بە کێشەی یانەکەشیان سەرهەد حاجی سەلام گوتی: « کێشەی ئێمە زیاتر داراییە، یانەکەمان هیچ داهات و خەرجییەکی سەربەخۆی نییە، ئەوەی هەیە پاڵپشتیی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و کاك هەڵگوردە، کە ئەوەش تیماری کێشە داراییەکانی یانەکەمان ناکات، بۆیە مانگانە تووشی گرفتی دارایی دەبین، ئەوەی تا ئێستا کردوومانە هەمووی بە قەرز بووە، کە خۆم لە سەرمایەداران وەرم گرتووە، سەرەڕای هەموو کێشەکانیشمان خۆم و ستافەکەم ڕێگەمان نەداوە تیپەکە پەکی بکەوێت، بەڵێنیش دەدەین یانەی ڕواندز بکەوێتە سەر پێی خۆی لە یارییەکانی داهاتوودا.



# قەڵادزێ چاوی لە ئەنجامی باشترە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی قەڵادزێ ئەم وەرزە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستاندا بەهیوای ئەوەیە بتوانێت، ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت بۆ گەیشتن بە ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، تیپەکە لە کۆی ئەنجامدانی ١١ یاری خاوەنی ١٧خاڵە و لە پلەی حەوتەم دێت، یانەکە بەفەرمی بۆ ئەم چەند یارییەی ماوە ڕەمزی ساڵحی ڕاهێنەری پێشووی یانەی سەیدسادقی کردووەتە ڕاهێنەر، لەبارەی ئامادەکاریی تیپەکەش بۆ یارییەکانی داهاتوو (ڕەمزی ساڵح) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەرنامەی من ئەوەیە بۆ چەند یارییەی ماومانە ڕەوشی تیپەکە چاك بکەم، ئەم تیپە لە ڕووی دەروونییەوە باش نییە، جگە لەوەش کارم کردووە لەسەر ڕۆحییەت و یەکگرتوویی تیپەکە، ئامانجی ئێمەش ئەوەیە کە بتوانین لە ڕیزبەندی پێشەوەی یانەکان بمێننەوە، لەو یارییانەش ماومانە زیاتر بجەنگین بۆ بەدەستهێنانی سی خاڵی یارییەکە، تا بتوانین ئەم تیپە بگەیەنینە ڕیزی یانە نایابەکانی کوردستان»، لەبارەی گرفتەکانی یانەکەش ڕەمزی ساڵح گوتی: «هیچ کێشەو گرفتێك لە تیپەکەدا نییە، تەنیا لە ڕووی ڕۆحیەتەوە کێشەیان هەیە، جگە لەوەش توانای جەستەییان وەکو پێویست نییە، پەنا بەخودای گەورە ئەو گرفتەش چارەسەر دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین تیپێکی بەهێز دروست بکەینەوە و ئامانجی باشترمان هەبێت بۆ یارییەکانی داهاتوو، ئەوەی لەتواناشماندا بێت لە خزمەتی یانەکەدا دەبین».





# زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی جیهان بە سەرئێشەوە گرفتارن!

ڕاپۆرتە پزیشکییە جیهانییەکانی ساڵی ٢٠٢٠ لە ئەنجامی ٣٥٧ لێکۆڵینەوەدا جەختیان کردووەتەوە کە نیوەی دانیشتووانی جیهان بەدەست جۆری جیاوازی سەرئێشەوە دەناڵێنن، هەروەها ئافرەتان زیاتر لە پیاوان تووشی سەرئێشە دەبن، بەم شێوەیە: ١٤٪ شەقەسەر، ٢٦٪ گرژە سەرئێشە Tension headache، ڕێژەکانی دیکەش بە جۆری دیکەی سەرئێشەوە گرفتارن. سەرئێشە بریتییە لە هەستکردن بە ئازار لە ناوچەی سەر یان دەموچاودا، باوترین هۆکارەکانی سەرئێشە: هەڵامەت، ئەنفلوەنزا، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش(تا) لەبەر هەر هۆکارێك، گرژبوونی ماسوولکەکانی شان و مل، سترێس، گرفت لە بینیندا، نارێکیی کاتی ژەمەکانی خۆراك، کەم خەوتن و زیاد خەوتن، کەم خواردنەوەی ئاو و شلەمەنی، زیاد بەکارهێنانی دەرمانی دژەئازار، سووڕی مانگانەی ئافرەت، هەروەها وەستانی یەکجارەکی سووڕی مانگانە Menopause.



# گرنگیی مادده دژەئۆکسانەکان بۆ پێست

مادده دژەئۆکسانەکان Antioxidants سوودی زۆریان بۆ پێست هەیە، گەلێك لە ئاوێتەکانی گرنگیدان و جوانکاریی پێست یەکێك یان زیاتر لەم ماددانە لەخۆدەگرن، بە مەبەستی پاراستنی تەندروستیی پێست. مادده دژەئۆکسانە گرنگەکان بۆ پێست بریتین لە: ڤیتامین E ،C ،A، لەگەڵ کانزای سیلینیۆم، زینك، کۆپەر، پۆلیفینۆلەکان Polyphenols، هەروەها کارۆتینۆیدەکان Carotenoids وکو بیتا کارۆتیین، لیوتین، لایکۆپێن. جگە لەوەی کە ئەم دژەئۆکسانانە لە خۆراکەوە دابین دەکرێن، گەلێك ئاوێتە لە بەردەستدان کە هەندێك لەم ماددانە لەخۆدەگرن، جا بە شێوەی یاریدەدەر لە ڕێگەی دەمەوە یان وەکو گیراوە، مەرهەم یان کرێم کە ڕاستەوخۆ بۆ گرنگیدان بە پێست بەکار دەهێنرێن. سوودی دژەئۆکسانەکان بۆ پێست بیتییە لە: کەمکردنەوەی کاریگەریی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی لەسەر DNAی خانەکانی پێست، هێشتنەوەی شێداریی پێست، هاندانی دروستبوونی پرۆتینەکانی کۆلاجین و ئیلاستین Elastin، کەمکردنەوەی لۆچبوون و پنتی تاریك لە پێستدا، هاندانی زووتر چاکبوونەوەی پێست پاش هەر برین و زیانێك بەهۆی هاندانی نوێبوونەوەی خانەکانی پێست، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن، لەگەڵ نەرمکردنەوەی پێست.

# سوودەکانی کاکاو بۆ مێشک

لە لێکۆڵینەوەیەکی بەریتانی لە زانکۆی پێرمینگهام هاتووە کە خواردنەوەی کاکاو Cocoa هاندەرە بۆ خێراتر بیرکردنەوە و ئەنجامدانی باشتری چەند چالاکییەکی تایبەتی دیکەی مێشک. لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژە بەمەش کراوە کە هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کاکاو دەوڵەمەندە بە مادده دژەئۆکسانەکان لە کۆمەڵەی فلاڤانۆلەکان Flavanols کە بە بڕی دیاریکراو لە گەلێک سەوزە و میوەدا هەن، هەروەها کاکاو بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین سەرچاوەکان دادەنرێت بۆ پۆلیفینۆلەکان Polyphenols کە ڕۆڵیان هەیە بۆ باشترکردنی سووڕی خوێن و ئاستی ئۆکسجین لە شانەکانی مێشکدا لەگەڵ باشکردنی مەزاج، کەمکردنەوەی سترێس و هاندانی هێوربوونەوە، سووککردنی نیشانەکانی خەمۆکی، سووککردنی نیشانەکانی نەخۆشیی ئەلزهایمەر و پارکینسۆن. جگە لە سوودەکانی بۆ تەندروستیی مێشك، کاکاو ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، هاوکات لەگەڵ دابەزاندنی پەستانی خوێن، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵ، لەگەڵ ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، کەمکردنەوەی ئەگەری نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك.





# پەتاتە و نەخۆشیی شەکرە

خواردنی پەتاتە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە زیاد دەکات، بەڵام چۆن؟ لە ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە چۆنیەتی ئامادەکردنی پەتاتە زیاتر ڕۆڵی هەیە بۆ زیادکردنی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، بۆنموونە پەتاتەی کوڵاو لە ناو ئاودا بەبێ زیادکردنی هیچ ماددەیەکی دیکە، یان کوڵاندنی لە ناو فرنیدا Baked هیچ کاریگەرییان نییە بۆ زیادکردن، یان کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە، بەڵام سوورکردنەوەی پەتاتە لە ناو زەیتی زۆر گەرمدا Deep fry یان پەتاتەی هەویرکراو Mashed لەگەڵ کەرە یان ماددەی دیکە، هەروەها جیبسی پەتاتە، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە زیاد دەکەن. خواردنی پەتاتە بەم شێوەیە واتە بڕێکی زۆری نیشاستە و کاربۆهیدرات لەگەڵ بڕی زیادی چەوری، کە هانی لەش دەدەن بۆ زیاتر بەرهەمهێنانی هۆرمۆنی ئینسۆلین بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن، هەروەها لەکاتی زیاد خواردنیان دەبنە ئەگەری زیادبوونی کێش لە دەوری سکدا، ئەمەش سەلمێنراوە کە کۆبوونەوەی چەوری لە ناوچەی سکدا (کەرش) هۆکارە بۆ پەیدابوونی بەرگریی خانەکانی لەش بەرانبەر بە هۆرمۆنی ئینسولین Insulin resistance کە هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم.



# پاراستنی تەندروستیی ئێسک لە منداڵدا

پاراستنی تەندروستیی ئێسك لە منداڵدا گرنگیی زۆری هەیە بۆ بیناکردنی ئێسکی پتەو و پاراستنیان لە شکان، چونکە زۆربەی هەرە زۆری پتەویی ئێسك لە تەمەنی منداڵی و نەوجەوانیدا بنیاد دەنرێت، واتە لەوکاتەی کە ئێسك لە قۆناغی گەشەکردندایە. هەنگاوەکانی پاراستنی تەندروستی و پتەویی ئێسك بیتییە لە: خۆراکی دەوڵەمەند بە کالسیۆم و ڤیتامین D، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی ڕۆژانە. دابینکردنی بڕی پێویستی ڕۆژانەی کالسیۆم بە شێوەی٧٠٠ ملگم بۆ تەمەنی ١-٣ساڵی، ١٠٠٠ ملگم بۆ تەمەنی ٤-٨ ساڵی، هەروەها ١٣٠٠ ملگم بۆ تەمەنی ٩-١٨ ساڵ. جگە لە کالسیۆم، مەگنسیۆم و ڤیتامین D لەگەڵ ڤیتامین K گرنگن بۆ بیناکردن و پتەویی ئێسك، کە پێویستە لە خۆراکەوە دابین بکرێن، وەکو شیر و بەرهەمەکانی، پاقلەمەنییەکان، دانەوێڵەی تەواو، سەوزە گەڵا تاریکەکان، بڕۆکۆلی، سپێناغ، قەرنابیت، کەلەرم، باوی، فستقی سودانی، هێلکە، گۆشت، ماسی، هاوکات لەگەڵ خۆدانە بەر تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر بۆ ماوەی ٥-١٠ خولەك بەلای کەم هەفتانە سێ جار. جگە لە خۆراك، مەشقی وەرزشی ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆ پاراستنی تەندروستی و پتەویی ئێسك و ماسوولکەکان.

# چۆن پەستی دەبێتە هۆی ئارەقەی شەوانە؟



لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە پەستی دەبێتە هۆی ئارەقەی شەوانە Night sweats، بەڵام دەتوانرێت کە بە پەیڕەوکردنی چەند هەنگاوێك ڕێگای لێبگیرێت. ئارەقەی شەوانە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر خەو و هۆکارە بۆ خەوزڕان، بەهەمان شێوە ئارەقەی شەوانە کە جگە لە پەستی گەلێك هۆکاری تری لەپاڵە، خەو تێکدەدات و دەبێتە هۆی خەوزڕان کە پێی دەووترێت پەستی سەبارەت بە خەوزڕان Anxiety about insomnia، واتە حاڵەتەکە دەبێتە ئەڵقەیەکی نەپچڕاو. هەنگاوەکانی خۆپاراستن: ئەنجامدانی مەشقی هەناسەی قووڵ، هەواگۆڕیی ژووری نووستن لە ڕێگای کردنەوەی پەنجەرەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بەکارهێنانی (کەمادەی) سارد لەسەر نێوچەوان یان مل، هەڵبژاردنی جلی فراوان و سووك بۆ خەوتن کە لەو جۆرە قوماشانە دروستکرابن کە ڕێگا بە هەواگۆڕی دەدەن Breathable، وەرگرتنی دوشێکی ساردی خێرا یان تەنیا شووشتنی سەر و مل بە ئاوێکی فێنك، گۆڕینی یاتاغی نووستن بە جۆرێکی گونجاو کە ماددەی نایلۆن یان پۆلیستەر لەخۆنەگرێت، دوورکەوتنەوە لە ورووژێنەرەکانی ئارەقەکردن وەکو خۆراکی تیژ و شلەمەنییە کافائینی و ئەلکهولییەکان، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان، ئەنجام نەدانی مەشقی وەزرشی لە کاتێکی نزیك کاتی نووستندا، هەروەها ڕێکخستنی پلەی گەرمیی ژووری نووستن بە بەکارهێنانی گەرماپێو کەلە نێوان ١٥,٥ -١٩,٥ پلەی س□لسیەسدا بێت.

# هەموو شتێک سەبارت بە هۆرمۆنی خەو

میلاتۆنین Melatonin کە بە هۆرمۆنی خەو یان هۆرمۆنی تاریکی یان بە هۆرمۆنی دراکیولا ناسراوە، لە شانەکانی مێشکدا بەرهەم دەهێنرێت، بە کاردانەوە بەرانبەر بە تاریکی واتە لەکاتی شەودا. میلاتۆنین ڕێکخەرە بۆ ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش Circadian rhythm لە هەر ٢٤ کاتژمێرێکدا. ملیۆنان کەس لە سەرتاسەری جیهاندا میلاتۆنین بە شێوەی دەنك بۆ هاندانی خەو یان چارەسەرکردنی خەوزڕان بەکاردەهێنن. پسپۆران جەخت دەکەنەوە کە بەکارهێنانی میلاتۆنین بۆ هاندانی خەو تەنیا بۆ خەوزڕانی سووك یان کورتخایەن سوودبەخش و بێ زیانە، بەڵام بەکارهێنانی میلاتۆنین بۆ چارەسەرکردنی خەوزڕانی درێژخایەن لەوانەیە کە هێندە کاریگەر نەبێت. جگە لە خەوزڕان، دەنکی میلاتۆنین سوودبەخشە بۆ چەند حاڵەتێکی تایبەتی دیکە وەکو: ناڕەحەتی لە کاتی سەفەری دوور بە فڕۆکە Jet lag بە شێوەی تێکچوونی خەو و هەستکردن بە ماندووبوون لە کاتی ڕۆژدا، دواکەوتنی قۆناغی نووستن، بیداربوونەوە Sleep-wake up، چەند گرفتێکی تایبەتی خەو لە منداڵاندا، هەروەها پەستیی پێش و پاش ئەنجامدانی نەشتەرگەری، کە تووشی نزیکەی ٨٠٪ی نەخۆشان دەبێت و کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر کوالێتی خەو.



# جانتای سەفەر و سکۆتەر

کاتێك گەشت دەکەی بۆ وڵاتێك، جار هەیە مەودای دابەزین لە فرۆکە تا شوێنی ڕۆیشتن بۆ شار زۆرە و دەبێت جانتاکەت بەدوای خۆتدا رابکێشی. بەڵام بەهۆی جانتای گەشت لە جۆری Airwheel ئیدی جانتاکە تۆ بەدوای خۆیدا رادەکێشێ و دەکرێت سواری بی و بە خێرایی هەشت کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا دەڕوات، سەرەڕای بارێکی ٨٠ کیلۆیی خاوەنەکەشی هەڵدەگرێت.

جانتای ناوبراوگەلێك تایبەتمەندی دیکەشی هەیە وەك:

- قفڵی سمارت، واتە داخستن لە ڕێگای مۆبایل یا کارت و کۆدی تایبەت.
- شاشەیەك بۆ نیشاندانی وزەی باتری و کێشی بارەکە.
- شەحنکردنەوەی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان وەك مۆبایل و کامێرا.
- سپیکەری بلووتووسی کە دەکرێت بەهۆیەوە گوێ لە مۆسیقا بگری.
- جانتاکە لە ئەلۆ مینیۆ می سووك و پتەو دروستکراوە.






# چاودێری تەندروستیت

ئەوانەی لە نیوەی سەدەی رابردوودا ژیاون دەزانن کۆمپانیای سیتیزن (citizen) لە ریزی براند و مارکە بەناوبانگەکانی بەرهەمهێنەری کاتژمێرە. لەدوای ئەوەی کاتژمێری زیرەك پەرەیان سەند و گشتگیر بوون، کۆمپانیای ناوبراو لە بواری بەرهەمهێنانی کاتژمێری زیرەکیشدا خۆی تاقیکردەوە. بۆیە لە پێشانگای ساڵانەی CES2023 بە کاتژمێرێکی زیرەك بەشداری کرد کە لە ریزی کاتژمێرە ناوازەکان دێت.

کاتژمێری زیرەکی CZ Smart PQ سەرەڕای ئەوەی چاودێری لێدانی دڵ دەکات، توانای پێوانی رێژەی ئۆکسیجینی ناو خوێنی هەیە و لەگەڵ هەردوو سیستەمی iOS و android دەگونجێت. کاتژمێری



# یەکەم ماوسی ئۆرگۆنۆمی ستوونی

ماوسی DeLUX Seeker یەکەم ماوسی ئۆرگۆنۆمی ستوونی وایەرلەیسە. ماوسەکە شاشەیەکی جۆری OLEDی لەسەرە کە لە شاشەکەدا دەتوانی خێرایی و کارکردی ماوسەکە ببینی. دوو گۆی سکرۆلی هەیە یەکێکیان لەلای راست و یەك لەلای چەپ. لەیەك کاتدا ماوسەکە لەگەڵ چوار ئامێر پەیوەند دەدرێ. سێ




## بەو کاتژمێرە بسپێرە

ناوبراو نوێترین تەکنەلۆژیای (ناسا)ی تێدایە. تەکنەلۆژیای ناسا بەو سیستەمە دەگوترێت کە لەلایەن (ناسا)وە ڕێگەی پێدراوە بۆ تاقیکردنەوە لەسەر کەشتیوانەکانی ئاسمانی.

کاتژمێرەکەی سیتیزن دوو جۆری هەیە، وەرزشی بە قەوارەی ٤١ و ٤٤ ملم، و کاتژمێرێکی ئاسایی. بە هەر شەحنکردنەوەیەك هەتا ٢٤ کاتژمێر پێویستی بە شەحنکردنەوە نییە. بیرگەیان ١ گیگایە و داتاگەیان ٨ گیگابایتە. تایبەتمەندییەکی کاتژمێرەکە ئەوەیە کە لەکاتی ماندووبوون و بێ تاقەتیدا بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە.




شێوازی پەیوەندی دانی هەیە وەك بلوتوس و وای-فای و وایەر. دیارە دوگمەکان هەموویان ڕێك دەخرێن و ئاڵوگۆڕ لە فەرمانەکانیان دا دەکرێت. جگە لەوەش دۆشەکچەی ژێر ماوسەکە شەحنکەرەوەی ماوسەکەیە. دیزاینێکی ناوازەی هەیە و گلۆپی LED تێدایە کە دەکرێت ڕەنگی گلۆپەکان بگۆڕدرێ.




## دۆزەرەوەی ڕێگا و GPS بۆ پایسکل

هەرچەندە لەم هەرێمەی ئێمەدا ڕۆیشتن بە پێی و بە پایسکل نەبۆتە باو، ئەگینا لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو، بە پایسکل ڕۆیشتن نەك بۆ مەودایەکی کەم بەڵکو بۆ مەودای دەیان کیلۆمەتریش هەر پایسکل دەڕۆن.

پایسکل وەك ئۆتۆمبیل سیستەمی GPS نییە، بۆیە ون بوون و دۆزینەوەی ڕێگاکان بۆ کەسی ناشارەزا زۆر دژوارە. بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە پایسکل و تەنانەت پیادەش سیستەمی GPSیان هەیە. ئامێری Beeline Bike GPS - Velo 2 تایبەتە بە پایسکل. ئامێرەکە پێکهاتووە لە شاشەیەکی بازنەیی و قەوارەکەی هەندێك لە کاتژمێرێکی دەست گەورەترە. بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێ و نەخشەی هەموو جیهان لەخۆی دەگرێت. ڕۆیشتن و ئاراستەکان بە بەکارهێنەرەکەی نیشان دەدا. ئەو مەودایەی بە پایسکل ڕۆیشتووی لە مۆبایلەکەدا نیشاندەدا و دەکرێت هاوبەشی بکەی لەگەڵ دۆستانت. ئەگەر هەڵە یا لاڕێ بڕۆی دەست بەجێ زەنگ لێدەدا بەکارهێنەرکەی ئاگادار دەکاتەوە. مەودای ڕۆیشتوو و مەودای ماوە لەسەر شاشەکە نیشان دەدرێ. شەحن دەکرێتەوە هەتا ١١ کاتژمێر شەحنەکەی دانابەزێت.

## گوارەی ئایەرباد



لەیەکەم نیگا و سەرنجدا هەست بەوە دەکەی جووتێك گوارەن کە بە مرواری رازێندرابنەوە. بەڵام لە راستیدا بەتەنیا گوارە نین بەڵکو جووتێك ئایربادن. ئەم گوارە ئایەربادانە بەرهەمی کۆمپانیای Nova Audioن. کە بە جووتە گوارەی H1 ناسراون. دوو بڵندگۆ لە پشتی مرواریيەکان دەبیندرێن بۆ گواستنەوەی و هێنانی دەنگ. شایانی ئاماژە پێدانە مرواریيەکان راستین.

ئایەربادی ناوبراو دەنگە دەنگی دەرەوە ناسڕنەوە، بەڵکو بەکارهێنەر لەگەڵ ئەوەیدا کە گوێ لە گۆرانی دەگرێ، گوێی لە دەنگی دەرەوەش دەبێ، بۆ ئەوەی ئەگەر لەگەڵ یەکێك بخاوێت یان بە رێگادا بڕوات و گوێی لە دەنگی دەوروبەری خۆی بێت. کاتێك شەحن دەبنەوە هەتا ٣,٥ شەحنی دانابەزێت. کەیسی شەحنکرنەوەشیان رێك وەك قوتووی زێڕو شتی گرانبەها وایە. کێشی جووتە گوارەکە سەرووی دوو مسقاڵن.



## ئاگادارییەک بۆ ئـــــــــــ

ئێستا کامێرای چاودێری هەر لە دوکان و مارکێت و شوێنە هەستاری و ئەمنییەکان نابیندرێ، بەڵکو زۆربەی ماڵەکانیش لەبەر دەرگای حەوشەکەیان و تەنانەت لە ژوورەکانیشیان کامێرای چاودێری دادەنێن.. گرنگ و سوودی کامێرای چاودێری ئەوە گشت لایەك دەیزانێت. بەڵام ئاگادارییەك بۆ ئەوانەی کە کامێرای چاودێری کۆنیان هەیە واتە



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، ئایا دەکرێت تەنیا دەق لە لاپەڕەیەکی ئینتەرنێت کۆپی بکەم و لەسەر پرۆگرامی word دایبنێم؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز دەکرێت لاپەڕەیەکی بەتەواوی تەنیا دەقەکەی، یان تەنیا وێنەکانی لەسەر فایلێکی word دابنێی. بۆ ئەمەش سەرەتا دەبێ ئەو لاپەڕەی مەبەستتە بە داگرتنی دوو دوگمەی ctrl+A دیاری بکە. پاشان فایلێکی word بکەوە، دواتر راستەوخۆ بە دوو دوگمەی ctrl+V مەیلکێنە، بەڵکو کلیك راست بکە و چەند هێمایەك بۆ لکاندن نیشان دەدرێن. یەکێك لەو هێمایانە تەنیا وێنەکان دەلکێنێت و دەقەکان نالکێنێت، یەکێکیان تەنیا دەق دەلکێنێت و وێنەکان ناهێنێت. هەروەها فەرمانێکی دیکەیان دەقەکە دەلکێنێت، بەڵام بەو فۆنتەی کە لەسەر wordەکەت دیاریت کردووە.

## پەنجەکانت بە پاوەربانک گەرم بکەوە




ئەوانەی لە وەزری زستاندا لە سەر سنوورەکان و لە شاخ دەژین، دەزانن یەکەم ئەندامی لەش کە تووشی سەرمای سەخت دەبێت و دەتەزێت، پەنجەکانە. پەنجەوانەکان بۆ گەرمکردنەوەی پەنجەکان زۆر گرنگن، بەڵام ناگەنە سوپایەکی بچووك کە لە پەنجەکاندا جێگای بێتەوە!

پاوەربانکی جۆری OCOOPA لە راستیدا گەرمکەرەوەیەکی پەنجەکانە و توانای دە هەزار میلی ئامپێری هەیە. بەهۆی ئەوەوە دەکرێت هەتا ١٥ کاتژمێر پەنجەکانت گەرم بکەیەوە. گەرماکەی سێ پلەی هەیە. پلەی گەرمای دەگاتە ٥٥ پلەی گەرمی. پاوەربانکەکە کێشی کەمە و قەوارەی بچووکە. لە کاتی ئاساییدا دەکرێت دوو مۆبایلی زیرەك بەتەواوی شەحن بکاتەوە.



# ــــــــــەوانەی سوود لە کامێرای چاودێری وەردەگرن

ئەوانەی هی ساڵی ٢٠٠٠ هەتا ٢٠١٥ن، پێویستە کامێراکانیان بگۆڕن. چونکە IP کامێراکانیان ئاشکرایە و کۆمپانیای بەرهەمهێنی کامێراکان چیتر پشتیوانی لە کامێرای کۆن ناکەن. بەشێك لە ماڵپەڕەکانی تایبەت بە کامێرای چاودێری بۆ نموونە ماڵپەڕی Insecam ئەو کامێرایانەی کردۆتەوە و بە ئاشکرا کامێراکان دەبیندرێن. نەك هی ناوچەیەکی دیاریکراو بەڵکو هی هەموو جیهانی تێدایە.. ئەگەر خۆت گومانت هەیە لە راستی و دروستی ئاگادارییەکە سەرێك لەو ماڵپەڕە بدە. تەنانەت ئەگەر کامێرای نوێشتان هەیە پێویستە پاسۆردێکی زۆر بەهێز دابنێن، وا بیرمەکەنەوە چونکە کامێرایە و پێویستی بە پاسۆردی بەهێز نییە، نەخێر ئەوانیش هەك دەکرێن و بە ئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێن.




## ماڵپەڕێک تایبەت بۆ دۆزینەوەی کتێب

لە ئینتەرنێتدا بە هەزاران ماڵپەڕی تایبەت بە کتێب و کتێبخوێندنەوە هەن، هەندێك لە ماڵپەڕەکان جگە لەوەی کتێب بەخۆڕایی دەبەخشن، هەندێك خزمەتگوزاری تایبەتیشیان تایبەت بە خوێندنەوە تێدایە، بۆ نموونە ماڵپەڕی findabooktoread.com لەم ماڵپەڕەدا جگە لەوەی دەتوانی کتێبی دڵخوازی خۆت بدۆزیەوە، تایبەتمەندییەکی تێدایە لە هیچ کتێبخانەیەکی ئینتەرنێتدا نییە، ئەویش ئەوەیە، کتێبێکت خوێندۆتەوە، بەڵام نیازت هەیە کتێبێکی هاوشێوەی ئەو کتێبەی خوێندووتەوە بدۆزیەوە. لە بۆکسێکی تایبەتدا ناوی کتێبەکەی خۆت دەنووسی لە خوارەوە، چەندین کتێبت هاوشێوەی کتێبەکەی خۆت بۆ پێشنیار دەکا و کورتەیەکیش لە کتێبەکە و ناوەڕۆکەکەی باس دەکا.

## پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی سایز و ئەندازەی وێنەکان

بۆ مەبەستێکی تایبەت، ماڵپەڕ بێت یا کاری دیزاین و نەخشەسازی پێویستمان بە چەندین وێنەیە، بەڵام لەیەك قەوارە و سایزی دیاریکراودا، بۆ گۆڕینی ئەندازەی وێنەکان پێویستت بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ یا هاوشێوەی فۆتۆشۆپە. پرۆگرامی Light Image Resizer

هەمان ئەرك و کاری فۆتۆشۆپ ناکات، بەڵام لە گۆڕینی سایزی وێنەکان زۆر لە فۆتۆشۆپ خێراترە. لەو پرۆگرامەدا ئەو ئەرکە و زۆر ئەرکی دیکەش تەنیا بەیەك کلیك ئەنجام دەدرێت. بەهۆی ئەو پرۆگرامە دەکرێت فۆرماتی وێنەکان بە ئاسانی بگۆڕدرێ، بۆ کۆپیکردنی جیاواز لە وێنەکان سوودی لێوەردەگیردرێ. هەروەها دەکرێت وێنەکان لە پاڵیەك بپەسترێنەوە بۆ ئەوەی لە ئینتەرنێتدا قەوارەی زۆر هەڵنەگرێ. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە و تەنانەت ئەوانەی شارەزاییەکی ئەوتۆشیان لە کۆمپیوتەر نییە دەتوانن بە ئاسانی بەکاری بێنن.





# بۆیە و ڕەنگی نینۆکەکانت قەشەنگیی دەستت دەردەخات

بۆیە و ڕەنگەکانی نینۆك شێوەی دەست و مەچکەت ڕازاوە و قەشەنگ دەکەن، بەڵام خانمان کاتێك لە هەڵبژاردنی ڕەنگەکانی بۆیە دوو دڵ دەبن، ناتوانن یەکێکیان هەڵبژێرن و بەمەش بێزار دەبن، نازانن کامە بۆیە و ڕەنگ گونجاوە، تەنانەت هەندێ جار چەند جارێك بۆیەکردنەکە دووبارە دەکەنەوە تا بە ڕەنگە دڵخوازەکە دەگەن کە بە دڵیانە. لە ساڵی تازەدا چەندین ڕەنگ هەڵبژێدراون، تا خانمان لەو نیگەرانییە بە دوور بگرێت و بەر لە بۆیەکردن ڕەنگەکانیان لەبەرچاو بێت یان شارەزای ببن، ڕەنگەکانیش بریتیین لە: ڕەشی تۆخ، مۆدێکی ناوازەیە و بۆ کاتی دەرچوون و گەشت و زانکۆش گونجاوە. مۆر، ڕەنگێکی دیکەی ناوازەیە و بۆ ئاهەنگ و یادە و بۆنەکان لە پەنجە دەدرێت. دەتوانیت ڕەنگی شین هەڵبژێرێت کە ڕەنگی شینی دەریا و زەریاکانە، بۆ کاتی دانیشتن و میوانداری لە دەستتی بدەیت. پەمەیی کراوە، مۆدێکی ناسکە بۆ گەشت و دەرچوون و زانکۆ دەبێت. زەردیش ڕەنگێکی ناوازەیە بۆ گەشت و سەیران گونجاوە، ڕەنگی نیۆد ڕەنگێکی ناوازەیە بۆ سەردان و زانکۆ. ڕەنگەکانی سپی و سوور، مۆدێکی نایاب و کلاسیکن، لەگەڵ هەموو جلێك دەگونجێن.

# جوانی و پێویستی دیکۆری تەلەفزیۆن لە ماڵەکەتدا

لە دیکۆری ماڵەکەتدا، گشت کەرەستە و کەلوپەلەکان مایەی جوانین و سەرنجی خۆیان دەبەخشن، بەتایبەت ئەگەر کەرەستەکانت بە جوانی و ڕێکی و لە شوێنی خۆیاندا بن، تەلەفزیۆن ئەو ئامێرە خۆشەویستەی کە لە هەموو ماڵێکدا ئەگەر سێ دانەی نەبێت، دووانی هەر هەیە، جگە لەوەی وەك ئامێرێکی سەیرکردن و کاتبەسەربردنە، هەروەها بەشێکی دیکۆری ماڵە، بەهۆی ئەوەی پانتایەکی زۆر بە قەبارە و دیمەنی وێنەکانی و مێزکۆمێدەکەی دڵڕفێن و ناوازە دەردەکەوێت، جاران تەلەفزیۆن لەسەر مێزێکی بچووك دادەنران، بەهۆی ئەوەی قەبارەی تەلەفزیۆنەکانی ئێستا گەورەترن، بۆیە پێویستی بە مێزێکی نزم و دیکۆرێکی لاتەنیشتیەوە هەیە، کە لە دەوروبەریدا بێت، بۆ ئەوەش مەرکانەی گوڵ و پەیکەری بچووك دادەنرێن، هەندێك جاریش لە دیوار دەدرێت کە پێویستی بە ڕەفێکی بچووکە تاوەکو کەرەستەی لەگەڵدا دابنرێت، هەوڵ بدە مێزکۆمێدی تەلەفزیۆنەکەت لە دار بێت کە ڕەنگی جیاوازبێت لە ڕەنگی تەلەفزیۆنەکەت، تاوەکو جوانییەك ببەخشێت، تەلەفزیۆنەکان پێویستە لە هۆڵی میوان و پێشوازی و چێشتخانە بن، هەوڵدە لە ژووری نووستننت تەلەفزیۆن نەبێت تاوەکو خەوت تێك نەدات، نابێت پشتی تەلەفزیۆن پەنجەرە بێت کە ڕووناکی پەنجەرەکە دیمەنی تەلەفزیۆن تێك دەدات، یان پەنجەرە بەرامبەری بێت کە ڕەنگدانەوەی دەرەوەی پەنجەرەکە لە نێو شاشەی تەلەفزیۆنەکەدا دەربکەوێت.




# شێواز و مۆدی تەسریحەی بووک

ئارایشت و تەسریحەکانی بووك لە ساڵی تازەدا، بە چەندین شێواز و جۆر هەن، هەر یەکێك لەو مۆدانە دەبنە ئارایشتی دڵخوازی خانمان، ئارایشتی خاو، ئەوەی بە کلکی ئەسپ ناسراوە، یەکێکە لە باوترین مۆدەکانی ئارایشتی قژ، کە بە شێوەیەکی کلاسیك ناسراوە و ماوەی پێنج خولەکی دەوێت تا ئامادەی بکەیت، بۆیە لە سەرەتای ساڵی تازەدا بە جوانترین و شایستەترین مۆدەکانی قژی خانمانی بووك دادەنرێت. ئارایشتی نیو بەستراو: مۆدێکی دیکەی ئارایشتی خانمانی بووکە، بە مۆدێکی ڕۆمانسی دادەنرێت و زۆربەی کچانی ئەکتەر ئەو شێوازە دەبەستن، بۆ هەموو شێوەی ڕووخسارێك دەبێت، کە نیوەی قژ دەبەسترێت و ئەوەی دیکە هەڵدەگیرێت بەرەو پشتەوەی سەر. ئارایشتی هەڵگیراوی شێوەی کێك: بە مۆدێکی نایابی ئارایشت دادەنرێت، بۆ هەموو بۆنە و یادەکان دەبێت، بریتییە لە هەڵگرتنی قژ بەرەو دواوە و لەوێشەوە بە شێوەی کێك دەبەسترێت و بەشەکەی دیکە بە خاوی دەکەوێتە سەر شان و پشت.

ئارایشتی کاریێ: بۆ ئەو خانمانە گونجاوە کە قژیان کورتە و ناتوانن مۆدەکانی دیکەی لەسەر جێبەجێ بکەن، بە شێوەی کلاسیك ناسراوە، بۆ هەموو جۆرە قژێکی کورت دەبێت، بەڵام پێویستە ماکیاژەکەتی لەگەڵ شیك بکریت. دوا شێوازی تەسریحە، ئارایشتی بەستراوی درێژ: مۆدێکی تازەیە و بە یەکێك لە ئارایشتە سەرنجڕاکێشەکان دەناسرێت، لە بەشی سەرەوەی سەر دەبەسترێت و لە خوارەوە لە شێوەی کلکە ماسی خاو دەکرێتەوە و فراوان دەبێت، مۆدێکی ناسکە و سەرنجی هەمووان ڕادەکێشێت.







# حاویەی زبڵدان بۆ خانوو

لە داهاتوودا کەرەستەی خانوو تەنیا لە بلۆك و چیمەنتۆ و کۆنکریت نابن، بەڵکو کەرەستەی دیکە بەکاردەهێنرێن، ئەوو بیرۆکەیەی ئەندازیاری بەریتانی (جەیمس وایتکەیر) هاتۆتە کایەوە، کە توانیویەتی چەند نموونەیەك بنیات بنێت، چاکیی ئەو جۆرە خانووە لەوەدایە کە دەتوانیت بە ئارەزووی خۆت شوێنی نیشتەجێت بگوازیتەوە، یان لە شوێنێك بۆ ناوچەیەکی دیکە بیگۆڕیت. حاویەکان بە جۆرێك لە ناو یەکتر و لەسەر یەکتر دانراون، کە ڕووبەری خانووەکەی گەیاندووەتە (١١٢٤) مەتر دووجا، سەرەتای ئەو بیرۆکەیە لە ناوچەی (پارکی دارستانی جۆشوا) لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا هاتە ئاراوە، وا بڕیارە هەمان ئەو بیرۆکەیەش لە دارستانی ڕەشی وڵاتی ئەڵمانیا بنیات بنێن، کە بووەتە جێگەی سەرنجی خەڵك و گەشتیاران.





# پێڵاوی ئەڵماس بۆ بۆنە و ئاهەنگ و دیاری

بەبۆنەیساڵیادی هۆتێلی (رافلزی دوبەی)، سەیرترین دیارییان لەو هوتێلە ئامادە کردووە، دیارییەکە بریتییە لە پێڵاوێکی ئافرەتانەی لە زێر و ئەڵماس دروست کراو، پێڵاوەکە لە (١٠٠٠) پارچە ئەڵماس و پلاتین و زێڕی عەیار (٢٤) دروست کراوە. بڕی ئەڵماسەکە سێ قیراتە بۆ هەر پارچە ئەڵماسێك، کۆتایی نرخی ئەڵماسەکە دەگاتە (٤,٥) ملیۆن دۆلار، هەروەها دوو پارچە ئەڵماسی شین کە هەریەکەیان قیراتێکە ئەویش بایی دوو ملیۆن دۆلارە، جگە لەوەش چوار پارچە ئەڵماسی سپی بە کێشی سێ قیرات لەو پێڵاوەدا بەکار هێنراوە. دیزاینەری ئەو پێڵاوە کچێکە بە ناوی (دیبی وەینگهام)، کە توانیویەتی جگە لەو پێڵاوە ئەڵماسە چەندین کەرەستەی دیکەی گرانبەها دروست بکات، لەوانە: گرانترین کراس لە ئەڵماس و جوانترین عەبای زێڕ و کێکی ئەڵماس و زێڕ.

# گرووپێکی کوردستان یەکەمی سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست دەهێنن

**لە کوردستان گەنجانی داهێنەر زۆرن، هەریەکەیان بیرۆکە و پڕۆژەی جۆراوجۆریان هەن، گەر پشتگیری و کەرەستەی لۆجیستی و ئامادەکارییان بۆ بکرێت، داهێنانی جۆراوجۆر لە بوارە جیا جیاکاندا دەکەن، وەك ئەو گرووپەی بە ناوی (ئێڵ)، کە توانیویانە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست بهێنن لە پێشکەشکردنی پڕۆژەیەك بە ناوی ئەکوابۆت، کە ئامێرێکە دەچێتە قوڵایی ڕووبار و دەریا و دەریاچە و زێرابەکان و لە پاشماوە و شتی دژە ژینگە پاکیان دەکاتە، مزگین مەهدی یەکێکە لە ئەندامانی گرووپەکە بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:**



*** بیرۆکەی دانانی گرووپێکی زانستی و تەکنەلۆژی چۆن دروست بوو؟**

- ئەم گرووپە لە ڕێگەی کۆمپانیای هواوییەوە دروست بوو بە کردنەوەی پرۆگرامی (seeds for the future 2022) کە بە شێوەیەکی ئۆنلاین بوو بۆ ماوە هەشت ڕۆژ و هەر وڵاتێك چوار گرووپی هەبوو و هەر گرووپێك لە دە کەس پێك هاتبوون.

*** وەك ئەندامانی گرووپەکە چیتان تەواو کردووە و پسپۆڕیتان لە چیدا هەیە؟**

-بەشی زانستی کۆمپیوتەرم تەواو کردووە لە زانکۆی سۆران و هەموو ئەندامانی گرووپەکە پسپۆڕیەکانمان سەر بە فیلْدی ئایتی و کۆمپیوتەرە، وەك :

ڕێبەر عوسمان قوتابیە لە بەشی--Communication engineering- Sulaimany polytechnic university

حەوڕا شاهین دەرچووی بەشی-(database technology-) Sulaimany polytechnic university

یەحیا عدنان قوتابیە لە بەشی--Computer engineering Tishk international university

پەیمان فەتاح دەرچووی بەشی --Electrical engineering Salahaddin university

حەسەن عەبدولئەمیر- -Computer Science and Information Technology- Kerbala university

محەمەد عەبدولمونئمین- -Communication engineering - Ninavah university

*** چەند بیرۆکە و پرۆژەتان لە بەردەستە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و جیهان و ژینگە؟**


- پڕۆژەی دیکەمان لەبەردەستە بۆ ئەوەی کێشەکانی وڵات چارەسەربکرێن بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا، بۆ نموونە پاککردنەوەی ڕێڕەوەکانی ئاو لەژێر زەوی یاخود پاراستنی کارەبا بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا.

*** ئاستی ئایتی و تەکنەلۆژیا و زانست لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

- تاڕادەیەك بەرەو پێش چووە لەم ساڵانەی دواییدا، دەتوانین بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکارییە تەکنەلۆجیەکان ببینین بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە گەنجەکانمان زیاتر لایەنی بەکارهێنانی سۆشیال میدیایان هەڵبژاردووە وەك لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ چارەسەری کێشەکانمان.

*** چیتان پێویستە بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجەکانتان؟**

-ئەوەی هەموو گەنجێکی خاوەن بیرۆکە پێویستیەتی تەنیا پاڵپشتی لایەنی پەیوەندیدارە بۆ ئەوەی بیرۆکەکەی وەگەڕ بخات و لەگەڵیشی گەنجانی دیکە کاربکەن و سوود لە زانس و زانیار و تواناکانیانەوە بگرن.



*** چۆن بوو پلەی یەکەمی گرووپەکەتان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست هێنا؟**

- بیرۆکەکە هۆکار بوو بۆ ئەوەی کە پلەی یەکەم بەدەست بهێنین، ئەو بڕیاردەرانەی کە باشترین بیرۆکەیان هەڵبژارد، بیرۆکەی ئێمەیان نارد بۆ کۆتا هەنگاوی پێشبڕکێکە، چونکە بیرۆکەیەکی جیهانی بوو و بۆ پاراستنی ژینگە و جیهان بوو،بەم شێوەیە براوە بووین.



*** تاوەکو ئێستا هیچ کەس و لایەنێك پشتگیریی بۆ پرۆژە و بیرۆکەکانتان دەربڕیوە؟**

- وەکو پشتگیری مادی هیچ لایەنێك نەیوویستووە بەرهەمەکە دروستبکرێت و بخرێتە بازاڕی بازرگانییەوە، بەڵام هیواداریین حکومەت یەکەم لایەن و کۆتا لایەن بێت بۆ ئەوەی پشتگیری ئە کو ا بۆ ت بکات.





## کاریکاتێر



ئەم کاریکاتێرە باس لە سەرکۆنەکردنی خەڵکی ئاسایی دەکات، لە کاتێکدا مارێکی سێ سەر وەك ئابلۆقە و گرانی و پەتا و تیرۆریزم بە ئاسایی دێ و دەڕوات.



# کێکی ڕازاوە بە ڕستن و چنین

کچێکی وڵاتی هەنگاریا بە ناوی (جودیت چزینکا)، توانی جوانترین و سەیرترین کێکی چێنراو بە نەخشونیگار ئامادە بکات، وەك ئەو جۆرە نەخشانەی کە لە (سەرین و بەتانی و مافوور و مۆکێتەکان)دا هەن، هەمان ئەو نەخشونیگارەی لەسەر کێکەکان درووست کردووە، بەمەش بە نایابترین کێك دادەنرێن و بووە تە داوای زۆربەی خەڵك. نەخشونیگارەکە بە کرێم و قەڵەمێکی دەست دەنەخشێنێت، ماوەیەکی زۆریش خەریك دەبێت تا نەخشی سەر کێکەکانی تەواو دەکات.

## کتێب



**هەموو شتە ترسناکەکان - All the Dangerous Things**

لەلایەن نووسەری ئەمریکی ستەیستی ویلینگهام، لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ نووسراوە، نووسەر لە ڕۆژنامەی نیۆریوك تایمز کاردەکات و نووسەری چەند کتێبێکە وەك (a flicker in the dark، the minotaur sampler).
لەم کتێبەدا نووسەر باس لە کەسایەتییەك دەکات بە ناوی کاریسا، کە دەنگی خۆی لە دەنگێکی بەرزی ئافرەتانە بۆ دەنگێکی نزمی پیاوانە دەگۆڕێت، کتێبەکە لە جۆری ڕۆمان و مایستری و فیزیۆلۆجیکاڵە، لە ١٠ی مانگی یەکی ٢٠٢٣ کەوتووەتە بەر دەستی خوێنەران.

## یاسا



**ڕێکارەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی هەڵەی پزیشکی**

بەپێی ماددەی (٤) لە یاسای ماف وئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٢٠، کاتێك خودی نەخۆش لە دەرئەنجامی کاری پزیشکییەوە تووشی پەکەوتەیی دەبێت یان دەمرێت، ئەوا دەتواندرێ داوای ڕاپۆرتی هۆکاری پەککەوتەیی یان مردنەکەی بکرێت، لە کاتی بوونی گومان تێیدا، سکاڵاش بۆ وەزارەتی تەندروستی بەرز دەکرێتەوە و لە ماوەی حەوت ڕۆژدا لیژنەی لێکۆڵینەوە دەست بە کارەکانی دەکات و لە ماوەی سی ڕۆژدا لێکۆڵینەوەکانی بەکۆ تادەهێنێت. ڕاپۆرتی لیژنەکە ئاراستەی وەزیر دەکرێتەوە، تاکو لە ماوەی حەوت ڕۆژدا ڕێکاری کارگێری و یاسایی پێویست بگیرێتە بەر، وێنەیەکی ڕاپۆرتەکەش دەدرێتەوە بە زیانلێکەوتوو، ئەویش دەتوانێت بەو وێنەیە داوای مافی قەرەبوو لە دادگا بکات و پشتی پێ ببەسترێت. یەکێك لەو بابەتانەی کە لە ڕووی سەلماندنەوە قورس وگرانە و تووشی پارێزەران دەبێتەوە، بابەتی هەڵەی پزیشکییە، دەگوترێت عورفێك هەیە لە ژیانی پیشەییاندا کە وەك سوێندێك هەموو پزیشکێك پێوەی وابەستەن، ئەویش ئەوەیە کە هەردەم پشتگیری لە یەکتر بکەن. چالاکییەکی تری وەك پۆستکردن ئەنجام درابێت دەخاتەڕوو، کە ئەمەش لەهەندێ داوادا دەتواندرێت کەڵکی لێ بگیرێ.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

پێویستە پرۆژەی نوێ پێشکەش بکەیت و لە لایەنی پیشەییەوە هەنگاوێکی باشتر بنێیت، بەڵام بەر لە هەموو هەنگاوێك ئامادەکاری بکە، هێندە بە خێرایی چاوەڕێ مەکە بگەیتە کۆتایی پەیوەندیەکەت، چونکە هەندێك بابەت پێویستی بە کاتە بۆ چارەسەر.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لە لایەن بەرپرسەکانی کارەکەتەوە ستایش دەکرێیت، چونکە هەموو توانایەکی خۆتت خستووەتە کار، خۆشەویستەکەت زیاتر سۆزت پێ دەبەخشێت و کاتێکی ڕۆمانسی بەسەردەبەن،لە ڕووی تەندرووستییەوە سیستمی خۆراکی تەندروست پەیڕەوبکە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

کەمێك کارەکان ئاڵۆز دەبن، ئەمەش وا دەکات لەو هۆکارانەی بێزارت دەکات دوور بکەویتەوە، خۆشەویستەکەت پێویستی بە تۆ هەیە و پێویستە لە ئێستادا پشتیوانی بکەیت، باشترە گرنگی بە تەندروستیت بدەیت و خۆت فەرامۆش نەکەیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەمڕۆ چارەسەری بەشێك لەو کێشانە دەکەیت کە ماوەیەکە ڕووبەڕووت بووەتەوە، ڕێگەش مەدە ناکۆکی لەسەر هەندێك بابەتی بێبەها کارەکەت تێك بدات، هەندیك گرفت ژیانی سۆزداریت تێك دەدات، بەڵام کاتییە و زوو تێدەپەڕێت، تووڕەیی تەندروستیت تێك دەدات، ئەگەر وریا نەبیت.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**


چانسی نوێ دێتەبەردەمت، هەربۆیە هەوڵ بدە بوێرانە بە بێ ترس هەنگاوی نوێ بنێیت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت پەیوەندییەکی باشتان هەیە و ڕێز و سۆز پێکەوە دەتانبەستێتەوە، هەندێك کات حەوانەوە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی جەستەیەکی تەندروست هەبێت.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

هەرگیز باس لە کێشە تایبەتیەکانی ژیانی خێزانیت مەکە لەلای هاوپیشەکانت، چونکە هەمووان جێگەی متمانە نین، هەمیشە لە پەیوەندیی سۆزداریدا پشت بە ڕاستگۆیی ببەستە، چونکە هەنگاوێکە بۆ سەرکەوتن، ڕاهێنانی وەرزشی هەمیشە لەشێکی تەندروستت پێ دەبەخشێت.

## بۆ زانیاریت

# پەلکە زێڕینەی مانگ






وەك چۆن پەلکەزێڕینەی ڕۆژ لە كاتی باران و ئاسمانی ساماڵدا دروست دەبێت، مانگیش پەلکەزێڕینەی هەیە، کە پێی دەگوترێت خەرمانەی مانگ، ئەو دیاردەی پەلکەزێڕینەی مانگ "moonbow" دیاردەیەکی دەگمەنی دروستبوونی شێوە پەلکەزێڕینەیە لە شەودا، کاتێك ڕوو دەدات کە شکانەوە لە ڕووناکیی مانگدا ڕوو دەدات بەسەر دڵۆپە ئاوەکانی ناو هەواوە، بەگشتی moonbow لاوازترن لە پەلکە زێڕینەکانی و هەندێکجار بەسپی خۆیان دەردەخەن، ئەمەش بەهۆی بوونی دڵۆپە ئاوی کەمتر.

## پەند و وتە



هارڤێل هندریکس، نووسەری ئەمریکی خاوەن کتێبی the book getting love ناسراوە لە ساڵی ١٩٣٥ لە ویلایەتی جۆرجیا لە ئەمریکا لەدایکبووە، دەربارەی هاوسەرگیری دەڵێت: «هاوسەرگیری کیانێکی ڕۆشنبیرییە، لەسەر مرۆڤ فەرز دەکرێت، بەهۆی ئەوەی مرۆڤ سیستمێکی ئاوەزی نییە لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە خۆیان وا دەبیننەوە کە لە نێو بەندیخانەیەکی هاوسەریی بێزارکەردا دەژین.

## یاریی وێنە



لەم وێنەیەدا ئافرەتێك بەشێوەی سەراوژێر دەبینرێت، سەگەکەی لە خوارەوە بە ئاسایی وەستاوە، هەوڵ بدە هەڵەی وێنەکە دیاری بکەیت لە ماوەی (٣٠) چرکەدا.

## فیلم



### سووڕاندنی زێڕ - Spinning Gold

فیلمێکی ڕۆمانسی و سەرکێشییە، باس لە ژیانی کەسێکی ئاشق بە ناوی کازابلانکا دەکات، کە داهێنەری نینۆکەکانی بۆگارت و داهێنەری ماچەکان دۆنا سەمەرە، لەگەڵ خەڵکی گوندێك کە دژایەتی کارەکەیان دەکەن، ئەوانیش بەردەوام دەبن تاوەکو ئامانج و بەرهەمەکانیان لە گوندەکە بڵاو بکەنەوە، فیلمەکە لە مانگی ٣ی ئەمساڵ نمایش دەکرێت، لە وڵاتی ئەمریکا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی تیمۆتی سکۆت و نووسینی بایرۆن وێنەر، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٦ خولەکە، لە نواندنی: کەیسی لایکس، وینسلۆ فیێگلی، جێریمی جۆردن، پایتۆن لیست، ساموێل ئێل جاکسۆن، کایلی کاون-ە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بیرۆکەی نوێ پێشکەش دەکەیت و دەبێتە جێگەی ڕاکێشانی سەرنجی بەرپرسەکانت و متمانەی نێوانتان زیاد دەبێت، هەوڵ بدە خۆشەویستەکەت ئارام بکەیتەوە لە کاتی توڕەییدا، ئەم ماوەیە پێویست بە حەوانەوە هەیە، باشترە خۆت لە شیرینی بەدوور بگریت.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەوڵ بدە لەگەڵ هاوپیشەکانت هەمیشە یەکگرتوو بیت و کەشوهەوای کارکردن خۆش بکەیت و هەنگاو بۆ پرۆژەی نوێ بنێیت، خۆشەویستەکەت لە سۆز و میهرەبانی بێبەش مەکە، چونکە پێویستی بە تۆ هەیە، ئەم ماوەیە کەمێك پشوو بدە، چونکە جەستەت ماندووە و هەست بە ئازار دەکەیت.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لە ئێستادا لە کارەکەتدا هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، سەرەڕای بوونی پەستانێکی زۆر لەسەر شانت، هەوڵ بدە کەمێك کاردانەوەکانت بەرامبەر خۆشەویستەکەت کەم بێت، بەتایبەت کاتێك بابەتەکە شایەنی تووڕەیی نییە، ڕابردوو تێپەڕی، ڕێگەمەدە کاریگەریی لەسەر ژیانت هەبێت.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**


ئەمڕۆ زۆر چالاکانە ئەرکەکانت جێبەجێ دەکەیت و هەنگاوی نوێ دەنێیت، خۆشەویستەکەت متمانەی پێت هەیە و پێکەوە ئاسوودەن، ئەمەش وا دەکات زیاتر بیر لە داهاتوو بکەنەوە، کەمێك بوار بدە بە خۆت بحەوێیتەوە، بەتایبەت لە ڕۆژانی کۆتایی هەفتەدا.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**


هەندێك گۆڕانکاری لە کارەکەتدا ڕوو دەدات، بەڵام ڕێگە مەدە کاریگەریی لەسەر ئەنجام و بەرهەمەکانت هەبێت، لە ڕوی سۆزدارییەوە با ناکۆکییەکان زاڵ نەبێت بەسەر پەیوەندیی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەتدا، ڕەنگە ئەم ماوەیە تەندروستیت باش نەبێت، بەڵام کاتییە.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**


ئەمڕۆ ئاسوودە دەبیت لەگەڵ هاوپیشەکانت و کارەکانیشت جێگەی ستایشی بەرپرسەکانت دەبێت، ئەم ماوەیە لەگەڵ خۆشەویستەکەت ئاسوودە دەبیت و پێکەوە کاتێکی پڕ لە چالاکی و خۆشی بەسەردەبەن، هەوڵ بدە خواردنی شەکر کەم بکەیتەوە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا
## بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و
## (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە
## دوایین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
February 20, 2023 Issue,No.1354


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626